حکومەتی هەرێمی کوردستان  عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان / بەشی کوردی

# ( ئەنـــافـۆڕ لە زمــانی کــوردیــدا )

نامەیەکە

## ســـارا حسەین خالید مەعروف

پێشکەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان / سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا .

ســـەرپەرشـــت :

پ . د . فەرەیدوون عەبدول محەمەد

( 2713 ) ی کوردی ( 2013 ) ی زایین

**ئەم نامەیە (ئەنافۆر لە زمانی کوردیدا) بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانیی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.**

**ناو: پ .د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد**

ڕۆژ: / / 2013

**بە پێی ئەو پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو:**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

ڕۆژ: / / 2013

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێنکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە ، بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.**

**ناو:پ.ی.د. ئەبوبەکر عومەر قادر**
**ئەندام**
ڕۆژ: 9 / 9 / 2013

**ناو:پ.د. یوسف شریف سعید**
**سەرۆکی لیژنە**
ڕۆژ: 9/ 9 / 2013

**ناو:پ.ی.د. صباح رەشید قادر**
**ئەندام**
ڕۆژ: 9 / 9 /2013

**ناو:پ.د. فەرەیدون عبدول محمد**
**ئەندام و سەرپەرشتیار**
ڕۆژ: 9/ 9 / 2013

**لە لایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا.**

**ناو:د.کاوان عوسمان عارف**
**سەرۆکی سکوڵی زمان**
ڕۆژ: / / 2013

# پێشکەشە

- بە دوو مۆمی ڕووناکی ژیانم، دایکو باوکم .
- بە خۆشکو براکانم، کە هەمیشە ژیانی خۆیان کردووە بە ڕوناکی بۆ ژیانی من.
- بە هاوڕێ و هاوسەری ژیانم، مستەفا محەمەد ئەمین .
- بە کۆرپە چاوگەشەکەم سیدرە .
- بە سەرجەم خۆێنەران و زانست دۆستان.

سـارا

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس و پێزانینم بۆ:

- مامۆستای سەرپەرشتم پ. د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد، بەو پەڕی دڵسۆزییەوە سەرپەرشتی نامەکەمی گرتە ئەستۆ و باوك ئاسا بە بیری تیژیی و سەرنجی وردی لە خەمی نامەکەمدا بوو.
- پ .ی. د .سەباح رەشید ، کە بە دڵێکی فراوانەوە دەستی زانستی بۆدرێژ دەکردم و هەمیشە هاندەرم بوو لە نوسینی ئەم نامەیەمدا و وەڵامی پرسیار و سەرنجەکانمی دەدایەوە و ڕێنمای وردی پێشکەش دەکردم .
- د.کاروان عومەر، لە هەلبژاردنی بابەتەکە زۆر هاوکاریی کردم ، دڵسۆزانە وەڵامی پرسیارەکانمی دەدایەوە.
- د.شیلان عومەر، هەمیشە بە هێز و توانای خۆی هێز و توانای پێدە بەخشیم بۆ نوسینی نامەکە، بە زانیارییەکانی خۆی نامەکەی بۆ بە پێز تر دەکردم .
- هاوڕێی خۆشەویستم (ڕۆشنا خان ، بەیان خان ، مصطفی محەمەد )، لە وەرگێرانی سەرچاوە بیانییەکاندا هاوکاریان کردم .

سـارا

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| DS | ئاستی قووڵی ڕستە |
| SS | ئاستی ڕووکەشی ڕستە |
| Trace | شوێنپێ |
| i، j | هێمای هاونیشانەکردن |
| ⟶ | ئاڕاستەکردن بۆ پێشەوە (ئەنافۆڕ) |
| ⟵ | ئاڕاستەکردن بۆ دواوە(کەتافۆڕ) |
| └───┘ | بەستنەوە |
| ئە | ئەنافۆڕ |
| ئا | ئاماژەبۆکراو |
| کە | کەتافۆڕ |
| V | کردار |
| INFL | کات وکەس |
| $N^{=}$ / NP | فرێزی ناوی |
| VP/$V^{=}$ | فرێزی کرداری |
| XP | هەر فرێزێك |
| Wh- | وشەی پرس |
| Adj | ئاوەڵناو |
| Adv | ئاوەڵکردار |
| PP | فرێزی پێشناوی |
| ∅ | ئەنافۆڕی سفر |

| | |
|---|---|
| پڕۆی گەورە | PRO |
| جێناوی سفر□پڕۆی بچوك | Pro |
| بەهای نیشانەی واتایی□ سیمای جیا کەرەوە | [−/+ ] |
| تەواوکەر | C/Comp |
| تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە | GB |
| دیاریکار | Spec |
| ڕستە | S |
| وەچەئاڕاستەکردن | C.Command |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Anaphor | ئەنافۆڕ |
| Article | ئامڕاز |
| Demonstrative | ئاوەڵناوی نیشانە |
| Move α | بجولێنەα |
| Refer | ئاماژە |
| Reference | ئاماژە/سەرچاوە |
| Argument | ئاڕگۆمێنت |
| Antecedent | ئاماژەبۆکراو / بۆگەڕاوە |
| | بـ |
| Subject | بکەر |
| Agent | کارا |
| Logical Subject / actor | بکەری لۆژیکی |
| Pro –drop | بکەر خراو |
| Argument binding(A-binding) | بەستنەوەی ئارگۆمێنت |
| Binding | بەستنەوە |
| Binding principles | بنەماکانی بەستنەوە |
| Bound | بەند |
| Empty | بەتاڵ /بۆش |
| Object | بەرکار |
| | پـ |
| Parameter | پارامیتەر |
| Class | پۆل |
| Co-indexing relationship | پەیوەندیی هاونیشانەیی |
| Grammar components | پێکهاتەی ڕێزمانی |
| syntagmatic | پەیوەندیی ئاسۆیی |
| Paradigmatic | پەیوەندیی ستوونی |

| | |
|---|---|
| Lexical Category | پۆلی فەرهەنگی |
| | ت |
| Adequacy | تەواو /پڕاوپڕ |
| Standard theory | تیۆری ستاندارد |
| Extended  Standard theory | تیۆری ستانداردی فراوان کراو |
| Syntagmatic | تەکنشینی |
| Complement | تەواوکەر |
| | جـ |
| Dislocation | جێگۆڕکێ |
| Pronoun | جێناو |
| Interrogatvive Pronoun | جێناوی پرس |
| Pronominal Possessive | جێناوی خاوەنیەتی دەرخەری |
| Definite Pronoun | جێناوی دیار |
| Personal Pronoun | جێناوی کەسی |
| Relative Pronoun | جێناوی لێکدەر |
| Indefinite Pronoun | جێناوی نادیار |
| Negative Pronoun | جێناوی نەفی |
| Demonstrative Pronoun | جێناوی نیشانە |
| Reciprocal Pronoun | جێناوی هاوبەش |
| Syntagmatic | تەکنشینی |
| Projection | جێکەوتە |
| Lexical projection | جێکەوتەی فەرهەنگی |
| | ح |
| Governor | حوکمکەر |
| Goernee | حوکمکراو |
| Command | حوکمکار |
| | خ |
| Genitive<br>Possessive | خاوەنیەتی ،خستنەپاڵ<br>خاوەنیەتی |

| | |
|---|---|
| | د |
| Referring Expressions | دەربڕی ئاماژەیی |
| Determiner | دەرخەر |
| Structure | دروستە□ڕۆنان |
| Surface Structure | دروستەی ڕووکەش |
| Deep Structure | دروستەی قووڵ |
| Tree diagram | درەختی زمانی |
| Case | دۆخ |
| | ڕ |
| Quantifier | ڕادە |
| Agrement \Concord | ڕێکەوتن |
| Infinitive Clause | ڕستیلەی چاوگی (ناتەواو) |
| Syntactic Structure | ڕۆنانی سینتاکسی |
| Domain | ڕکێف(بوار)(دەسەلأت) |
| Thematic Role | ڕۆڵی سیمانتیك |
| Coordination and Conjunction Sentence | ڕستەی لێکدراو |
| Complex sentence | ڕستەی ئاڵۆز |
| Empty Category Principle | ڕێسای کاتیگۆری بەتاڵ |
| | ز |
| Categorial Knowledge | زانیاریی کەتیگۆری |
| Pro-drop Language/Null-NP-Language | زمانە بکەر خراوەکان |
| | س |
| Head | سەرە |
| Lexical Head | سەرەی فەرهەنگی(لێکسیکی) |
| | ش |
| Argument Position | شوێنی ئارگۆمێنت |
| | |
| Non–Argument Position | شوێنی نا– ئارگۆمێنت |
| | ف |

| | |
|---|---|
| Phrase | فرێز |
| PF(Phonetic Form) | فۆڕمی فۆنەتیکی |
| LF(Logical form ) | فۆڕمی لۆجیکی |
| Lexicon | فەرهەنگ |
| | ك |
| Tense | كات |
| Governing Category | كاتیگۆریی حوکمکەر |
| Empty Category | کاتیگۆریی بەتاڵ |
| Ellipsis | کرتاندن |
| Cataphora | کەتافۆڕ |
| Category | کاتیگۆری |
| | گ |
| Movement | گواستنەوە |
| V-Movement | گواستنەوەی کردار |
| I-Movement | گواستنەوەی کات |
| NP-Movement | گواستنەوەی فرێزی ناوی |
| Wh-Movement | گواستنەوەی فرێزی پرسیار |
| Negative Proposing | گواستنەوەی نەکردن |
| | ق |
| Deletion | قرتاندن |
| Subject Deletion/ Equi-NP-deletion | قرتاندنی بکەر |
| | ل |
| Substitution | لەبریدانان |
| Affix-Movement | لاگر گواستنەوە |
| Lexeme | لێکسیم |
| Sup-Categorization | لقە پۆل |
| | م |
| Morphosyntax | مۆرفۆسینتاکس |
| Zero Morphem | مۆرفیمی سفر |

| | |
|---|---|
| Morphem | مۆرفیم |
| | ن |
| Marking | نیشانەکردن |
| Node | نۆد |
| | و |
| Sub deletion | وەچە قرتاندن |
| C.Command | وەچەئاراستەکردن |
| Sup-theory | وەچەتیۆری |
| | ه |
| CO- indexing | هاونیشانەیی |
| Co .Reference | هاوئاماژە |
| Coordination | هاوپایە |
| | ی |
| Deletion Rules | یاسای قرتاندن |

# ناوەڕۆك

**بابەت** | **لاپەڕە**


**پێشەكی**

1/0 ناونیشان و بواری لێكۆڵینەوەكە............................ 1

2/0 هۆی هەڵبژاردنی لێكۆڵینەوەكە............................ 1

3/0 كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە.................................. 1

4/0 ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە.....................................1

5/0 گرفتی لێكۆڵینەوەكە............ .......................... 1

6/0 سنووری لێكۆڵینەوەكە.................................... 2

7/0 بەشەكانی لێكۆڵینەوەكە................................... 2–3

**بەشی یەكەم: بنەمای زانستی ئەنافۆڕ**............................ 4–39

1/1) چەمكی ئەنافۆڕ........................................... 4–12

1/ 2) ئەنافۆڕ و ئامازەبۆكراوەكەی.............................12–20

1/2–1) پەیوەندیی نێوان ئەنافۆڕ و ئامازەبۆكراوەكەی..........12–14

1/2–2) شوێنی ئامازەبۆكراو ....................................14–18

1/2–3) جۆرەكانی ئامازەبۆكراو.................................. 18–20

3/1) : تایبەتمەندیی ئەنافۆڕ........ ...........................20

4/1) : جۆرەكانی ئەنافۆڕ.......................................20– 36

1/ 4–1) ئەنافۆڕی جێناوی .......................................22–24

1/4–2) ئەنافۆڕی فرێزی ناوی فەرهەنگی ..........................24–26

1/4–3)ئەنافۆڕی ناوی یا فرێزی ناوی..............................26

1/4–4)ئەنافۆڕی كرداری و ئەنافۆڕی ئەدڤێربڵی .....................26–27

1/4–5)ئەنافۆڕی سفر...........................................28–29

1/4–5–1)ئەنافۆڕی جێناوی سفر................................. 30–31

1/4–5–2) ئەنافۆڕی ناوی (فرێزی ناوی)سفر...........................31–32

1/4–5–3)ئەنافۆڕی كرداری سفر....................................32–33

1/4-5-4)**ئەنافۆڕی فرێزی کرداری سفر**.........................33-36

5/1 )**نیشانەکانی ئەنافۆڕ** ...................................36-37.

6/1) **کەتافۆڕ**.................................................. 37-38

7/1)**ئەنافۆڕ و کەتافۆڕ**............................................ 38-39

**بەشی دووەم : كۆزانیاریی سینتاکسی وسیمانتیکی ئەنافۆڕ**......40- 79

2/ 1)**کۆزانیاریی سینتاکسی ئەنافۆڕ**.............................40

2/1-1) **کۆزانیاریی مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگی**...........................40-41

2/ 1-1-1) **کەتیگۆریی فەرهەنگی**..................................42-45

2/ 1-1-2) **کەتیگۆریی سینتاکسی**.................................. 45-52

2/2) **کۆزانیاریی سینتاکسی**.......................................52-53

2/2-1) **کەرەستەکان(ئامڕازەکان)ی ئەنافۆڕ لە ڕستەدا**...........53-65

2/2-1-1) **جێناوە کەسییەکان** ..........................................54-61

2/2-1-2) **جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش** .......................61-63

2/2-1-3 )**ناو و فرێزی ناوی** .............................................63

2/2-1-4 ) **فرێزی کرداری و ئەدڤێربڵەکان**...........................63

2/2-1-5 **وشە نیشانەییەکان**.......................................64-65

3/2) **کۆزانیاریی سیمانتیکی ئەنافۆڕ** ........................65-67

4/2) **سنوور و پەرەیوەندیەکانی ئەنافۆڕ لە ڕستەدا** ...............67

2/ 4-1) **سنووری ئەنافۆڕ** .......................................... 67-70

5/2 ) **ئەنافۆڕ و لێڵی** .............................................70-75

6/2) **ئەنافۆڕ و** por ........................................... 75-76

2/ 6-1) **چەشنەکانی** pro............................................ 77

2/ 6-2) **نیشانە تایبەتییەکانی** pro................................ 78-79

**بەشی سێیەم: ئەنافۆڕ و تیۆری دەسەڵات وبەستنەوە**GB.....80-111

3/ 1)**لقەتیۆرییەکانی تیۆری دەسەڵات وبەستنەوە**.............80-82

3/ 1-1) **تیۆری ئێکس** **بار** ...........................................82

3/ 1-2) تیۆری سێتا ....................................... 83-82
3/ 1-3) تیۆری بەندێتیی....................................... 84-83
3/1-4) تیۆری دۆخ ....................................... 85-84
3/ 1-5) تیۆری کۆنترۆڵ ....................................... 85
3/1-6) تیۆری حوکمکردن ....................................... 86-85
3/1-7) تیۆری بەستنەوە....................................... 88-87
3/2)تیۆری بەستنەوە و ئەنافۆڕ....................................... 93-88
3/3)تیۆری بەستنەوە لە زمانی کوردیدا....................................... 103-93
3/4)لێکدانەوە(شیکردنەوە)ی کەرەستەبەتاڵەکان لە
مەودای تیۆری دەسەلآت و بەستنەوەدا....................................... 103
3/4-1) بنەمای کەرەستەبەتاڵەکان....................................... 103- 104
3/4-2) کەرەستەبەتاڵەکان....................................... 104
3/4-2-1) شوێنپێی فرێزی ناوی ....................................... 105-104
3/4-2-2) pro یبچوك....................................... 106-105
3/4-2-3) PRO ی گەورە....................................... 106
3/4-2-4) شوێنپێی وشەی پرس ....................................... 107
3/5) ئەوکەرەستانەی تری زمان ، کە لەبەر ڕۆشنایی تیۆری
دەسەلآت و بەستنەوەدا ڕوون نەکراوەتەوەو دەبن بە ئەنافۆڕ:........... 107
3/5-1) جێناوی نیشانە ....................................... 109-108
3/5-2) هاوەڵناوی نیشانە....................................... 109
3/5-3) جێناوی نادیار ....................................... 111-110
ئەنجام ....................................... 113-112
سەرچاوەکان....................................... 119-114
الخلاصة....................................... 120
Abstract....................................... 121

# پێشەکی

# پێشەكی

## 1/0) ناونیشان و بواری لێكۆڵینەوەكە:-

ناونیشان و بواری لێكۆڵینەوە كە بۆ (( ئەنافۆڕ لەزمانی كورد یدا)) تەرخان كراوە ، مەبەستی لێكۆڵینەوەكە شیكردنەوەی ((ئەنافۆڕ))ە و پەسنكردن و دیاریكردنی ئەرك و ڕۆڵی لە زمانی كوردیدا، بە پێی تیۆری دەسەلات وبەستنەوە ، بەلأم هەندێكجار بەپێی پێویستی لێكۆلینەوە كە و بۆ زیاتر ڕوون كردنەوەی لایەنی سینتاكسی زمانەكە، لایەنی مۆرفۆلۆژی و سیمانتیكیش خراوەتە ڕوو .

## 2/0) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە-

'' ئەنافۆڕ '' یەكێكە لەو كەرەستانەی ڕۆڵێكی چالاك لەزمانەدا دەگێڕن ، بەتایبەتی كاتێك ڕێگە لەدووبارە بوونەوەی كەرەستەیەك دەگرێت ، كە دەربڕاوە كە پێویستی پێی نەبێت ، كەرەستەكان بەیەكەوە دەبەستێتەوە. لێكۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە دەگمەنە ، ئەویش لەم دواییانەدا نەبێت ، كە بەپێی تیۆرەبەراییەكان تەنها لەڕووی چەمكەوە ناسێنراوە و شیكاری تەواوی لە چوار چێوەی تیۆریەكی زانستی زمانیدا بۆ نەكراوە. بەپێویستمان زانی وەك بابەتێكی سەرەكی زمانی كوردی لە بەر ڕۆشنایی تیۆرییەكی زمانیدا شیكاری بۆ بكەین . بەتایبەتی لە بواری سینتاكسدا .

## 3/0) كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە:-

كەرەستەی "دیالێكتی كرمانجیی خواروو" بەكارهێنراوە ، زۆربەی نموونەكانی لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە وەرگیراوە ، چونكە ،، ئەنافۆڕ ،، لە زماندا زیاتر پەیوەندیی بە دەربڕاوەكانەوە هەیە.

## 4/0) ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:-

ڕێبازی پەیڕەوكراو لەم نامەیەدا ڕێبازی " شیكاریی پەسنكەرانەیە" ، چونكە تیۆری جێبەجێكراو لەم لێكۆڵینەوەیەدا ، تیۆری ( دەسەلات و بەستنەوە Government and Binding Theory )یە.

## 5/0) گرفتی لێكۆڵینەوەكە:-

هەموو لێكۆڵینەوەیەك لە كاتی نوسین و ئامادەكردنیدا گرفتمان ناساندنی ئەنافۆڕی زمانی كوردییە، هەروەها بەپێی هەڵكەوتی زمانەكە و جۆری لێكۆڵینەوەكە ڕووبەڕووی كۆمەلێك گرفت (كێشە)ی زانستی دەبینەوە، بەشێكی زۆری ئەو زانیارییانەی لێرەدا نوسراون لە سەرچاوەی بیانی، وەك ئینگلیزی و فارسی وەرگیراوە، ئەمەش پێویستی بە وەرگێڕانە ، گرفتێكی تر نەبوونی سەرچاوە و لێكۆڵینەوەی پێویست بە زمانی كوردی بۆ بەرچاوڕوونی شیكارییەكەمان، بۆیە نامە كە وەك یەكەم لێكۆڵینەوە دەبێت لە ،،ئەنافۆڕ،، وە ناساندنی ئەنافۆڕ لە زمانی كوردیدا.

## 6/0) سوودی لێکۆڵینەوەکە:

بەرهەم و ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانرێت وەك بناغەیەك وەربگیرێن ، بۆ لێکۆڵینەوە لە " ئەنافۆڕ" لە بوارەکانی زماندا، ئەم لێکۆڵینەوە یە وەك بنەمایە کە بۆ ئەنافۆڕ لە زمانی کورد یدا بەتای بەتی سینتاکس، ئە مە جگە لەوەی دەتوانرێت لە چوار چێوەی ڕێ بازێکی بەراوردکار یدا شیکردنەوەکانی ئەم بابەتە بکرێنە بنەما بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتە کە لە دیالێکت و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردیدا.

## 7/0) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:-

نامەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش پێکهاتووە.

### بەشی یەکەم:

بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە (شیکارکرنی بنەمای زانستی ئەنافۆڕ)، کە لە چەند پارێك پێکهاتووە، کە بریتییە لە:-

پاری یەکەم// گەڕان و لێکۆڵینەوە لە چەمکی ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی .

پاری دووەم// پەیوەندیی نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوە کەی، شوێن و جۆری ئاماژەبۆکراوە کەی دیاریدەکات.

پاری سێیەم// باس لە تایبەتمەندیی ئەنافۆڕ دەکات.

پاری چوارەم// دیاریکردنی جۆرەکانی ئەنافۆڕ و شیکارکردنیان دەخاتەڕوو.

پاری پینجەم// خستنەڕووی نیشانەکانی ئەنافۆڕ.

پاری شەشەم// کەتافۆڕ ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن دەردەکەوێت و جۆر و ئاماژەبۆکراوەکانیان چۆنن.

پاری حەوتەم// لە ئەنافۆڕو کەتافۆڕ و جیاوازی نێوانیان دەدوێت .

### بەشی دووەم:-

بەشی دووەمی لێکۆڵینەوە کە تایبە تە بە( کۆزانیاری سینتاکسی و سیمانتیکی ئەنافۆڕ) ، لە چەند پارێك پێکهاتووە،کە بریتییە لە- ..

**پاری یەکەم**// لەم پارەدا شیکردنەوەی کۆزانیاریی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژی وپەیوەندیی بە ئەنافۆڕەوە خراوونەتەڕوو.

**پاری دووەم**// لە پەیوەندیی نێوان ئەنافۆڕو سینتاکس دەدوێت ، کە چۆن کەرەستەکان بۆ ئەنافۆڕ دەبن لە سینتاکسدا چەند چالاکانە کاردەکەن وەك هەموو کەرەستە زمانییەکان ئەرك و ڕۆڵی خۆیاذیان هەیە.

پاری سێیەم//باس لە کۆزانیاریی سیمانتیکی ئەنافۆڕ دەکات.

پاری چوارەم//باس لە دیاریکردنی سنوور و پەیوەندیەکانی ئەنافۆڕدەکات ، کە بە چ شێوەیەك سنوور لە نیوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەیدا هەیە..

پاری پینجەم// باس لە ئەنافۆڕ و لێڵی دەکات ، تا چ ڕادەیەك پەیوەندیی لێڵی بە ئەنافۆڕ و کردەی تیگەشتنەوە ڕوون دەکاتەوە.

پاری شەشەم// باس لە ئەنافۆڕ و pro ، چە شنەکانی pro ، پەیوە ندیی ذیوان ئەنافۆڕ و pro و نیشانەتایبەتییەکانی دەکات...

## بەشی سێیەم:-

بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە ( ئەنافۆڕ و تیۆری دەسەلاَت و بەستنەوە) ، لە چەند پارێك پێکهاتووە، کە بریتییە لە:-

پاری یەکەم// ڕوونکردنەوەی لقەتیۆرییەکانی تیۆری دەسەلاَت و بەستنەوە.

پاری دووەم// دیاریکردنی تیۆری دەسەلات و بەستنەوەو ئەنافۆڕ، کە چۆن ئەنافۆڕ دەکەوێتە ژێر باڵی ئەو تیۆرەوە و تایبەتمەندییەکانی لە زمانی کوردیدا دەخاتەڕوو

پاری سییەم// لە جێبەجێکردنی تیۆری بەستنەوە بەسەر زمانی کوردیدا دەدوێت.

پاری چوارەم// باس لە لێکۆڵینەوە لە کەرەستەبەتاڵەکان دەکات، لە چوارچێوەی تیۆری دەسەلاَت و بەستنەوەدا و دیاریکردنی بنەماکانی بەپێی تیۆرییەکە..

پاری پینجەم// باس لەو کەرەستانەی زمانی کوردی دەکات ، کە دەتوانن ببن بە ئەنافۆڕ .

لە کۆتای لێکۆڵینەوەکەدا گرنگترین ئەو ئەنجامەی بەدەسهاتووە خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

## بنەمای زانستیی ئەنافۆڕ

## 1/ 1) چەمکی ئەنافۆڕ[1] Concept Anaphora

هەموو مرۆڤێك لە ئاخاوتنی رۆژانە، یان لە نووسیندا پێیبزانێت یاخود نا، ئەنافۆڕ بەكاردەهێنێت، چونكە  دیاردەیەكە پەیوەندیی بە دەربڕینەكانی رۆژانەوە هەیە, نوسین  یان ئاخاوتن بن، ڕستە بن یان دەق،  ئەنافۆڕ  تێیدا دەردەكەوێت, لە  ڕووی  ناساندن (پێناسە)ەوە، چەمكی ئەنافۆڕ بەپێی بیرو ڕای جیاواز لێكدانەوەی بۆكراوە .

ئەنافۆڕ زاراوەیەكی زانستی زمانەو ناوێكی نامۆ و ناوازەیە، كە ئاماژە بە دیاردە هاوبەشەكان دەكات. لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییەوە زاراوەكە بۆ وشەیەكی لێكدراوی كۆنی گریكی  دەگەڕێتەوە، كە لە بنەڕەتدا بەواتایی كردەی گەڕانەوە بۆ پێشخۆی هاتووە[2]. یاخود ئەنافۆڕ دووبارەكردنەوەی ئارەزوومەندانە، یان سەرپشكییانەی وشە یان فرێزە لە  ڕستە و پەرەگرافەكانی ناو ئاخاوتن یان نووسیندا، لە زانستی زماندا وەك یەكەیەكی زمانی بەكار دەهێنرێت، جێناوەكان نموونەن بۆی، كە ئاماژەبەندییان بۆ یەكەیەكی زمانیی پێشخۆیان هەیە[3]. ئەنافۆڕ دیاردەیەكی سەرەكییە و لە ڕستەسازی و سیمانتیكیشدا، بە پشت بەستن بە پێشینەی دەربڕاوەكە و واتای یەكە ریزكراوەكان و هاوئاماژەییان لە ڕووی كەس و ژمارەوە لەگەڵ ئاماژەبۆكراوەكەدا بەكاردێن. هەموو یەكەیەكی زمانی ئەرك و جێكەوتەی خۆی هەیە بە پێی دانانی ئەو یەكە زمانییە لە هەر جێكەوتەیەكی ڕستەدا رۆڵ و واتا  دەبینێت. ئەنافۆڕ وەك یەكەیەكی زمانی (بۆ ئەو پۆلە دەربڕاوە دەگەڕێتەوە كە نیشانەكانیان بەندە بە چوار چێوەی  وتن (ئاخاوتن)[4] (**context**)ەوە وەك لەوەی خۆی واتا بگەیەنێت, بەهۆی تایبەتمەندییە رێزمانی و لێكسیكییەكانیانەوە واتاكەی لە وەچەپەستێنەرەكەیانەوە  وەردەگیرێن)[5]. بە واتا ئەم یەكەیە واتای تایبەتیی و سەربەخۆی خۆی نییە، واتای لە وشە ئاماژەبۆكراوەكان (Antecedent)ی خۆی وەردەگرێت و لەگەڵی هاونیشانە دەبێت ( ئەنافۆڕ پێویستە لەگەڵ بۆگەڕاوەكەی خۆیدا لە ڕووی كەس و

---

[1] وشەی ئەنافۆڕ زاراوەی تری بۆ بەكارهاتووە لە زمانی كوردی، محەمەد مەحویی زاراوەی (بۆگەڕاوە)، هۆگر مەحموود زاراوەی (چاو لەپێش)، قەیس كاكل زاراوەی (دەق ئاماژەی پێشەوەی )بۆ بەكار هێنراوە.ئەنافۆڕ هەندێكجار بە كەرەستەو هەندێێكجار بە دیاردە ناو دەبرێت.

**2** Denber(1998:6)

[3] WWW.Wikipedia.com

4 **ئاخاوتن: بریتییەلە كردەی ناردنی ئەو بیرەی، كەلەلای قسەكەرەوە هەیە بۆ گوێگرپەمەبەستنی تێگەشتن لەو بیرە. بڕوانە هۆگر مەحموود(2000: 103)**

5 Huddleston (1984:280 )

ژمارەوە هاونیشانە بن)[1]. یان ئاماژەیە بۆ پێشەوەی خۆی، بەواتای ئەوەی (ئاماژە بۆ کەرەستەیەکی ئاماژەبۆکراو دەکات، کە لە ڕستەیەکی پێشخۆی بەدیدەکرێت )[2]،یان بە( پاشکۆی ئاماژەی پێشتر پێناسە دەکرێت)[3].ئەم یەکە زمانییە بوونی سەربەخۆی خۆی نییە، بەڵکو بەندە بەیەکەیەکی تری زمانیی ناو ڕستەکە یان دەقەکەوە، (ئەنافۆڕ کەرەستەیەکە، واتایەکی ناکرۆکی هەیە، یاخود ئاماژەیەکە لێکدانەوە واتاییەکەی، لە کەرەستەیەکی تری هەمان ڕستە یان دەقەوە وەردەگرێت)[4].

ئەنافۆڕ لقێکە یان بەشێکە لە ئاماژەپێکراو (**Reference**) ، کە ئاماژەپێکراوەکان لە ڕووی واتاوە وەسف ناکرێن، چونکە ئاماژەن بۆ شتێکی تر جا لە پێشەوە( ئەنافۆڕ) یان، لە دواوەی (کەتافۆڕ) ئاماژەبۆکراوەکەیەوە بێت[5]. مەرج نییە تەنها لە دەقدا هەبێت ، بەپێی ڕێزمانی باو گریمانەی ئەوەی بۆ کراوە، کە (وشەیەکە یان فرێزێکە ئاماژەکانیان لە وشەیەك یان فرێزێکی ترەوە وەرگرتووە، کەلە پێش خۆیەوەیەتی لەدەربڕاوەکەدا)[6]. یان(پەیوەندیدارە بە پەیوەستبوونی وشەکە لەدەربڕاوەکاندا، کە ئاماژەبەندییەکانیان بۆ هەمان کەسێتی (تایبەتیەتی) لەهەمان دەقدا بەبەردەوامی دەگەڕێتەوە )[7].

ئەنافۆڕ دیاردەیەکە لە دەربڕاوەکاندا دەردەکەوێت (یەکەیەکی زانستی زمانە لێکدانەوەیە لە هەندێك شتی تر، کە ئاماژەکەی لەناوهەمان ڕستە یان دەقدا دەرکەوێت )[8]. ئاماژەی ئەنافۆڕ ئاماژەدانی پێشتر دەگرێتەوە بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی کاتێك ئاماژەبۆکراوەکە بەتەواوی یەکە فەرهەنگییەکە بەرجەستە دەکات. ئەنافۆڕ (ئاماژەکردنی پێشترە، کە دەبێتە پێشکەشکردنی یەکەیەکی سەربەخۆ، زۆربەی ئەو بەکارهێنانەی ئەنافۆڕ لەدەقدا دووبارە کردنەوەی ئاماژەبەندییەکانە، کە جۆرەکانی پەیوەندیی نێوان ئاماژەبۆکراو و ئەنافۆڕ نابێت هەمیشە ڕاستەوخۆ بێت)[9].شیکاری ئەنافۆڕ دەتوانێت سەر لە نوێ گەڕانەوەی وێنەی ئاوەزی بەهۆی پرسیارکردنەوە لەزمانی سروشتیدا ئامادەبکات. بۆ نموونە:—

1) من چاوەڕێی پاس بووم ، بەڵام ئەو لێیــدەخوڕی بەبێ وەستان .

---

[1] Redford(1982:37)

[2] قەیس کاکل تۆفیق (2002: 48)

[3] George Yule (**2010: 32**)

[4] Trask (1993: 15)

5 Haliday and Hasan (1976:20-35)

[6] Jack c.richards, Richard schmiat (2010:26).

[7] Http//www.phon.ucl.a c.uk/home dictta/anaphora/anaphpra(2012:3)

[8]Trask(2007:16)

[9] George Yule (**1996: 131**)

i ⟶ i

دەبێت تێبینی ئەوە بکەین، کە ئاماژەبۆکراوەکە (پاس)ە و بە ئەنافۆڕی پاس ، ئاسایی (ی) لێیدەخوریٚ )یە . لێرەدا لێکەوتەی[1] نییە، ئەگەر هەندێك قسە لەسەر جوڵانی پاسەکە بکەین ئەوە دەزانین، کە لەویٚ شۆفێرێك هەیەو شۆفێرەکە بووە بەهۆی ئاماژەکردن بۆ(ئەو). واتە ئەو ئەنافۆڕی شۆفێرەکەیە و دەر نەکەوتووە.

ئەنافۆڕ خۆی یەکەیەکی سەربەخۆی نییە یان (ئەو دەربڕینەیە، کە ئاماژەیەکی سەربەخۆی نییە ،بەڵکو ئاماژەکەی لە سەرچاوەیەکی پێشینەی ئاماژەبۆکراوەوە دەبێت ، لەناو هەمان فرێز یا ڕستەدا)[2]. لەبەر ئەوەی خۆی خاوەنی واتا نییە و هەڵگری واتایە، هەندێك لەزمانەوانەکان بە یەکەیەکی زمانی لاوەکییان داناوە، واتە (جۆرێکە لەئاماژەبەندی لاوەکی، کە ئاماژەبەندیی خۆی هەیە بەهۆی بەکارهێنانی وشە ئەرکییە تایبەتییەکانەوە یان لێکسیکەکانی بەرامبەری )[3].مەبەست لە بەلاوەکی بوونی ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆی ئەوەیە، کە ئەنافۆڕ خۆی سەربەخۆ نییە, بەلاٚم لەگەلٚ ئەوەشدا کاتێك ئاماژە بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی دەکات سەربەخۆ کاردەکات, تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەبێت هاونیشانە بێت لەگەلٚ ئاماژەبۆکراوەکەیدا.(ئەنافۆڕ یەکەیەکی زمانییە، کەئاماژەی بۆیەکەیەکی تری پێش خۆی هەیە (ئاماژەبۆکراو ), کە لەپەیوەندیی هاوئاماژەبەندیدایە, هەر ئەنافۆڕیٚ دەتوانریٚ تەنیا بەهۆی لێکدانەوەی ئاماژەبۆکراوەکەیەوە لێکبدرێتەوە)[4]. یان ( ئەنافۆڕ پەیوەندییەکی ڕێزمانییە تێیدا یەکەیەکی زمانی لێکدانەوەی دەربڕینی خۆی لەبەشێکی ڕستەکە, کە پێشخۆی باسکراوە وەردەگرێت)[5]. ( ئەنافۆڕ ئاماژەکردنە بۆ ئەو توخمەی کەپێشتر هاتووە لە دەربڕاوەکاندا)[6]. لێرەدا تەنها گرنگی بە دەربڕاوەکان دەدات , دیارینەکراوە، کە ئەنافۆڕ لەکام دەربڕاوە زمانییەدا بەزۆری هەیە, هەرچەندە لەکۆندا زیاتر ئەنافۆڕ لەناو دەقدا بەرجەستە کراوە, سەرنج بۆ گەڕانەوەی ئاماژەبۆکراوی ئەنافۆڕەکە ڕانەکێشراوە، کە

---

1 لێکەوتە: زاراوەیەکە بەکاهێنراوە بۆدرککردنی ئەوەی چی لای گوێگر یان خوێنەر دەکەوێتەوە ،کاتێك دەربارەی گریمانەیەك (وێنایەك) لای قسەکەر یان نوسەر بنیادنراوە، ئەوە بەڕاستەوخۆی دەربارەی گریمانەی پێشوەخت دەدوێین. بە(بە خشکەیی دەربڕینی)ش ئاماژەی پێکراوە بڕوانە : کاروان عومەر (2010: 140–169)

2 Redford (2004: 434)

3 Charles w kreidler(1997:145)

4 Hoddumod bussmann(1999:58)

5 ا برا هیم چنگنی( 1382 : 26 )

6 جۆرج یول . و. علی بهرا می ( 1389 :164)

دوای چەند وشە، فریز, ڕستە، ئەنافۆڕەکە دەگەڕێتەوە بۆئاماژەبۆکراوەکەی، ئێمە لەگەڵ ئەو بۆ وونەدا نین، کە ئەنافۆڕ تەنها پابەندبێ بە دەقەوە, لە بەشەکانی دواتردا بە نموونەی ڕستەی لەئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەیخەینەڕوو.

پەیوەندیی نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی بە زۆری لەسەر بنەمای دەرکەوتنی (گەڕانەوەیەتی بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی) دیاریدەکرێت و پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیەو پێویستە پەیوەندییەکە بەڕوون و ئاشکرا دیاریبکرێت، بەڵام ئەمە بۆ هەموو پەیوەندییەك دەستنادات، کە ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی بەرجەستەبن، هەندێکجار ئەنافۆڕەکە ئاماژەبۆکراوەکەی بەرجەستە نییە و شوێنەکەی خاڵییە لە شێوەی **pro** یان ئەنافۆڕی سفر(∅) دەردەکەوێت و ئەرکی هەیە، بەلاّم فۆڕمێکی فۆنەتیکی نییە، کە بینوێنێت. لێرەشدا ئەنافۆڕەکە ڕاستەوخۆ ئاماژەدەکات بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی، بەلاّم ئاماژەبۆکراوەکەی لەڕیی واتاوە دەناسرێتەوە، چونکە کەرەستەیەکی بەرجەستە نییە بینوێنێت .بۆ نموونە:–

2) **pro** منداڵەکەی گریاند.

i i

زمانەوانانەکان ڕای جیاوازیان لەسەر ئەنافۆڕ هەیە، هەندێك لە زمانەوانانەکان ئەنافۆڕ بە ئاماژەکردن بەئاماژەبۆکراوێك دەبەستنەوە و زیاتر لە دەقدا کاری پێدەکەن ، وەك دێرینەکان, هەندێکی تریان ئەنافۆڕ دەبەستنەوە بە جێناوەکانەوەو جۆری جێناوەکان دەستنیشان ناکەن, بەلاّم بەپێی تیۆری دەسەڵات وبەستنەوە GB[1]، ئەنافۆڕ بریتییە لە فریزی ناوی, کە دەبێت لەناو ڕستە یان لە کەتێگۆرییە (پۆلە) حوکمکراوەکەیدا بەسترابێتەوەو هاونیشانەبن و وەچەئاڕاستەی یەکتری بکەن، زیاتر (جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش)دەگرێتەوە, وەك لەپێشتر ئاماژەمان پێدا هەندێك لە زمانەوانەکان ئەنافۆڕ دەبەستنەوە بەجێناوەکانەوە ( ئەنافۆڕ ئەو یەکانە دەگرێتەوە، کە ئاماژەن بۆ یەکتری ، کە لەوەو پێش ئاماژە بەوشەکە کراوە(باسکراوە), ئەمەش بەزۆری بەهۆی جێناوەکان و دیارخەرەکانەوە دەبێت)[1].کاتێك باسی جێناو دەکەین هەندێك لەڕێزماننووسەکان زیاتر گرنگی بە جێناوی کەسی سێیەمی تاك دەدەن

---

1 *بۆ زانیاریی زیاتر* بروانە : سەباح ڕەشید قادر (2009)

1 Paul baker and Sibonile Ellecs ( 2011:6 ).

(جێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەم تاک[1] بەکارهێنانیان لە جێناوەکانی تر جیاوازە)[2]. جێناوی کەسی سێیەمی تاک زۆرتر چالاکە بۆ ئەنافۆری ڕاستەوخۆ، کە بەپێی واتاکەی دەگەڕێتەوە، بەڵام بۆ لێکدانەوەی واتاکەی پێویستمان بە تێگەشتن و تێڕوانین دەبێت، چونکە هەندێکجار (ئەو)، کە جێناوی کەسی سێیەمی تاکە ئاماژە، بە ئاماژەبۆکراوەکەی ناکات و خۆی سەربەخۆیە ناگەڕێتەوە بۆ هیچ کەرەستەیەکی ناو ڕستەکەو وەک کەسێکی سەربەخۆ ڕەفتار دەکات.

3–أ)ئارێز هاتە ئێرە بەڵام (ئەو ) دانەنیشت.

j/i i

لێرەدا جێناوی (ئەو) لە ڕستەی دووەمدا لەبری (ئارێز) هاتووە و دەگەڕێتەوە بۆی و ئاماژە بە(ئارێز) دەکات، بەڵام ئەگەر بێت و لەنێوان قسەکەر و گوێگردا بێجگە لە (ئارێز) کەسێکی تر هەبێت و بەیەکەوە هاتبن ئەوا (ئەو)بۆ (ئارێز) ناگەڕێتەوە.

3–ب) ئارێز هاتە ئێرە، بەڵام ئەو دانەنیشت.

j i

ئەنافۆر بە گەڕانەوە بۆ پێشەوە سنووردارەدەکرێت، ئەمەش پێچەوانەی کەتافۆرە[3]، (ئەو بەکارهێنانەیە ،کە جێناوەکان (جێناوە ئەنافۆرییەکان) ئاماژەبۆ پێشخۆیان دەکەن)[5] کە واتای خۆی لە ئاماژەبۆکراوەکەیەوە وەردەگرێت. مەرج نییە ئەنافۆر تەنها جێناو بێت، دەکرێت کەرەستەیەکی تری زمانی بێت بۆ کەرەسەیەکی تری زمانی هاوپۆلی خۆی بگەڕێتەوە، واتە دەگونجێت فرێزێکی ناوی بۆفرێزێکی ناوی تر بگەڕێتەوە هاونیشانەی یەکتری بن، لە ڕووی کەس و ژمارەوە( ئەنافۆر بۆناوێك

---

[1] جێناوی کەسی یەکەمی تاک لەکاتی قسەکردندا، قسەکەرەو کەسی دووەمی تاک قسە بۆکراوە(گوێگرە)، بەڵام کاتێك کەسی دووەمی تاک قسە دەکات دەبێتە قسەکەر و جێناوەکە دەبێتە کەسی یەکەم، قسەکەری یەکەم دەبێتە گوێگرو جێناوەکە دەبێتە کەسی دوەمی تاك . واتە شوێنیان ئاڵوگۆڕ دەکرێت وگۆڕانێکی سانایە و بە پێی لۆژیك ڕێکخراوە.

من دەبێت بە تو

تۆ دەبێت بە من

[2] بڕوانە 1.ئەورەحمانی حاجی مارف (1987 :74–104) 2.قەیس کاکل تۆفیق (2002: 15)

[3] کەتافۆر :ئاماژەکردنە بۆ دواوە.

[5] 1.هۆگر مەحموود(2000 :69) 2.حاتەم ولیا (2009 9: 219)

[1]محەمەد معروف فەتاح (2011, 206)

دەگەڕێتەوە)[٢]، بەڵام لێرەدا پێویستیمان بە پێشینەیەك دەبێت لە نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆكراوەكەی دا، ئەمەش زیاتر لە نێوان هایپۆنیمەكان و نازناوەكاندا زۆرن واتە (كەس ، شت)ێك دوو ناوی هەبێت و هەردووكی بەكاربهێنرێت .

4) ئەحمەدی كوری مستەفا ئاغا لە شاری كۆیە لەدایك بووە، دڵزار هەستی شاعیریو خۆشەویستی

i ⟶ i

ئەدەب لە دڵیدا جێگیر بوو.

لەنموونەكەدا، ئەگەر خوێنەر پێشینەیەكی زانیاری نەبێت لەسەر شاعیر نازانێت (ئەحمەدی كوڕی مستەفا ئاغا) دڵزاری شاعیرە.دەگونجێت خوێنەر بە دوو كەسی جیاواز لێكدانەوەی بۆ بكات. ئەنافۆڕەكە ناوێكە ئاماژە بۆ ناوێكی تر دەكات، ناوە بنچینەییەكە دەبێت بە ئاماژەبۆكراو و ناوە خوازراوەكە دەبێت بە ئەنافۆڕ و دەگەڕێتەوە بۆی. ئەنافۆڕ كەرەستەیەكی زمانییە، كەواتە ئەركی هەیەو بەپێی ئەركەكەی، لە دەربڕاوەكەدا دەردەكەوێت دەبێت جیاوازیی بكرێت، لەگەڵ كەرەستەیەكدا، كە ئەركی وەرنەگرتووە، هەروەك Brodly دەڵێت: (( ئەنافۆڕەكان دەبێت بە شێوەیەكی ورد و دروست بەندبن، بە ئاماژەبۆكراوەكەیانەوە لە سینتاكسدا))[٣] . Brodly ئەنافۆڕ لە سینتاكسدا بەكاردەهێنێت و مامەڵەی لەكەڵدا دەكات، جێناوەكانیش لە سینتاكسدا ئەركیان هەیەو ڕستە بەبێ جێناو (لكاو و سەربەخۆ) دروست نییە و واتا تەواو ناكەن. لە زمانی كوردییدا جێناوی لكاو تارادەیەك، كرۆكی ڕستەن یان تەواو كەری ڕستەن، هەرچەندە ناشتوانین بڵێین هەموو جێناوێك (لكاو و سەربەخۆ) ئەنافۆڕە یان هەموو ئەنافۆڕێك جێناوە. واتە جێناوەكان خۆیان ناتوانن بەندبن لەناو ئاماژەبۆكراوەكانیاندا بەهەمان شێوەی وردی هاوپۆلی ئەنافۆڕەكانیان ،بەمەش هەندێك جێناو دەبن بە ئەنافۆڕو لەڕووی كەس و ژمارەوە پەیوەندیی هاوئاماژەیی لە نێوان خۆی و ئاماژەبۆكراوەكەی دروست دەبێت.

هەرچەندە هەندێك لێكۆڵەر ئەنافۆڕ بەر تەسكدەكەنەوەو لە چوار چێوەی جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەشدا سنووورداری دەكەن، بەتایبەتی لای **Chomsky** و ئەوانەی لایەنگری تیۆرەكەی ئەون (

---

[2] Glyn Hicks (2009: 103)

ئەنافۆڕ ئەو فرێزە ناوییە، کە پێویستە نیشانکراوە سەربەخۆکەی (ئەوفرێزەی بۆی دەگەڕێتەوە) لەناوەوەی ڕستەکەدا دیاریکراو بێت، وەك جێناوی خۆیی[1] و جێناوی هاوبەش)[2].

لە تیۆی دەسەلات و بەستنەوەدا **GB**[3] ، ئەنافۆڕ بریتییە لە جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش، کە پێویستە لەناو کەتیگۆری حوکمکەرەکەیدا بەستراوە بێت. لە زمانی ئینگلیزیدا ئەنافۆڕ بریتییە لە (جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش) هاوشێوەی ئەمەش لەزمانی کوردیدا، بەهۆی نزیکی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی و ئینگلیزی ئەنافۆڕیان بە جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش داناوە, بەلاٌم مەرج نییە هەموو جێناوە خۆیی و هاوبەشەکان ئەنافۆڕبن. کەواتە هەموو (جێناوێکی خۆیی و هاوبەش) ئەنافۆڕ نین ( ئەنافۆڕ پێویستە لەناو ڕستەکەیدا بەند بێت)[4]، ئەنافۆڕ پێویستی ئاماژەبۆکراوەکە دەیهێنێت، کە نایەوێت خۆی دووبارە ببێتەوە. جگە لەمەش سوودی هەیە بۆکەمکردنەوەی وزە لە کاتی دەربڕینداو بە کەمترین وشە زۆرترین زانیاریی لە کەمترین کاتدا دەربېڕێت، ئەمەش بۆئاسانکاری و ئیکۆنۆمییە لەزماندا. پێویستە ئەنافۆڕەکان ڕاڤەیەکی وردی ناوکۆی پێشینەکانیان بۆ بکرێت، چونکە وەرگرتنی ئاماژەبەندییەکەی لە ڕێگەی کردەی سنتاکسییەوە( یاسا لێکدانەوەییەکان )دەناسرێتەوە،وەك ئەوەی لە تیوری دەسەلاٌت و بەستنەوە GB دا, کە تیۆری بەستنەوە لەپرنسیبی(A) دیارە، حالٌەتەکەی ئەوەیە، کە( ئەنافۆڕ(جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش) لە ژێر دەسەلاٌتی کەتیگۆرییە حوکمکەرەکەییدا بەسراوەتەوە)[5]. Crystal بەهەمان شێوە لەبەر ڕۆشنایی تیۆری دەسەلاٌت وبەستنەوەدا **GB** پێناسەی ئەنافۆڕ دەکات ودەلٌێت:(( ئەنافۆڕ بۆ جۆرێك لەفرێزی ناوی دەگەڕێتەوە،

---

[1] **جێناوی** خۆیی لە زمانی کوردییدا سیٚ جۆری هەیە :

1 .جێناوی خۆیی بۆ جەختکردنەوەی بکەر.(تأكيد كردن) وەك –من خۆم هاتم.

2 .جێناوی خۆیی ڕەنگدەرەوە(أنعكاس)،کردارەکە یان بارەکە ڕەنگ دانەوەی بەسەر بکەرو بەرکاردا دەبێت یان بکەرو بەرکار بەهۆی جێناوە خۆییەکەوە لە یەك کەسدا کۆدەبنەوە، وەك من خۆم شت. خۆم دەبێتە بەرکاری من.

3.جێناوی خۆیی خاوەنێتی: ئەمەش بۆ چرکردنەوەی واتای خاوەنیەتیە خانوەکەی من خانوەکەی خۆم

سەباح رەشید( 2009: 129)وە بروانە 1.بەدرخان سلێمان علی (2006: 29–76 ) 2.کوردستان موکریانی (1984: 89 )

3.کاروان عومەر(2008: 138–141)

[2] ڤیان سلێمان حاجی( 2009: 131)

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە 1.سەباح رەشید(2009) .2. Haegema(1994) **3**.webelhuth(1995

[4] Culicover(1997: 64)

که ئاماژه پێکەرێکی سەربەخۆی نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك ئاماژەی تری ڕستەکە و ئەنافۆڕێك پێکدێت لە جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش وفرێزی ناوی))[2].

لێرەوە دەتوانین پێناسەیەك بۆ ئەنافۆڕ بکەین .

ئەنافۆڕ:–بریتییە لەپەیوەندیی نێوان دوو کەرەستەی زمانیی، یەکێکیان سەرەکییە و ئاماژەبۆکراوەو ئەوی تریان لاوەکییەو ئەنافۆڕەکەیە و گەڕانەوەیە بۆ پێشەوە (بۆکەرەستە سەرەکییەکە). یان

ئەنافۆڕ:– بریتییە لەو کەرەستەیەی، کە ئاماژە بۆ پێشخۆیدەکات و لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا هاونیشانەیە.

ئاماژەبۆکراو ⟶ ئەنافۆڕ

5–أ)پەری نامەکەی نوسی (pro) ناردی بۆ پۆست.

i i i

5–ب) پەری نامەکەی نوسیو ئازاد ناردی بۆ پۆست.

j j i i

ئەگەر لە پێناسەکەوەسەیری ڕستەکان بکەین دەبینین،کەڕستەی (5–أ) لەگەڵ پێناسەکەدا دەگونجێت (pro) ئەنافۆڕە و( پەری) ئاماژەبۆکراوە، بەڵام لە ڕستەی (5–ب)دا ئازاد ئەنافۆڕی پەری نییە و ناگەڕێتەوە بۆی، چونکە لەڕوی کەس و ژمارەوە هاونیشانەن، بەڵام لەڕوی لۆژیکەوە وەك یەکنین.

لە کۆی ئەم ناساندنانەی بۆ ئەنافۆڕ خرانەڕوو ،دەتوانین چەمك و پیکهاتەی ئەنافۆڕ دیاری بکەین ئەنافۆڕ لە دووبەش پێکهاتووە: ئەنافۆڕو ئاماژەبۆکراوەکەی،بە مەرجی هەبوونی هاونیشانەکردن لە نێوانیاندا.

## 1/2) ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی:

## 1/2–1) پەیوەندیی نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی:

[1] بروانە 1.Culicover(1997:67) **2**.Haegeman(1994:222) 3.Ken(2002:76-98 )

[2] Crystal(2003:24)

پەیوەندیی نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، واتە ڕاستەوخۆ ئەنافۆڕەکە بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی دەگەڕێتەوەو پەیوەندییەکی بەهێز و توند لە نێوانیاندا هەیە، هاونیشانەی یەکترین لە ڕووی کەس و ژمارەوە و هەندێك جار ئاماژەبۆکراوەکە وەك کەرەستەیەکی بەرجەستە نییە، بەڵکو لەڕێی واتاو نیشانە واتاییەکانیەوە دەزانین کامەیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە بتەوەی لەنێوان ئەنافۆڕو ئاماژەبۆکراوەکەیدا هەیە. پێویستە هاونیشانەی نێوانیان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەربکەوێت. هەروەها دووری نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژبۆکراوەکەی دیارینەکراوە، ئایا لەڕستەیەکدان یان دووری نێوانیان چەند ڕستەیە؟ ئەمە نەزانراوەو دەکەوێتە سەر جۆری دەربڕینەکە. Cowperچەند گریمانەیەکی دانا بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی، کە پێویستە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەبێت و بەتەواوی هاوئاماژەی یەکتربن ئەوانیش:

**گریمانەی یەکەم:** – ( ئەنافۆڕێك پێویستە وەچەئاڕاستەی ئاماژەبۆکراوێك بێت، لەناو هەمان بەشە ڕستەدا)[1].

6–أ) (پەری ) باوەڕی وایە خۆی یەکەم دەبێت.




لێرەدا پەیوەندیی نێوان ئەنافۆڕو ئاماژەبۆکراوەکەی, ڕاستەوخۆیە (خۆی) وەچەئاڕاستەی (پەری)ە ، مەبەست لە هەمان ڕستە ئەوەیە، کە ئەنافۆڕو ئاماژەبۆکراوەکەی زۆر دوور نەبن لەیەکەوەو گرنگ نییە ڕستەکە سادەیە یان ناسادەیە(لێکدراو–ئاڵۆز)، لەڕستەی لێکدراودا کەمتر ئەنافۆڕ ڕوو دەدات، چونکە هەندێکجار ڕستەی لێکدراو بەهۆی ئامرازەلێکدەرەکانەوە لێکدەدرێن، بەلابردنی ئامڕازەکە ڕستەکان سەربەخۆ دەبنەوە، ئەگەر ئەنافۆڕەکە لەڕستەی دووەمدا بێت ئەوا ڕستەکە دەبێتە ڕستەی نادروست(نارێزمانی)

6–ب) پەری دەرگاکەی داخست، بەڵام **pro** دانەنیشت.

ڕستەکە لە دوو ڕستەپێکهاتووە.

أ– پەری دەرگاکەی داخست.

---

[1] Cowper(1992:147)

ب- **pro** دانەنیشت.

لە ڕستەی (پەری دەرگاکەی داخست) دا ڕستەیەکی تەواوە، دەزانین کێ دەرگاکەی داخستووە، بەڵام لە ڕستەی (**pro** دانەنیشت. ) ڕاستە ڕستەکە واتا تەواوە، بەڵام نازانین کێ کارەکەی کردووەو بۆ کێ دەگەڕێتەوە لێرەدا بۆ (پەری) ناگەڕێتەوە، چونکە ڕستەیەکی سەربەخۆیە، هەرچەندە لە ڕستە لێکدراوەکەدا (پەری دەرگاکەی داخست، بەڵام **pro** دانەنیشت.) **pro** بۆ پەری دەگەڕێتەوە.

**گریمانەی دووەم** : ئەنافۆڕێك ئاماژەبۆکراوێکی حوکمکەری هەبێت لەهەمان بەشە ڕستەدا[1] . واتە لێرەدا ئاماژەبۆکراوەکە حوکمی ئەنافۆڕەکە لە هەمان ڕستەدا بکات، بەڵام مەرج نییە ئەنافۆڕ لەیەك ڕستەدا دەربکەوێت، دەگونجێت لەنێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەیدا چەند ڕستەیەك هەبێت، کە ئەنافۆڕەکە هاونیشانەی ئاماژەبۆکراوەکەشی بێت.

7)پەری خۆی کوشت .

i i

**گریمانەی سیەم:-** ئاماژەبۆکراوی ئەنافۆڕێك پێویستە لەناو بچوکترین فرێزی ناوی ، فرێزی کرداریدا بێت، کە حوکمی ئەنافۆڕەکەی تێدایە و بکەرێکی شاراوەی هەبێت،کە دەتوانێت بەشێوەیەکی شاراوە وەك ئاماژەبۆکراو بۆ ئەنافۆڕەکە کاربکات، یان بەشێوەیەکی تر ، ئەنافۆڕێك پێویستە بە کەمترین بەشە حوکمکەری دەربڕاوەکە پەیوەست بێت ، کە بکەرێکی ڕوون وئاشکرای تێدایە[2].

8)ئازاد نانەکەی خوارد.

i i

(ئازاد ) ئاماژەبۆکراوە لە لایەن (ی) کە ئەنافۆڕەکەیەتی .

**گریمانەی چوارەم:-** حاڵەتی بەیەکەوە بەستن بۆ ئەنافۆڕ پێویستە لەناو کەمترین بەشەحوکمکراوەکەیدا پەیوەست بێت، کە بکەرێکی ئاسان بەدەست کەوتووی تێدایە[3]. پێویستە هاوئاماژەی لە نێوانیاندا هەبێت بۆدروست بوونی هاونیشانەیی لە نێوان ئەنافۆڕو ئاماژەبۆکراوەکەی، لەم نموونانەدا ڕوون دەبێتەوە.

9-أ) کوڕەکان یەکتریان بینی .

---

[1] Cowper(1992 :148 )

[2] Ibid:149

[3] Cowper(1992 :151

i i

9–ب) *کوڕەکە یەکتریان بینی.

j i

ئەگەر سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین دەبینین، کە ڕستەی (9–أ) ڕستەیەکی ڕێزمان دروستەو (یەکتریان) ئەنافۆڕە و ئاماژەبۆکراوی (کوڕەکان)ە، لە ڕووی کەس و ژمارەوە یەکسانن هاونیشانەی یەکترن، بەڵام لە ڕستەی (9–ب) دا ڕستەکە ڕستەیەکی ناڕێزمانییە لە ڕووی کەس و ژمارەوە (کوڕەکەو یەکترییان ) یەکسان نین و هاونیشانەیی دروست نابێت، (یەکتریان )نابێتە ئ ئەنافۆڕی کورەکە.

کۆی ئەم گریمانانە ئەوە دەردەخەن، کە ئەنافۆڕ پێویستە لەناو دەربڕینەکاندا بەستراوە بێت بە کەرەستەیەك کە لە ڕووی کەس و ژمارەوە وەك یەك و هاونیشانەبن و ئاماژە بۆ یەکتری بکەن، ئەنافۆڕ هەمیشە لەدوای کەرەستەی سەرەکییەوە دەبێت و ئاماژەکردنە بۆ پێشەوە بەمەرجێك هاونیشانە بێت لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەدا.

## 2–1/2) شوێنی ئاماژەبۆکراو:

بوونی زانیاریی لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی، تاکە هۆکار نییە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراو بناسینەوە، پێوستە شوێنیان بزانرێت و تاچەند دووربن و چۆن؟ ئەنافۆڕەکە بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی دەگەڕێتەوە و پەیوەندییەکی چۆن لە نێوانیاندا دروست دەبێت؟ دوای چەند وشە یان چەند ڕستە شوێنی ئەنافۆڕ بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی دەگەڕێتەوە و تا چەند پەیوەندیی واتایی لە نێوان گوێگر یان خوێنەر لە دەربڕین و نوسراوەکاندا هەیە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر لەبارەی شوێنی ئاماژەبۆکراو، یان دەتوانین بلێین دەربارەی شوێنی ئەنافۆڕ دەکرێت و هەیە و بێ وەڵامە، چونکە لێکۆلینەوەی زۆری لەسەر نەکراوە، لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی پەیوەندیی بە دەربڕینەکانی نێوان دوو کەسەوە هەیە، لە کاتی گفتوگۆ یان نوسیندا، کە نوسەر بۆ بەرامبەر دەنوسێت لەبەر ئەو ئالۆزییە ناتوانرێت ماوەی ئەنافۆڕ دیارییبکرێت. ماوەی دووری نێوان شوینی ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی لە زمانی ئینگلیزیدا لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام بە پڕاو پڕی دیارینەکراوە، چونکە هەریەکەیان بەپێی لێکۆڵینەوەی خۆیان دووری نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی دیاریدەکەن. لە زمانی کوردیدا دیاردەی ئەنافۆڕ زۆر بڵاوەو بە دروستی هەیە، بەڵام تا ئێستا هیچ

لێکۆلینەوەیەکی تایبەت لەسەر ئەم بابەتە نەخراوەتەڕوو، کە دیارییکات ماوەی نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی چەندە. لەلای هەندێك لە توێژەرانەوە لە ڕووی سینتاکسییەوە یا لە ڕووی چەمکەوە کەمێك باسکراوە، بەڵام وەك بابەتێکی لاوەکی خراوەتەڕوو[1]. بۆیە دیاریکردنی شوێن و دووری نێوانیان( ئەنافۆرو ئاماژەبۆکراوەکەی) وا بەئاسانی و بەوردی و بەیاساو ماتماتیکییانە ناتوانرێت بەئاکام بگەیەنرێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە پێویستە لەڕووی کەس و ژمارەوە،وەك یەك ( هاونیشانە )بن لە دەربرینەکاندا . دەربڕینەکان لەڕستەیەکەوە دەست پێدەکەن تا چەند ڕستەیەك، دەقێك ،شعرێك، ڕۆمانێك و... .هتد.بەرجەستە بکات.

بەگشتی ئەو لێکۆلینەوانەی لەزمانەکانی تردا، وەکو زمانی ئینگلیزی بەئەنجام گەیەنراون، بە زۆری لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی دووری نێوانیان لە دوو ڕستە یان سێ ڕستە تێناپەڕێت.(Hobbs)لە ساڵی 1978ئەوەی دۆزییەوە، کە لە 98٪ جێناوەکان ئاماژەبۆکراوەکەی لە هەمان ڕستەیە. (Herez) لە ساڵی 1994 لێکۆڵینەوەیەکی کرد و لە هەموو ئەو زانیارییانەی کۆی کردەوە لەسەر بابەتەکەی ئەوەی دەرخست کە هەر (269) جێناوی کەسی (84) یان ئاماژەبۆکراوەکانیان لە هەمان ڕستەدان، لەهەمان کاتدا (126)یان ناگەڕێنەوە بۆ یەکەیەکی سەربەخۆ لە ڕستەی پێشودا، بەمەش(16)جێناویان ئاماژەبۆکراوەکانیان لەدوو ڕستەی دواتردا بوون، (44) جێناویان ئاماژەبۆکراوەکانیان لە سیّ ڕستەی دوای خۆیان بوون [2]. (Fraurud)لە ساڵی 1988 دا لێکۆڵینەوەی لەسەر ڕۆمان و ڕاپۆرتی داواکاری و بابەتەکانی دەربارەی تەکنەلۆژیا و داهێنان لە سوید کرد، ئەوەی دۆزییەوە، کە 90٪ ی حاڵەتەکانی ئاماژەبۆکراوەکان لەهەمان ڕستەدا هەبوون، وەك ئەنافۆڕیان لە ڕستەی پێش خۆیان. (Guindon) لە ساڵی 1988 هەمان ئەنجامی لە گفتوگۆکاندا بەدەستهێناوە. لێرەدا Fraurud و Guindon تێبینی ئەوەیان کرد پۆلێکی زۆر کەم لە ئەنافۆڕی ماوەدرێژ[3] هەیە، کە ئاماژەبۆکراوەکانیان لە هەمان ڕستە یان ڕستەی پێش خۆیان نەبن. دوورترین دووری لەنێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەیدا، کە Hobbs باسی کردوە (13) ڕستەیە، فراود (15)

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە 1.هۆگر مەحموود(2000: 86-70) 2.محەمەد مەحویی(2000: 147)

2 Mitkov(2002:17 )

[3] ئەنافۆڕی ماوە درێژ :بریتییە لەو ئەنافۆڕەی کە دووری نێوان ئەنافۆڕەکە و ئاماژەبۆکراوەکەی زۆر بێت لە چەند ڕستەیەك تێپەر بووبێت, وەك ئەوەی Hobbs وFraurud باسیانکردووە ماوەی دوورییەکە لە سیازدە ڕستە بۆ پازدە ڕستەیە .

ڕستەی بە دوورترین دووری ئەنافۆڕی داناوە. لێکۆڵینەوەکەی Fraurud ئەوە دەچەسپێنێت، کە ئەو دوورییە دەبێتە هۆی بە جێناو کردنی جێناوەکە. ئەم بەڵگەیەش زیاتر لە بابەتی ئەدەبی بەتایبەتی لە چیرۆك ،یان ڕۆماندا دەگونجێت ،کە ئەنافۆڕی ماوەدرێژ هەبێت،[2]. ئاشکرایە ئەنافۆڕ تەنها لە دەقی ئەدەبی و زانستییدا نییە، بەڵکو لە دەربڕینەکانی ڕۆژانەشدا هەیە، بەلاّم بەپێی ماوەی دەربڕینەکە شوێنی دورییەکە دەگۆڕێت Biber لە توێژینەوەکەیدا دەلێت : ((لە ڕێپۆرتاژی هەواڵەکان و پەخشانە ئەدەبییەکاندا، دووری لە نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەیدا، وەك لە گفتوگۆ و قسەی گشتی زیاترە)).[3]

واتە لە بابەتە ئەدەبی و زانستییەکاندا ئەنافۆڕی ماوەدرێژ زیاترە. ئەنافۆڕ وەك دیاردەیەك هاوشوێنی ئاماژەبۆکراوەکەیەتی، بەلاّم بەکەرەستەیەکی ترو بە شێوەیەکی جیاوازتر هەمان دەربرین دەدات و لە ڕووی کەس و ژمارەوە هاونیشانەن، واتە سنووردارکردنی ئاماژەبۆکراوەکە بە کەرەستەیەکی تری هاوپۆلی خۆی. هەر وشەیەك لە توانایدا بوو هاونیشانە بێت، لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا لە ڕووی کەس و ژمارەوە دەبێتە ئەنافۆڕ، جا ماوەکەی هەر چەند بێت. **Ariel** لە سالی1990دا سەرپەرشتی بابەتێکی دەکرد و گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەنافۆڕەنیشانەییەکان (جێناوی نیشانە–هاوەڵناوی نیشانە) بەزۆری لە جێناوەکاندا ئەنافۆڕی ماوەدرێژ بوون ،نوسەر ئەوەی دۆزییەوە تارادەیەك شتێکی باوەبۆ ناوەتایبەتییەکان، کە (30) ڕستە زیاتر ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی لەیەکەوە دووربن[3].

سەرەڕای ئەم لێکۆڵینەوانە و چەند لێکۆڵینەوەیەکی تریش لەزمانی ئینگلیزیدا، هێشتا نەگەشتونەتە ئەو ئەنجامەی، کە بەتەواوی شوێنی ئاماژەبۆکراو دوورییەکەی لە ئەنافۆڕەوە دیارییبکەن، هەر توێژەرێك ڕایەکی هەیە، بەڵام بەڕای زۆرینەیان[4] دوای دوو ڕستە یان سێ ڕستە دیاریدەکەن، بەڵام دوورترین دووری (30 ) ڕستەیە. ئەنافۆڕی ماوەدرێژ زیاتر لە بابەتی ئەدەبیدا زۆرترە بەتایبەتی لەڕۆمانەکاندا، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕووداوانەوەیە کە دەکەوێتە ناو باسەکەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا لێکۆلینەوەی لەم جۆرە نەکراوە, شوێنی ئاماژەبۆکراوەکان زیاتر لە ڕستەدا ڕونکراوەتەوەو دوورییەکە دیارینەکراوە، بەلاّم بەپێی خوێندنەوەی دەقەکان و دەربڕینەکان تاڕادەیەك لە ڕستەیەکەوە تا چوار ڕستە دووری ئەنافۆڕ لە ئاماژەبۆکراوەکەوەیە.

[2] Mitkov(2002:17-19)
[2] Biber(1998: 34)
[3] Ariel(1990:80)
4 1. Mitkov(2002) ,2. Ariel(1990), 3. Biber(1998),4.Cowper(1992)

**لەسەر ئەم لێکدانەوانەدەتوانین جۆرەکانی ئەنافۆر بەپێی شوێنی ئەنافۆر و ئاماژەبۆکراوەکانیان جیابکەینەوە:**

کاتێك باسی شوێنی ئاماژەبۆکراومان کرد نەگەشتینە ئەو ئەنجامەی ئەنافۆر دوای چەند ڕستە دەگەڕێتەوە بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی، ئەمەش یەکەم لەبەرنەبوونی لێکۆڵینەوەی پێویست و دووەم لەبەر ناجێگیری ئەنافۆرو نەبوونی شوێنی جێگیری لەدەربڕاوەکاندا و گەڕانەوەی بۆ پێشەوە، دەتوانین بەپێی شوێن دوو جۆر ئەنافۆر دیارییبکەین[1]:

**1- ئەنافۆری ڕستەی (ماوەکورت)**Intrasentential

**2- ئەنافۆری دەقی (ماوەدرێژ)**Intersentential

### 1-ئەنافۆری ڕستەی (ماوەکورت)Intrasentential

شوێنی ئەنافۆر و ئاماژەبۆکراوەکەی لە هەمان ڕستەدان، ماوەی نێوانیان زۆر لەیەکەوە دوور نییە، جێناوەخۆییەکان و جێناوە هاوبەشەکان نموونەی زۆر ڕوونی ئەم جۆرەن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە جێناوە کەسییەکان، فرێزی ناوی و ...هتد. ئەم ئەرکە نابینن بە پێچەوانەوە دەتوانن وەك ئەنافۆری ڕستەی دەربکەون, هەندێکجار ڕستەکە سادە نییە, بەڵکو ڕستەیەکی ئاڵۆزە و جێناوەکەسییەکان، جێناوەخۆییەکان و فریزەکان وەك ئەنافۆر لەپاڕستەی ڕستە ئاڵۆزەکەدا دەردەکەون, بەڵام ئەمەش هەر ئەنافۆری ڕستەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدایە, گرنگ ئەوەیە ئەنافۆڕەکە ڕستەیە جا ڕستەکە سادە یان ئاڵۆز بێت.

بۆ نموونە :-

10-أ)ئارێزو پەری یەکترییان خۆشدەوێت. (ڕستەی سادە )

i i

10-ب) ئارێز یەکەم بووە، بەڵام خۆی نەی زانیوە.(ڕستەی ئاڵۆز)

i i

---

[1] بۆزانیاریی زیاتر بروانە 1. قەیس کاکل (2002 ). 2.Mitkov(2002: 25-46) 3. کاروان عومەر(2010: 69-169 )

## 2– ئەنافۆڕی دەقی (ماوەدێژ) Intersentential :

شوێنی ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی لە هەمان ڕستە دا نین، بەڵکو ئەنافۆڕە ئاماژەبۆکراوەکە لە ڕستەیەك، یان چەند ڕستەی دواتردایە، لێرەشدا ژمارەی ڕستەی بۆگەڕاوەی ئەنافۆڕەکە دیاریناکرێت و ئەمەش نابێت بەگرفت بۆ ئاماژەبۆکراوی ئەنافۆڕەکە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە دوای چەند ڕستەیەك بێت هەردووکیان لە ڕووی کەس و ژمارەوە هاونیشانە بن.

11)یەکەمی خوێندنگەکە، کەخەلاتی یەکەمی وەرگرت زۆر سەری سورما بینیی، هاوڕێ

i i i

خۆشەویستەکەی، لەگەڵ کەسێکی تردایە، کە پێشتر ڕقی لێیبوو ئەوی جێهێشت و ڕۆیشت .

i

### 3–2/ 1)جۆرەکانی ئاماژەبۆکراو :

ئاماژەبۆکراو ئەو کەرەستە سەرەکییەیە، کە ئاماژەی بۆ دەکرێت لە لایەن کەرەستەیەکی لاوەکییەوە و کەرەستە لاوەکییەکە واتا لە کەرەستە سەرەکییەکە وەردەگرێت و لەڕوی کەس و ژمارەوە هاونیشانەیە لەگەڵ . واتە فۆڕم و ناواخن و کرۆکی ئەنافۆڕ لە ئاماژەبۆکراوەکەیەوە دیاریدەکرێت، بە پێوستی دەزانین پێش ئەوەی باس لە جۆرەکانی ئەنافۆڕ بکرێت، پێویستە جۆرەکانی ئاماژەبۆکراو دیاری بکەین و بزانین ئاماژەبۆکراو چییە و چەند جۆری هەیە :

أ) ئاماژەبۆکراوێك لە پێشەوەی ئاماژەپێکەرەکەیەتی، کەبە ئەنافۆڕ ناو دەبرێت .(ئاماژە بۆکراوەکە بە زۆری فرێزیکی ناوی دەبێت )[1]، واتە ئاماژەدانە بۆناوێك. هەرچەندە مەرج نییە ئاماژەبۆکراو، تەنها ناو یان فرێزێکی ناوی بێت, بەڵکو دەشێت جێناوێکی کەسی بێت .

12–أ)ئێمەوئێوە کراسێکمان دووری, لەبەرمان کرد.

i i

[1] Mitkov,(2002,17)

ئەم ڕستەیە ئەگەر لە ڕستەکە ورد ببینەوە دەبینین، کەفرێزی (ئێمە و ئێوە) لە ڕووی کەس و ژمارەوە، هاونیشانەیەلەگەڵ.جێناوی لکاوی (مان )،وە ئەنافۆڕ دادەنرێت، بۆ ئاماژەبۆکراوی جۆری جێناوی سەربەخۆ.

12 –ب)من نازانـم لە تاقیکردنەوەکەدا باش دەبـم یان نا.




12–ج)ئەوان لەوانەیە یارییەکە ببەنەوە ، ئەمەش ئێمە سەربەرز دەکات.




تێبینی ئەوە دەکەین، لەو نموونانەدا، کەجێناوەکان بەگشتی جێناوی( کەسی سەربەخۆ ،لکاو،نادیار، نیشانەو...هتد)، لە توانایاندا هەیە ببن بە ئەنافۆڕ بۆفرێزێکی ناوی یان جێناوێکی کەسی سەربەخۆ یان ڕستەیەکی تەواو ...هتد. بەپێی جۆری بۆگەڕاوەکە و بوونی هاوئاماژەیی لە نێوان ئەنافۆڕو ئاماژەبۆکراوەکەیدا. لەهەندێك حاڵەتدا دەگونجێت ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی هاوپایەبن بەدوو فرێزی ناوی یان زیاتر بەهۆی ئامرازە لێکدەرەکانەوە بەسترابن بەیەکەوە[1]و دەشتوانرێت بە ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوی لەیەکچوو ناویان ببەین.

13–أ)پەری دە سێوی کڕی، بەڵام هەموو سێوەکان خراپ بووبوون.




ئاماژەبۆکراوی هاوپایە زیاتر لەڕستەی لێکدراودا دەردەکەوێت، کە جێناوە نادیارەکان دەینوێنن[2]، لێرەدا بە هۆی هەست و ئاماژەکردنی ئاماژەبۆکراوەکە دەزانێت ئەنافۆڕەکە کامەیە.

**ب)** ئاماژەبۆکراوێك لەدوای ئاماژەپێکەرەکەیەتی، کە دەناسرێت بە (کەتافۆڕ)، کە ئەمەش بەهەمان شێوەی ئاماژەپێکراوی لەدواوەیە، بەڵام ئاماژەکردنەکەی بۆ پێشەوەیە.

13–ب) ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، کارەکانی حوکمەتە.




---

1 Ibid:17

2 بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە 1.محەمەدی مەحویی(2011).

2.ئەورەحمانی حاجی مارف(1987)

## 1/3)تایبەتمەندییەکانی ئەنافۆڕ:

کاتێك وشەیەك یان دستەواژەیەك دەبێتە ئەنافۆڕ پێویستە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەك بێت لەوانەش:

1-بوونی ئاماژەبۆکراوێك.

2-هاونیشانەیی لەنیوان ئەنافۆرو ئاماژەبۆکراوەکەیدا، لە ڕووی کەس و ژمارەوە.

3- ئەنافۆڕ تایبەت نییە بەیەك کەرەستە، وەك جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش، واتە هەموو ئەنافۆڕێك جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش نییە، هەموو جێناوێکی خۆیی و هاوبەشیش ئەنافۆڕ نین.

4-تایبەتمەندییەکی تری ئەنافۆڕ ئەوەیە،کە ( لە توانایدا هەیە وزەکەم بکاتەوەو بەکەمترین کەرەستە زۆرترین زانیاری بگەیەنێت .)[1] واتە دەتوانرێت ئەنافۆڕ بە ئیکۆنۆمی لە زماندا دابنرێت.

## ( 1/4 )جۆرەکانی ئەنافۆڕ Types of Anaphora:

دیاریکردنی جۆرەکانی ئەنافۆڕ بەپێی شێوەی فۆڕمی ئەنافۆڕییان، بەپێی ڕای زمانەوانەکان چەند جۆرێك ئەنافۆڕیان دیاریکردووە، لێرەدا بیرو ڕای هەندێك لە زمانەوانەکان لەسەر دابەش بوونی ئەنافۆڕ دەخەینەڕوو، بەڵام ئێمە پەیڕەویی یەك جۆر دابەش بوونیان دەکەین ، کە بۆ زمانی کوردی بگونجێت و لەسەر ئەو دابەش کردنە لە زمانی کودیدا بەپێی فۆڕمی ئەنافۆڕیان کەرەستەکان دابەشدەکەین .

- Mitkov [2] جۆرەکانی ئەنافۆڕی بەپێی شێوەی فۆڕمی ئەنافۆڕییان دابەشکردووە، بەم شێوەیە

1- ئەنافۆڕ ی جێناوی Pronominal Anaphora

2- ئەنافۆڕی فرێزی ناوی فەرهەنگی Lexical Noun Phrase Anaphora

3- ئەنافۆڕی ناوی Noun Anaphora

4- ئەنافۆڕی کرداری یان ئەنافۆڕی ئەدڤێربلی Verb Anaphora , Adverb Anaphora

5- ئەنافۆڕی سفر Zero Anaphora

-[3] Alan جۆرەکانی ئەنافۆڕی بەم شێوەیە دابەش کردووە :

1- ئەنافۆڕی فرێزی ناوی Full NP Anaphora

---

[2] Mitkov(2002:12)

[3] Ibid-14

[1] Alan,(1992:52-56)

2– ئەنافۆرە ئالۆزەكان Complex Anaphora

3–كەتافۆڕ Cataphora

4–جێگرەوەكانی دیاریكردنی ئاماژەبۆكراوەكان Alternatives to Identity of Refrence

– Denber[2] جۆرەكانی ئەنافۆڕی بەم شێوەیە دابەشكردووە:

1–جێناو Peonominal

2–ڕادە Quantifier

3–ژمارە Ordinal

4–پرس Question

5– ئەنافۆڕی ڕووداو Eevent anaphora

6–(ئەو) ی زیادە لە بەكار هێناندا Pleonastic it

7–دۆخە تایبەتییەكان Special Case

-دەگونجێت ئەم دابەش كردنەی Denberیش تاڕادیەك ، لەگەڵ یاساو ڕێساكانی زمانی كوردییدا بگونجێت وبەكاربێت.

–دابەش كردنێكی تر لە جۆرەكانی ئەنافۆڕ دابەشكردنەكەی Striegnitz[3] بوو.

1– ئەنافۆڕی كرداری Verb Phrase Anaphora

2– وەڵامی ناڕستەیی لە گفتوگۆدا Noun- Sentential Answers in Diselogus

3–داڕشتنی ڕستەی سینتاكسی بێ یاسا Noun-canonical Syntacti Constructions

ئەم دابەش بوونانە، ئەگەر بێت و بەشێوەیەكی ورد لێكۆڵینەوەیان لەسەربكرێن، دەگونجێت هەموو جۆرەكانی لە زمانی كوردیدا هەبێت، بەڵام ئێمە لێرەدا پەیڕەوی دابەش كردنەكەی mitkov دەكەین، چونكە جۆرەكانی زیاتر لەزمانی كوردیدا دیارن و دەكەوێتە بەر تیشكی ئەو تیۆریەی كە پەیڕەو كراوە لە لێكۆڵینەوەكەدا .

## 1–1/4) **ئەنافۆڕی جێناوی** Pronominal Anaphora:

زۆر لە زمانەوانەكان جێناوەكان بە ئەنافۆڕ دادەنێن وەك لە (2/1) خرایە ڕوو. ئەم جۆرە بە بەرفراوانترین جۆری ئەنافۆڕ دادەنرێت بەتایبەتی جێناوی خۆیی ، جێناوی هاوبەش ، جێناوی كەسی

---

1 Denber(1998:9-11)

3 Strignitz(2005:56-58)

سێیەمی تاك، کە زۆر چالاکن لە ئەنافۆڕ دروستکردندا، (جێناوەکان بە بەرفراوانترین جۆری ئەنافۆڕ دادەنرێن)[1]. هەروەها جێناوی (خۆیی و هاوبەش) لە تیۆری دەسەلأت و بەستنەوەدا GB بە پلەی یەکەم دێت لە بەکارهێناندا بۆ ئەنافۆڕ و سنوردارن، (جێناوەکان دەبن بە ئەنافۆڕ ئەگەر ئاماژەبۆکراوێك هەبێت و حوکم بکرێت لەلایەن کەرەستە حوکمکارەکەیانەوە (ئاماژەبۆکراوەکەیەوە))[2]. پێویستە کاتێك ئاماژەبۆکراوەکە حوکمی ئاماژەپێکەرەکە بکات لە ڕووی کەس و ژمارەوە هاونیشانەبن.

14–أ) پەری ئەوی خۆشدەوێت.

j i

14–ب) پەری خۆی خۆشدەوێت.

i i

14–ت) پەری دەیزانی، کە ئەو یەکەمە.

j /i i

ئەگەر سەیری ئەو ڕستانەی سەرەوە بکەین دەبینین لە ڕستەی(14–أ)دا (پەری)و (ئەو) هاونیشانە نین و (ئەو)، وەك کەرەستەیەکی سەربەست ئەرك دەبینێت و ناگەڕێتەوە بۆ (پەری)، بەلأم لە ڕستەی (14–ب)دا (خۆی) هاونیشانەی (پەری)یە و ئاماژەی بۆ دەکات. کەواتە ئەنافۆڕە. لەڕستەی (14–ت)دا (پەری) و (ئەو) دەگونجێت ئەنافۆڕبن بۆ یەکتری بگەڕێنەوە، ئەمەش دەکەوێتە سەر ئاستی تێگەشتنی هاوبەشیکەران (قسەکەرو گوێگر) ئاخاوتن، دەشگونجێت ئەنافۆڕو ئاماژەبۆکراو نەبن و هەریەکەیان بۆ کەسێکی سەربەخۆ بگەڕێنەوە، ئەمەش لەبەر ئالۆزی وردی ئەنافۆڕە، چونکە ئەنافۆڕ بابەتێکە زیاتر پەیوەندیی بە ئاستی بەکارهێنان و تێگەشتنەوە هەیە.

**جێناوی سەربەخۆ:**

15) خۆشترین قسە بۆ شەن ئەوە بوو ، کە کاروان بڵێ ئەوم خۆشدەوێت.

i i

---

[1] Mitkov(2002:8)

[2] Culicover(1997:67-71)

ئه ——→ ئا

**جیناوی لکاو:**

16-أ) کوڕەکان ڕۆمانێکیان خوێندەوە.

i i

ب – تۆ دارەکەت چاند.

i i

**جێناوی هاوبەش**

17)نەسرین ونەرمین یەکتریان خۆشدەوێت.

i i

**جێناوی نیشانە**

18) دالیا هەرچەندە وێنەی زۆر ڕوونی بەکار هێنا بۆ وەسفکردن و ناساندنی خەونەکانی، بەڵام ئەوە

i i

بووە بەربەستێك بۆکارەکەی.

لە ڕستەکەدا جێناوی نیشانەی(ئەوە) ئەنافۆڕی فرێزی(وێنەی زۆر ڕوون)ە هاوئاماژەی یەکترن.

جێناوەخۆییەکان و pro سەربە یەکە فەرهەنگییەکان ((جێناوەکان))ن, جێناوەخۆییەکان کەرەستەی سەرەتایی زمانن بەنیشانەی تایبەتی زگماکی [+ ئەنافۆڕ]، و بەپێچەوانەوە pro نیشانەی [+جێناو]ی هەڵگرتووە.[1] جێناویخۆیی دەگونجێت ئەنافۆڕ نەبێت[2]، جێناوەکان کەمترین ناوەڕۆکی سیمانتیکییان هەیە[3]، هەر لەبەر ڕۆشنای ئەمە دەتوانین بلێین:

جێناوی خۆیی [ ± ئەنافۆڕ ، +جێناوە]

1 محەمەدی مەحویی (2001: 213 )

2 بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە: 1.سەباح ڕەشید (2009: 129-144). 2. بەدرخان سلیمان ( 2006 : 58 ) 3.نەسرین فەخری (1989: 208-233)

3 Alan(1992:53)

## 2-1/4) ئەنافۆڕی فرێزی ناوی فەرهەنگی :

ئەگەر فرێزی ناوی ئاماژە بە هەمان کەس بدات پێویستە بە تەواوی و بە ڕوونی، لەگەڵ ئەو کەسەدا هاوئاماژە بێت، کە هەمان سەرەی فرێزی ناویان هەیە, هەندێجار ئەم جۆرە لەڕێی هاوواتای فرێزەکانەوە دروست دەبن.

19 أ)من وشیلان و ناز بەفرۆکە ڕۆیشتین ،**بەڵام** نەسرین لە تەیارە دەترسا.




لەم ڕستەیەدا وشەی (فرۆکە و تەیارە) دوو وشەی فەرهەنگی هاوواتان,(تەیارە) ئەنافۆڕە بۆ فرۆکە, دەشتوانین وشەی (تەیارە) لابەرین و هەر وەك ئەنافۆڕ، ڕۆڵ ببینێت و بە ئەنافۆڕی نادیار ناوی ببەین و واتاکەی لەڕێی تێگەشتنەوە بزانرێت[1]. وەك ڕستەی (19-ب)دا دیارە.

19-ب) من وشیلان و ناز بەفرۆکە ڕۆشتین، بەڵام نەسرین لێی دەترسا .




جۆرێکی تر لە لەپەیوەندیی فەرهەنگی نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی بەخشینە(پۆل گۆڕین) یان گەیاندنە لەخێزانە وشەکانەوە، کە ڕێگە دەدات وشەکانی پۆلە جیاوازەکان پەیوەندی پێکەوەبگرن، دەکرێت بە یەکەوە زنجیرەیەکی ئاماژەییان هەبێت[2]، وەك لەکردارەکاندا .بۆ نموونە :

20) پاشا جەنگێکی گرنگی بردەوە، ئەو سەرکەوتنەی ئەوی کرد بە بەهێزترین لەوڵاتەکە دا، لەڕاستیدا هێز مەزنترە لەو یاسایانەی پێش ئەو هەبووە.

لەم نموونەیەدا (بردنەوە)و(سەرکەوتن )هەمان پەیوەندی فەرهەنگییان هەیە، وەك ئەندامەکانی هەمان خێزانە وشە، هەروەها (بەهێزترین )و(بەهێز) بەهەمان شێوە .

ئەمانەش بە شێوەی سینتاکسیی هەستی پێدەکرێت، وەك فرێزی ناوی ناسراوی, ناوی تایبەتی و هەرچەندە جێناوی کەسی جێناوی خۆیی ، جێناوی خاوەنیەتی ، جێناوی نیشانە، ناوی ناسراوی،

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :کاروان عومەر(2010: 120)

[2] http//www.phon.ucl.a c.uk/home /dictta/anaphora/anaphpra(2012:7)

بەدەربرینی دەستەواژەی ناسراون (دادەنرێن )، بەڵام تەنها فرێزی ناوی فەرهەنگی، لەگەڵ جێناوەکانیان واتای سەربەخۆی بۆگەڕاوەکەیان هەیە، تەنها بۆ بۆگەڕاوەکە بەکارنایەت، بەڵکو زانیایی زیاترش دەبەخشن.[1]

21 یاریزانەکە یانەکەی ئاگادار کردەوە، کە لەوانەیە ئەو ڕێکەوتنەکە پشتگوێ بخات، کاپتنەکە

j / i i

ئاماژەی بۆ ئەوە کرد لەداهاتوودا.

لەڕستەی (21) دا(ئەو) جێناوێکەو ئەنافۆڕی یاریزانەکەیەو ئاماژەیە بۆی.

دەتوانرێت فرێزی ناوی ئەنافۆڕی بە چەند شێوەیەك بۆیی بگەڕێینەوە، واتە بە چەند ئامراز و جێناوێکی تر ئاماژەی بۆ بکەین و وەسفی بکەین زانیاریی زیاتر بخەینەڕوو. زانیاریی زیاتر دەبەخشرێت لەڕستەیەکدا بەهۆی دەستەواژەیەکی بۆگەڕاوەی ناسراو و پەیوەندیی سیمانتیکی چاوەڕوانکراو بە بۆگەڕاوەکەیەوە، بەم شێوەیە پەیوەندیی نێوان یەکەکانی ڕستەکە زیاتر دەبێت، فرێزی ناوی ئەنافۆڕی لەوانەیە هەمان سەرەیان هەبێت، وەك بۆگەڕاوەکەیان سەرەی ڕستەکەن یان پەیوەندیی نێوان دەستەواژەی گەڕاوە بۆ بۆگەڕاوەکەی، لەوانەیە هەندێجار پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی هاوواتایی بێت وەك: قوتابخانەو خوێندنگە یا نەخۆشخانەو خەستەخانە یا چوون و ڕۆشتن...هتد.

22)پەری نەچووبۆ قوتابخانە، هەرچەندە(خوێندنگە) بەکەڵکە.

i i

زۆرکات لەوانەیە ئەنافۆڕەکە بۆ واتای بنەرەتی خۆی بەکار نەهاتبێت، بۆ واتایەکی تر بەتایبەتی لە پەندەکاندا بەکارهاتبێت .

23) نازدار ئەوەندە قسەدەکات دەلێی ڕادوێویە.

i i i i

## 3-1/4 ) ئەنافۆڕی ناوی یان فرێزی ناوی :

ئەنافۆڕی ناوی یان فرێزی ناوی وەك یەك ڕەفتار دەکەن. ئەنافۆڕەکە ئەگەر وشەیەك یان جێناوێك بێت، هەربە فرێز ناوزەند دەکرێت. هەرچەندە Mitkov ئەنافۆڕی فرێزی ناوی و ئەنافۆڕی ناوی

---

1 Mitkov(2002:9)

جیاکردووەتەوە دەڵێت:((فرێزی ناوی ئەنافۆڕی و ئەنافۆڕیناوی نابێت لەگەڵ یەکتر تێکەڵبکرێن، چونکە ئەنافۆڕی فرێزی ناوی، پەیوەندیی نێوان پرۆ (Pro) فۆرمێکی فەرهەنگی سەرەی ناوی یان گروپێکی ناوی یان فرێزی ناوی دەکات،بەلاّم ئەنافۆڕی ناوی نوێنەرایەتی حالّەتێکی تایبەتی یان حالّەتێکی بەستنەوەی مانای دەکات))[1]. ئەنافۆڕ لەبەر ئەوەی هاوئاماژەیە، لەگەڵ بۆگەڕاوەکەیدا بەپێی کەس و ژمارەی ئاماژەبۆکراوەکەی کەس و ژمارە وەردەگرێت، ئەگەر وانەبێت ئەوا دیاردەی ئەنافۆڕ دروست نابێت، جا ئەنافۆڕەکە جێناو،یان فرێزی ناوی بێت، گرنگ هاونیشانە بوونی ئەنافۆڕو ئاماژەبۆکراوەکەیەتی بەپێی بیردۆزی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە هەموو ناوێك یان جێناوێك بەفرێز دادەنرێت .

23)پەری نمرەی زۆر دێنێت، چونکە خوێندکارێکی زیرەکە.

i i

## 1/ 4–4) ئەنافۆڕی کرداری و ئەنافۆڕی ئەدڤێربڵی:

ئەنافۆڕی کرداری جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەنافۆڕ بەپێی شێوەی فۆڕمی ئەنافۆڕی[2]. یەکێکە لە یەکە زمانییە گرنگەکان، کە کەتیگۆرییەکی (پۆلێکی )زۆر گرنگی ڕستەیە لەتوانایدا هەیە ببێتە ئەنافۆڕ بەمەرجی هاوئاماژەییەك یان بۆگەڕاوەییەکی لە پێشەوەی خۆی هەبێت.

24) پەری ئەمساڵ سەرکەوتوو بوو ، هەروەها کاروانیش ........ .

i i

لەڕستەی(24)دا فرێزی کرداری (سەرکەوتوو بوو) لە ڕستەی دووەم کرتاوەو بوە بە ئەنافۆڕی سفر واتە ئەنافۆڕی کرداری لە شێوەی کرتاندنی کارەکە ( ئەنافۆڕی سفری دواتر باسی دەکەین )یان فرێزە کرداریەکەدا دەردەکەوێت، لەزمانی ئینگلیزیدا بەم شێوەیە نییە، جێکەوتەیەکی لە شێوەی (do,does,did) لێیجێدەمێنی، بەلاّم لەزمانی کوردیدا لەڕێی واتاوە دەزانین ئەنافۆڕەکە دیارنییە.

25–أ) پەری نانی خوارد منیش چا.......... (م خوارد ) کردار

i i

[1] Mitkov(2002:11)

[2] Ibid:12

25ب)من وانەكەم نوسییەوە هەروەها نەسرینیش .......... (وانەكەی نوسییەوە)   فرێزی كرداری

i   i

ئەم دیاردەیە زیاتر لەو ڕستانەدا دروست دەبێت، كە دوو كەس هەمان كرداریان كردبێت و پێویست ناكات كردارەكەی تر دووبارە بكرێتەوە . ئەنافۆڕی ئەدڤێربلی (هاوەڵكردار[1]) ئەنافۆڕی هاوەڵكرداری دەكرێت بەجۆرێ لە ئەنافۆڕ لەدەربڕاوەكاندا دابنرێت، جا هاوەڵكردارەكە  كاتی بێت یان شوێنی ...هتد.

26) من پێویستە بڕۆمە ئێرە، تۆش پێویستە بێیت......(بۆ ئێرە)       هاوەڵكرداری شوێنی

i   i

لە ڕستەكەدا (ئێرە )هاوەڵكرداری شوێنییە و لەڕستەی دووەمدا دەرنەكەوتووە.

## 5-1/4) ئەنافۆڕی سفر Zero Anaphora :

بەشێكی گرنگی ئەنافۆڕە، بەپێی شێوەی فۆڕمی ئەنافۆڕی پێی دەوترێت ئەنافۆڕی سفر(كرتاندن Elipsis)وبەم شێوەیە /Ø /  هێما دەكرێت. ئەم جۆرە لە یەكەم سەیركردنی دەربڕینەكەدا وا دەرناكەون، كە هەبن، لەبەر ئەوەی بەئاشكرا لەڕستەكەدا نەهاتوون و بە وشەیەك یان فرێزێك نوێنراون  و بە دەربرینی كەم و گەیاندنی زانیاریی زۆر و ڕزگاربوون لە دووبارە بوونەوە دەناسرێنەوە..

كرتاندن[2]یان ئەنافۆڕی سفر  ئاڵۆزترین جۆری ئەنافۆڕە، چونكە دیاردەیەكە، لەگەڵ سڕینەوەی فۆڕمێكی زمانی (كەرەستەیەكی زمانی) یەكدەگرێت، كە كار ناكاتە سەر واتای ڕستەكە ( زمان كەرەستەیەك فڕێ نادات، كە پێویستی بێت[3]) هۆی  زۆری ئەم دیاردەیەش ئەوەیە، كە (زمانی كوردی

---

[1] بۆزانیاریی زیاتر لەسەر هاوەڵكردارو جۆرەكانی بروانە 1.كۆڕی زانیاری ( 1976: 284-304)
2 .ئەورەحمانی حاجی مارف (1998)

[2] د.بەكر عومەر لەنامەی ماستەرەكەیدا باسی لە كرتاندن و جۆرەكانی كردوە،بەڵام بەشێوەی ئەنافۆڕی سفر دیارینەكردووە .بروانە بەكر عومەر علی (1992 )

[3] بەكر عومەر (1992: 56)

زمانێکی لکاوی بکەرخراوە)[1]. ڕێگە دەدات بە دەرنەبڕینی بکەرەکەی بەبێ شێواندنی واتا. یان کرتاندن واتە ئاماژەکردن بەپەیوەندیی کاتێك ئاماژەکردنی بەیەکەکان لەبەکارهێناندا ئەنافۆڕین. ئەو دەستە لە لەپەیوەندیی واتادا وەك یەکن. واتە ئاماژەکردنی کرتێنراو یان گۆڕاوەکە بۆ هەمان ئاماژەپێکراوەکە بگەڕێتەوە. هەرچەندە شێوەی پێکەوە نوسانی ئەنافۆڕ، لە دەقدا تەواوکراوە لەلایەن کرتێنراوەکانەوە کاتێك واتاکەی لەپێشەوە دەبێت[2].

ئەم دیاردەیە ڕێگە لە دووبارە بوونەوەی کەرەستەکان دەگرێت لە ڕستە و دەربڕاوەکاندا. شوێنی ئەنافۆڕی سفر ئاماژەبۆ گرنگی واتاو ئەرکەکەی دەکرێت لەڕێی بۆگەڕاوەکەیەوە (سڕینەوە یان لابردنی کەرەستەیەك لەدەربڕینەکاندا کار نەکاتە سەر واتاو دەتوانرێت بەهۆی کەرەستەیەکی تری ئاماژەبۆکراوی ناو دەربڕینەکە لێی تێبگەین )[3].

27) پەری بەزمەکەی نایەوەو Ø چاوەڕێیشی نەکردین .




کرتاندن مەرج نییە هەموو کات ڕوو بدات لەکاتێکدا ڕوو دەدات، کە کار نەکاتە سەر واتاو ڕیزبوونی کەرەستەکانی دەربڕاوە زمانییەکە. یەکێك لەمەرجەکانی کرتاندن ئەوەیە، کە کەرەستەی ناوکۆ هەبێت[4].واتە لەناو دەربڕینەکاندا کەرەستەیەك هەبێت بتوانێت لەڕێی ئاماژەبۆکردنەوە جێی ئەنافۆڕەکە بگرێتەوەو کۆنترۆڵی کرتاندنەکە بکات.

28–أ) تۆ دەرگاکەت داخست یا پەری Ø Ø.(دەرگاکەی داخست)




لەبنەرەتدا ڕستەی (28–أ) لە شێوەی (28–ب)دایە.

28–ب)تۆ دەرگاکەت داخست یان پەری دەرگاکەی داخست .




---

[1] محەمەدی مەحویی (2011: 6–16)

[2] Haliday(1985: 24)

[3] http//www.phon.ucl.a c.uk/home dictta/anaphora/anaphpra(2012:7)

[4] بەکر عومەر علی (1992: 52)

یان دەتوانین بەم شێوەیە کرتاندنەکە دەربڕین لە ئاستی قووڵەوە بۆ ئاستی ڕووکەش بڕۆین

29–أ) مامۆستا وتی : ئێوە شیعرەکە بنووسنەوە و ئێوە شیعرەکە لەبەرکەن . (ئاستی قووڵ)

i i

29–ب) مامۆستا وتی ئیوە شعرەکە بنوسنەوە و∅ ∅ لەبەرکەن.

i i

29–ت)ماموستا وتی ئیوە شعرەکە بنوسنەوەو لەبەریکەن. (ئاستی ڕووکەش)

## ئەنافۆڕی سفر

ئەنافۆڕی سفر(∅ )،بەم نیشانە هێمادەکرێت، کەرەستەیەك نییە بینوێنێت، واتە وێنەی نییە، بەڵام واتای هەیە، واتاکەشی لە واتای ئاماژەبۆکراوەکەیەوە وەردەگیرێت و هاوپەیوەندییە لەگەڵی چەند جۆرێکی هەیە:

### 1-5-1/4) ئەنافۆڕی جێناوی سفر :

ئەنافۆڕی جێناوی سفر جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەنافۆڕ سفر، ئەم دیاردەیە بەڕوونی لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی لە جێناوە کەسییەکاندا بەرچاو دەکەوێت[1]، بەڵام ئەم جۆرە لە زمانی ئینگلیزیدا لە

[1] دیاردەی کرتاندن یان ئەنافۆڕی جێناوی سفر زۆر بەڕوونی لەزمانی کوردیدا بەدیدەکرێت, بەتایبەتی لە جێناوە کەسییەکاندا، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە زمانی کوردی جێناوی لکاوی هەیە، شوێنی ئەو جێناوە سەربەخۆیە دەگرێتەوەو بەهەمان کەس و ژمارە ئاماژە دەکات بۆی. پەیوەندیی نێوان کرتاندن و ئەنافۆڕی جێناوی سفر پەیوەندیەکی هاوبەشە هەموو کرتاندنێکی جێناوە سەربەخۆکە شوێنەکەی بە ئەنافۆڕی سفر پڕدەبێتەوە، ئەو کەرەستەیە، دەکرتێنریت ئاماژەبۆکراوێك یان ئەنافۆڕێك دەبێت، هاوئاماژەی بێت، لە ڕووی کەس و ژمارەوە لە ڕووی واتاشەوە دەبێت واتاکە تێکنەچێت واتای دەربڕاوەکە دروست بێت.بۆزانیاریی زیاتر لەسەر جێناوەکان بروانە:
1–ئەورەحمانی حاجی مارف ،1978ز 2–وریا عومەر ئەمین ،2009 –. 3–کوردستان موکریانی ،1984
نموونە:–
منداڵەکە گریاو و∅ خۆی ژیر بووەوە .
i i i i

ژینگەیەکی سنوردار دان و لەزمانی تری وەك کۆری و ئیسپانی و پرتوگالی .هتد. بووەتە هۆی کێشە و بەکار نەهێنانی ئەنافۆڕ[2].

30– أ )وەستاکان زۆر ماندوو بوون، چونکە Ø بەدرێژایی ڕۆژ کاریان کردووە.

i i

ئە ئا

30–ب) من نەسرینم خۆشدەوێت، لەبەر ئەوەی Ø زۆر بەرێزە لەگەڵم .

i i

ئەگەر سەیری ڕستەکانی (30–أ و 30–ب)بکەین، دەبینین لە بەشی دووەمی ڕستەکانیاندا ئەم نیشانەیە (Ø) دەبینین، لە ڕستەی (30–أ)لەڕێی واتاییەوە بۆ (وەستاکان) دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕستەی (30–ب) بۆ نەسرین. دەتوانین ئەمانە بە جێناوی سەربەخۆ پڕبکەینەوە، یان هەر بەناوەکانی خۆیان،بەڵام ناتوانین بڵێین ڕاستەوخۆ جێناو دادەنریت، ئەگەر چی شوێنی ناویش دەگرێتەوە . بەپێی تیوری دەسەڵات و بەستنەوە **GB**،جێناو بەفرێزی ناوی دانراوە (یەکەکانی جێناو لەشێوەی فرێزی ناوی لە ڕستەیەك یان لە ڕستەکانی دواتردا دەردەکەوێت)[2]، وەك لە پێناسەکاندا دیارە جێناو لەبری ناوێك یان شتێك دێت، بۆئەوەی دووبارە نەبێتەوەو بەکاردەهێنرێت، دەتوانرێت ئەو جێناوەش بکرتێنرێت و بە ئەنافۆڕی سفر ناو بنرێت، واتای دەربڕاوەکەش بەو کرتاندنە تێك ناچێت، چونکە زمان کەرەستەیەك فڕێ نادات، کە پێویستی پێی بێت. لەڕێی نیشانە واتاییەکانیانەوە ئاماژەبۆکراوەکانیان دەزانرێت. یان زۆرجار کەسەکە دوو کار دەکات لە کاری دووەمیاندا ناوەکە دەکرتێنرێت.

31– نەسرین نانەکەی خواردو Ø ڕۆیشت.

i i

---

Ø وانەکانیان خوێند.

i i

[2] Mitkov(2002:13)

[2] بڕوانە 1. مهدی مشکوەالدین( 1386: 174). 2. ئەمیر مستۆ محمد(2009: 10)

لەڕستەکە دا نەسرین دوو ئیشی کردووە، بەلاَم یەك جار ناوی هاتووە. زۆرجار ناوەکە یان جێناوەکە دەبێتە ئەنافۆڕی سفر.

32 قسەکردنی یابانی زۆر ئاسانە، بەڵام Ø نوسینیان گرانە .




لەڕستەکەدا مەبەست نوسینی یابانییە، کە (یان)ی جێناوی لکاوە لێرەدا دیارخەرەکە بە ئەنافۆڕەو کەرەستەیەکی لە شوێنی خۆی داناوە، تەنها دیارخەرەکە کرتاوەو بووە بە ئەنافۆڕ، فرێزە ناویەکە نەبووە بە ئەنافۆڕ .

## 2-5-4/1) ئەنافۆڕی ناوی (فرێزی ناوی) سفر:

ئەم جۆرە نزیکییەکی زۆری، لەگەڵ ئەنافۆڕی جێناوی سفردا هەیە، بڕوانە(1-5-3/1)، چونکە هەندێکجار دەگونجێت ئەنافۆڕی ناوی بە جێناوێك دیارییبکرێت و واتاش نەگۆڕێت .

33-أ)نەسرین کراسەکەی درووو و Ø نەشهات بۆ ئاهەنگەکە.




33-ب) پەری هاوڕێم لە تاقیکردنەوەکەدا نمرەی باشی هێنا، هەرچەندە Ø خۆشی ماندوو نەکردبوو.




لەڕستەی (32-أ) ئەنافۆڕە ناویەکە(نەسرین )، بەڵام لە ڕستەی (33-ب)دافرێزێکی ناوییە .دەگەڕێنەوە بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی دەشگونجێت لە بری ئەو ناو و فرێزەناوییە جێناوێکی کەسی دابنرێت. دەتوانین بلێین ئەم جۆرە دروست دەبێت کاتێك سەرەی ناوەکە لەڕستەکەدا کرتێنراوە، سەرچاوەی بۆگەڕاوەکەی بەهۆی ئەوانەی لا نەبران و بوونیان هەیە لەڕستەکەدا ، واتە بەهۆی مۆدیفایەرەکانیان(دیارخەرەکانیان)ەوە لە ڕستەکەدا هەستی پێدەکرێت [1] .

34-أ)شیلان چوار پاکەت شیرینی کڕی، بەڵام لەکۆتایدا کەمیان مایەوە




[1] Mitkov(2002:14)

34–ب) مامۆستاکە داوای سێ بەند کاغەزی سپی کرد، بەڵام دکتۆرەکە یەکدانەی ویست.




لەڕستەی(34–أ) دا (شیرینی) کرتاوە، بەڵام لەڕستەی(34–ب)فرێزی (بەند کاغەزی سپی) کرتاوە

## 3–5–1/4) ئەنافۆڕی کرداری سفر:

ئەم جۆرە ئەنافۆڕە کاتێك لەڕستەدا یان لە دەربڕاوێکدا دەردەکەوێت، کە کردارەکە هاوشێوەی کردارەکەی پێشوو بێت. واتە چەند کەسێ بن هەمان کردار بکەن کرداری دووەم دەبێتە ئەنافۆڕی کرداری سفرەو دەرنابڕێت، وەك پێشتریش باسکرا ئەنافۆڕی سفر ڕێگە لە دووبارە نەبونەوەو ئاسانکردنی دەربڕین دەدات.

**35–أ)** شیا کتێبەکەی برد، بەڵام من گۆڤارەکە Ø.




35–ب)ئێمە وانەکەمان دەنوسی ، بەڵام نازە نامەکە Ø بۆیە مامۆستاکە لێی تووڕە بوو.




لەڕستەکانی (35–أ و35–ب)دا هەریەکە، لە (برد) و (دەنووسی) لە ڕستەکانی لای چەپدا کرتاون و بوون بە ئەنافۆڕی سفر ئەویش بەهۆی بوونی کەرەستەی ناوکۆیی لە ڕستەکەدا. ئەگەر لە ئەنافۆڕی کرداری سفر ورد ببینەوە دەبینین بەتەنها نەکرتاوە، بەڵکو لەگەڵیدا نیشانەی بکەری لای چەپیش کرتاوە. (لەزمانی کوردیدا هەرگیز بەتەنها کردارەکە ناکرتێنرێت و هەمیشە نیشانەی بکەری لەگەڵدایە.[1]).

## 4–5–1/4) ئەنافۆڕی فرێزی کرداری سفر:

ئەم جۆرەی ئەنافۆڕی سفر هاوشێوەی ئەنافۆڕی کرداری سفرە. کرتاندن و لابردنی ئەنافۆڕی فرێزی کرداری سفر، بۆشاییەك دروستدەکات و ئاماژە دەکات، بۆ بۆگەڕاوەکەی ئەم بۆشاییە، بەهاو گرنگیی خۆیی هەیە، بەڵام بەکەرەستە نەنوێنراوەو واتاکەشی لەڕێی ئاماژەبۆکراوەکەیەوە هەستی پێدەکرێت.

[1] بەکرعومەر علی(1992 :55)

ئەم کردارەش لەلایەن زیاتر لەکەسێکەوە ئەنجامدراوەو یەك جار ئاماژە بەفرێزە کردارییەکە دەکرێت و بەمەش دیسان ڕێگە لە دەربرینی دووبارە بوونەوە دەگیرێت و گوێگر بێزار نابێت و قسەکەریش کەمتر وزە سەرف دەکات و بەکەمترین کەرەستە زۆرترین زانیاریی دەگەیەنێت.

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین لەم جۆرەدا کردار بەتەنها نییە (کرداری ڕستەکە دەکرتێنرێت، تەنها ڕەگی کردارەکە نییە، کە دەکرتێنرێ، بەڵکو هەموو ئەو مۆرفیمانەی بەشداری دروست بوونی دەکەن بەیەکەوە دەکرتێنرێن [1].)

36–أ)من ساردیم خواردەوە لە دووکانەکەی ئێوە، بەڵام پەری هاوڕێم ئاو. Ø Ø Ø

i . i

36–ب)ئیمە لە ئاهەنگی دەرچونی تۆدا بەشدار بووین، برا بچوکەکەت Øئاوی دەگێرا.

i i

لە ڕستەی لای چەپی (36–أ)دافرێزی کرداری ( خواردەوەلە دوکانەکەی ئێوە) کرتاوەو، لە ڕێگەی ئاماژەبۆکراوەکەیەوە بووە ئەنافۆڕی فرێزی کرداری سفر لە ڕستەکەی بەشی لای ڕاستیەوە واتاکەی دەزانرێت، چونکە دوو کەسن هەمان کرداریان کردوە، لە ڕستەی (36–ب)دا لەبەشی لای چەپی دیسان فرێزی کرداری (لەئاهەنگی دەرچوونی تۆدا )دەرنەبردراوەو بووە بە ئەنافۆڕی فرێزی کرداری سفر ئەمەش بەهۆی ئاماژەبۆکراوەکەیەوە، کە لە بەشی لای ڕاستدایە، دەستەبەری واتاکەی دەکەین. بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەنافۆڕێکی سفر ئاماژەبۆکراوێکی هەیە لەپێش خۆیەوە، کە واتاکەی لێوە وەردەگرێت و لێڵی دروست ناکات بۆ تێگەشتن ، چونکە کاتی ئەنافۆڕەکە دەبێ بە ئەنافۆڕی سفر ئاماژەبۆکراوەکە لە دەربڕاوەکەدا هەیە. (دۆزینەوەی ئەنافۆڕی فرێزی کرداری لەڕستەدا لەڕێی هێما نیشانەییەکانی سیمانتیکەوە و هاونیشانەی لە نێوان ئەنافۆڕی فرێزی کرداری سفر و ئاماژەبۆکراوەکەیدا، ئەوکاتە کرتاندنێکی دروست دەبێت و پەیوەندیی نێوانیان بەندە لەسەر دروستی واتایی و لاسەنگ نەبوونی یان نا دروست نەبونی ڕستەکە)[1].

[1] قەیس کاکل ( 2002 :185– 187).

[1] Striegnitz(2005:56-57)

جۆرێکی تریش لە ئەنافۆڕی سفر هەیە .ئەویش ئەنافۆڕی سفری هاوەڵکرداربیە، لە ڕستەدا دروست دەبێت، بەڵام جیا ناکرێتەوە لە ئەنافۆڕی کرداری (فرێزی کرداری)سفر, چونکە هاوەڵکردارەکان دەبن بە بەشێك لەفرێزی کرداری .بەپێی یاساکانی فرەیزپێکهێنان یان ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، ڕستە دەبێت بە دوو بەشەوە [1]، فرێزی ناوی NP وفرێزی کرداریVp بەپێی یاساکانی فرێزپێکهێنان ڕستە بریتییە لە:

$$S \rightarrow NP \quad VP$$
$$NP \rightarrow N \quad Adj$$
$$VP \rightarrow v \quad pp \quad adv$$

مەرج نییە بۆ ئەنافۆڕی هاوەڵکرداری سفر، کردارەکە هەمان کرداربێت، کە کەسەکان ئەنجامیان داوە، دەگونجێت کردارەکە پێچەوانە بێت، هاوەڵکردارەکان یەك بن ئەوا هاوەڵکردارەکە لە ڕستەی لای چەپدا دەکرتێت و ئەنافۆڕەکە هەر هاوەڵکردارەکە دەبێت (ئەو ئامرازانەی ،کە دوو ڕستەی نا هاوشان (پێچەوانە) پێکەوە دەبەستن ،تەنها هاوەڵکردارەکەیان دەکرتێنرێت و کردارەکە ناکرتینرێت)[2].

<u>سبەینی</u> نازە دەچێت بۆ سەیران بەڵام نەرمین دەچێت بۆ زانکۆ.

لە ڕستەی دوەم (هاوەڵکرداری سبەی ) دوبارە نەکراوەتووە بووە بە ئەنافۆڕی سفر.

لەزمانی کوردیدا کاتێك کەباسی ئەنافۆڕی سفر دەکەین، ئەم دیاردەیە لەڕستەی پرسیار و وەلأم دانەوەی پرسیاردا بە ڕوونی دەردەکەوێت (کردەی کرتاندن بەرێژەیەکی بەرچاو لە گفتوگۆکاندا بەدیدەکرێت، کە لەشێوەی پرسیارو وەڵامدان زۆربەی کات وەلأمی ڕستەی پرس لە شێوەی ڕستەی کرتاودا دەردەکەوێت )[3] , ئەنافۆڕی ڕستەی پرس یان وەلأمی ڕستەی پرس لای (streignitz) بە جۆرێك لە جۆرەکانی ئەنافۆڕ دانراوە، بە ئەنافۆڕی وەلأمی ناڕستەیی لە گفتوگۆدا باسیکردووە[4]، کەواتە دەتوانرێ ئەنافۆڕی سفر لە وەڵامی ڕستەی پرسیشدا بە ڕوونی دەربکەوێت، بەڵام ئەمەش بەندە بە

[1] بۆزانیاری زیاتر بروانە 1 . حاتەم ولیا (2009 )
2. یوسف نوری ( 2010)

[2] بەکر عومەر علی (1992 : 57)

[3] قەیس کاکل (2002 : 188)

[4] Streignitz (2005:57)

جۆری دەربرین و تێگەشتنی نێوان دوو کەسەکە (قسەکەر و گوێگر) لە ڕستەکەدا. گوێگر سەرچاوەی زانیارییە، کە وەڵامی قسەکەر دەداتەوە. کردەی کرتاندن پەیوەندیی دارە بە جۆری پرسیارەکەوە لەزمانی کوردیشدا بەگشتی دوو جۆر ڕستەی پرس بەدی دەکرێت کە بریتییە لە[4]

1- پرسیاری گشتی :-بەهۆی ئاواز یان پارتیکڵی (ئەرێ)(ئایا) یا هەردووکیان .

2-پرسیاری تایبەتی:- بەهۆی وشەی پرسەوە.

لەسەر ڕستەی پرس Streignitz دەڵێت : لەگفتوگۆدا پرسیارەکان بەزۆری لەشێوەی دەستەواژەن، یان ڕستەی تەواو نین، ئەو دەستەواژەو ڕستیلانە، تەنها لێکدانەوەیەکە، بۆ وەڵام دانەوەو کات وەرگرتن بۆ دەقەکە، کە ئەوە وەڵام دانەوەیەتی[2].

37) گفتو گۆیەک:

- مامۆستا:-کێ لەئێوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە؟

- قوتابی :-من وەڵامی هەموو پرسارەکانم دایەوە.

- مامۆستا:- تۆ؟!

- قوتابی :- بەڵێ. (وەڵامی بێ ڕستە، واتە بە دەستەواژەیی)

**لە** کۆتای وەڵامی (بەڵێ)، کە دەبوو ڕستەیەکی بەدوادا بێت، بەڵام نەهاتووەو کرتاوە هەموو ڕستەکە بووە بە ئەنافۆڕی وەڵامی ڕستەی سفر، کە واتاکەی یان ئاماژەبۆکراوەکەی لە پێشەوەیەو بەوەدا تێدەگەین، کە قوتابییەکە مەبەستی ئەوەیە،(ئەو وەڵامی هەموو پرسیارەکانی داوەتەوە). ئیتر وەڵامەکە نەرێنیش بێت بەهەمان شێوە دەبێت، لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆدا بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئاسانی دەربڕێن و لێکتێگەشتن ئەم دیاردەی کرتاندنە زۆرە، چونکە پەیوەندیی بەئاستی تێگەشتنی نێوان دوو کەسەکەوە( قسەکەر و گوێگر) هەیە، بەڵام لە نووسیندا بێویستی بە ڕونکردنەوەی زیاتر هەیە بۆ تێگەشتن.

## 5/1) نیشانەکانی ئەنافۆڕ:

---

[4] قەیس کاکل(2002: 188)

[2] Streignitz(2005:57-58)

نیشانەکانی ئەنافۆڕ لە دەربڕاوەکاندا بەپێی جۆری ئەنافۆڕ ناگۆڕێت و هەمان نیشانە هەڵدەگرن، جا چ ئەنافۆڕی ناوی یا ئەنافۆڕی جێناوی ...هتد، هەڵگری هەمان نیشانەو تایبەتمەندین ئەمەش ئاماژەکردن و هاونیشانە بوونیەتی، لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا

38-أ) بەڕاستی وادەردەکەوێت ئەو بەو منداڵیەو لەو تەمەنەدا زیرەکیەکی نایابی هەبێت.




لەم نمونەیەدا جێناوی (ئەو) وەکو ئەنافۆڕ بەکارنەهاتووە، بەڵکو وەکو نیشانکەری (ئاماژەبۆکراوی ) جێناوی (ئەو)، ناگەڕێتەوە بۆ زاراوەی لەوەوپێش ناومان هێناوە لە دەربڕینەکەدا، بەڵکو ئاماژە دەکات بە کەسێکی دیارێکراو لەو هەل و مەرجەدا، ئەگەر بێت و ئەو ڕستەیەی سەرەوە ڕستەیەکی کەی لەپێشەوە بێت، وەکو

38-ب)ئارێز شەش ساڵانە، دەتوانێ بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و فارسی قسە بکات .

لیرەدا ئەو کاتە ((ئەو) مەبەست ئەوی ڕستە (38-أ )ە )، وەکو ئەنافۆڕ لێکدەدرێتەوە نیشانکەر دیاردەیەکی زمانەوانییەو هەلبژاردنی کەسێ یان شتێ یان شوێنێك لە بارو دوخێکی دیاریکراودا، لێکدانەوەکان بۆ ئەم دەربڕینە، کە بەئاماژەکراوی بەکارهێنراون، خاسیەتێکی دیاریکراوی ئاخاوتنەکە دیاریدەکات، وەکو ناسنامەی قسەکەر و قسەبۆکراو بەیەکەوە، لەگەڵ کات و شوێنی ئاخاوتنەکە ڕوودەدات.[1]

39)من دەمەوێت تو ئێستا لێرە بیت.

جێناوی ئاماژەبۆکراوی (من) بۆ هەرکەسێك کە دەستەواژەکە بەکار بهێنێت ئەگەڕێتەوە لەهەمان کاتدا جێناوی (تو) بۆ هەرکەسیك قسەبۆکراو بێت دەگەڕێتەوە، بەزۆری لێکدانەوەکانی (ئێرەو ئێستا) یەکەیەکی زمانین و بۆ کات و شوێنی قسەکردنەکە دەگەڕێتەوە.

لیرەدا ئێمە دەتوانین ئەو کەرەستانە دیارییبکەین، کە ڕۆڵی ئەنافۆڕ و نیشانەکانی وەرگرتنی نیشانکراوی بۆ ئەنافۆڕ دەبینین ، جێناوی خۆیی، جێناوی هاوبەش ، جێناوی کەسی ،جێناوی نیشانە، فرێزی ناوی ،فرێزی کرداری و ...هتد. لەناو ئەمانەشدا جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش لەم بوارەدا زۆر چالاکن، وەك پێشتر ڕونکراوەتەوە مەرج نییە هەموو کەرەستەیەکی زمانی ئەنافۆڕ بێت، بەڵام مەرجە هەموو ئەنافۆڕێك کەرەستەی زمانی بێت. ئەنافۆڕ دیاردەیەکی ئاماژەبۆکراوە لە ناو دەربڕاوەکاندا.

[1] Mitkov(2002:22)

## (1/6)کەتافۆر Cataphora :

کەتافۆڕ هەروەك ئەنافۆڕ دیاردەیەکی زمانییە و پەیوەندیی بەئاماژەبۆکراوەکەیەوە هەیە، پێویستە هاونیشانەی یەکتربن, (کەتافۆڕ ئاماژەبۆکردنە بۆدواوەی خۆی) یان ئەو بەکارهێنانەیە, کە واتاکەی بەهۆی گەڕانەوە یان چاوگێڕانەوە بۆدواوەی جێناوەکانە. بە واتایەکی تر واتای جێناوەکە بە هۆی ئاماژەدانەکەیەوە بۆدواوەی خۆی بەرجەستە دەبێت، پێچەوانەی ئەنافۆڕە یان زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێت لە هەندێك لەڕێزمانەکاندا بۆ پرۆسەی ئەنجامدانی زمانەوانی ئاماژەکردنە بەدواوەی یەکەیەکی تری زمانی یان ڕێگەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی دوو کەرەستە لە نێوان ئەوەی ئیستا دەربڕاوەو ئەوەی دەردەبڕدرێت. کەتافۆڕ بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفکردنی دەربڕینێك، کە هاوئاماژەییەکەی لە دواوەیە، لەناو ئاخاوتنەکاندا . ئەنافۆڕو کەتافۆڕ دووجۆری بەکارهێنانی چاوبگێرن (Endophoric) ، بەلاّم کەتافۆڕ لەچاو ئەنافۆڕ بەکارهێنانی کەمترە. (( کەتافۆر زاراوەیەکە بەواتای ئاماژەکردن بۆ دواوە و پێچەوانەی ئەنافۆڕە، کەتافۆڕ بۆ وەسف کردنی ئەو پەیوەندییە توندەی نێوان وشەیەك و ئەوەی بەدوایەوە دیّ بەکار دەهێنریّ، بەتایبەتی لەنێوان جێناو ئەو فرەیزە ناوییانەی لەدوایانەوە دێن، بەهۆی تایبەتمەندیی مەزندەیی کەتافۆڕ، زۆربەی بەکارهێنانەکانی بەهەلّواسراوی بوونیاد دەنیّ، ئاماژەکردنی کەتافۆڕ ڕێگەیەکی شێواز بەندییە زیاتر لە ئەنافۆڕ لە لەدەقدا (Discoures) دووچاری دووبارەبوونەوە دەبێتەوە)).

---

[1] زاراوەی کەتافۆڕ لەزمانی کوردیدا چەند زاراوەیەکی تری بۆ بەکار هاتووە وەك هۆگرمەحموود زاراوەی( چاولەدوای ) بۆ بەکارهێناوە . قەیس کاکل زاراوەی (دەقە ئاماژەی دواوەی) بۆ بەکار هێناوە. زاروەی( گواستنەوەی سەرپشکی)شی بۆ دەبێت(بڕوانە کاروان عومەر(2008))

[3] Jack and Schmidt (2010:70)

[3] 1 .هۆگر مەحموود (70:2000)

2 .حاتەم ولیامحەمەد (19:2009)

[4] a) Cryctal(2003:126). B) Baul bakep and Sibon hefllece(2010:14 ) C)Hadumop bussmann(1998:162)

[5] Wikipedic,the free encyclopedia .

[6] بڕوانە :سەباح ڕەشد قادر (145:2009).ئەو سەرچاوانەی لەوێدا بەکار هاتوون.

## (1/6) ئەنافۆڕو کاتافۆڕ:

ئەنافۆڕو کەتافۆڕ  دوو دیاردەی زمانین لە دەربڕینەکاندا دەردەکەون و لە بەکار هێنانیاندا پێچەوانەی یەکترین، هەر چەندە تایبەتمەندیی هەردووکیان وەك یەکە و پێویستە هاونیشانە بن لەگەڵ یەکتری ، ئەنافۆڕ ئاماژەکردنە بۆ پێشەوە، بەلاّم کەتافۆڕ ئاماژەکردنە بۆ دواوەی خۆی .

ئاماژەبۆکراو ——→ ئەنافۆڕ

40–أ)  نەسرین کچەکەی گریاند.

ئا ←—— ئە

کەتافۆڕ ——← ئاماژەبۆکراو

40–ب)  نانەواخانەکەی داخست وەستاکە.

ئا ←—— کە

لە کاتێکدا کەتافۆڕ دەردەکەوێت ئاماژەبۆکراوی  ئەنافۆڕش دەگونجێت هەبێت، دەتوانرێت کەتافۆڕ بەدەستبێت بە پێچەوانە کردنەوەی ئەنافۆڕ و  ئاماژەبۆکراوەکەی[1].  ئەنافۆڕو کەتافۆڕ دوو دیاردەی زمانین بەشێوەیەکی گشتی نیشانەکانیان وەك یەکن و هەمان شێوەن، ئاماژەبۆکراویان پێویستە لە ناو دەربڕاوەکاندا، کەتافۆڕ  وەك ئەنافۆڕ ، لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا لە ڕووی کەس و ژمارەو وەك یەکن و واتایەکی تەواوی نییە ، تا ئاماژەبۆکراوەکەی  لە دەربڕاوەکەدا نەیەت .

کەتافۆڕ کەرەستەیەکی زمانی لاوەکییە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئاماژەبۆکراوەکەیەوە، کە لە دواوەیەوە دێت، بەبێ بوونی ئاماژەبۆکراوەکەی و هاونیشانە بوونی لەگەڵی دروست نابێت. دوو جۆری هەیە کەتافۆڕی ڕستەی و کەتافۆڕی دەق، کەتافۆڕی دەقی زیاتر بەر بڵاوترە  بەتایبەتی لە بابەتی ئەدەبی و هونەری و  بابەتە درێژەکاندا.

41–أ)ئەو ویستی وەکو دایکی بەناوبانگ دەرکەوێت لە هەردوو زانکۆکەدا، کە هەموو کەس ، **نەسرین** بناسێت.

i ←—— i

---

[1] Mitkov(2002:22)

41–ب) نانەواخانەکەیان  داخست  ، لیژنەکە.

i            i

# بەشی دووەم

## کۆزانیاریی سینتاکسی و سیمانتیکی

## ئەنافۆر

## 1/2) کۆزانیاریی سینتاکسی ئەنافۆڕ:

لێکۆڵینەوە لە ئەنافۆڕ لە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە بۆ ئاستی سینتاکس و دیاریکردنی سنووری ئەرکی ئەنافۆڕ لەناو ڕستەدا بەکۆزانیاریی سینتاکسی ناوبراوە. لێکدانەوەی ئامڕازەکانی ئەنافۆڕ و زانیاریی لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگی بەتەنها بۆ لێکدانەوەی بابەتێك پێویست نییە، بەڵكودەبێت بیبەستینەوە بەئاستەکانی ڕستەسازی و نیشانە سیمانتیکییەکان و پراکماتیکەوە، تا بتوانین لێکدانەوەکە بە ئەنجام بگەیەنین، واتە لەئاستی نزمی مۆرفۆلۆژی و زانیاریی فەرهەنگی، تا بەرزترین ئاستی یاساکانی سیمانتك وپراکماتیك بۆ لێکدانەوە پیویستن. بۆیە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی ورد و زانستیانە و بەپشت بەستن بە بەڵگەی زانستی و ڕستەی دروست لێکۆڵینەوەکە بە ئەنجام بگەیەنین، چونکە ئەنافۆڕ خۆی دیاردەیەکی زۆر وردو ئاڵۆزە، ئەگەر خوێنەر یان گوێگر وریا نەبێ لە ڕووی لێکدانەوەوە, لێڵیەك دروست دەبێت و لێکدانەوەیەکی نادروست دەخاتە ڕوو, بۆیە وەك لە بەشی یەکەمیشدا ڕوونمان کردەوە ئەنافۆڕ و کەتافۆڕیش پێویستیان بە پێشینەیەکی تێگەیشتن هەیە، بۆ لێکدانەوەو دیاریکردنی ئەنافۆڕەکە و ئاماژەبۆکراوەکەی, لەم بەشەدا بەشێوەیەکی سینتاکسی دیاریدەکەین، کۆزانیاریی سینتاکسی بریتییە لە کۆزانیاریی مۆرفۆلۆژی وکۆزانیاریی سینتاکسی.

## 1-1/2) کۆزانیاریی مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگی :

یەکەی فەرهەنگی (بنیادی پەیوەندیکردنی فۆڕم دروستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و چەمکی لەخۆدەگرێت، بەهاو دروستی دەروازەی فەرهەنگی هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگی لە سێ چەشنە زانیاریی پێکهاتووە، کە بەزانیاریی فەرهەنگی دانراون (أ) زانیاریی فۆنۆلۆژی (ب) زانیاریی سینتاکسی ،نیشانە ڕێزمانییەکان، کە پۆلێنکردنی بەشەکانی ئاخاوتنی کەرەستە فەرهەنگییەکان، وەك (ناو،کردار ...) دیاریدەکات، ئەم دوانە بەڕێزمان دانراون .(پ) زانیاریی سیمانتیکی یان نیشانەی سیمانتیکی، کە وەك بەشەکانی ئاخاوتن وەردەگیرێن و دەنوێنرێن، واتای کەرەستە فەرهەنگییەکان بەشێك لە دروستەی قووڵ پێکدەهێنن).[1] تەنها زانیاریی مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگی پێویست نین بۆناسینەوەی ئامڕازەکانی ئەنافۆڕ، بەڵکو لەگەڵ زانیاریی مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگی پێویستمان بەیاسا سینتاکسییەکانە بۆناسینەوەی ئامرازەکانی ئەنافۆڕ ، هەر چەندە (هەندێك لە ئەنافۆڕەکان بەسەرکەوتویی بڕیاریان لەسەر دەدرێت،

---

[1] شیلان عومەر (2011: 85)

تەنها لەسەر بناغەی زانیاریی فەرهەنگی وەکو ڕەگەز و ژمارە ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەنافۆڕی ناوی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئاماژە بۆکراوەکەیدا، لە کەس و ژمارەدا و زۆرجار دەقاودەقە)[1]

1-أ)ئێمە هیچ نامەیەکمان لەلایەن کارزانەوە، کە لە هۆڵەندا یە، بۆ نەهاتوە، بۆیە دەترسین لەو بێ دەنگییەی ئەو .

i → i

بەگوێرەی یاسای ڕەگەز و ژمارە فرێزی ناویی ( کارزان)، ئاماژەبۆکراوی (ئەو)، لەڕووی کەس و ژمارەوە وەك یەکن.

1-ب)سیامەند ، لەگەڵ نەوزادو کارزان قسەی کرد دەربارەی پرۆژەی داهاتوو، (ئەو) پێی وابوو

i j i

کە ئەم کارە بەملێونەهایی تێدەچێت.

→ j j

لە ڕستەی (1-ب) فرێزی ناویی (سیامەند و ئەو)یەك کەسن، واتە (ئەو) ئەنافۆڕە، و (سیامەند ) ئاماژەبۆکراوەکەیەتی، لە هەمان کاتدا (پرۆژەی داهاتوو) ئاماژەبۆکراوی (ئەم کارە) ،کە ئەنافۆڕیەتی لەڕووی کەس و ژمارەوە وەك یەکن.

لێکۆڵینەوەی کەس و ژمارە و یەکسانی لە ئاماژەبۆکرا و ئەنافۆڕەکەیدا بەشێوەیەکی زۆر گرنگ زۆر پێویستە ، چونکە ئەنافۆڕ جێکەوتەی ئاماژەبۆکراوەکەیەتی بەشێوەیەکی تری فەرهەنگی، کە هەمان کەس و ژمارەی لە خۆگرتووە، زانیاریی فەرهەنگی وشەکە (ئاماژەبۆکراوەکەی) و(ئەنافۆڕکە)شی پێویستە، بەڵام زۆر جار ئەم دیاردەی ناساندنی ئەنافۆڕە بە زانیاریی فەرهەنگی و مورفۆلۆژی نناسرێت و دیاریناکرێن، بۆیە پێویستمان بە یاسای سینتاکسی و سیمانتیکی هەیە بۆ ناساندنی ئەنافۆڕەکە، یاسا سینتاکسییەکان بنچینە(بناغە)ن بۆ ناساندنی ئەرکی کەرەستەکانی زمان و ڕێکخستن و ناونانی کەتیگۆرییەکان. ناساندنی ئەنافۆڕەکان لە فرێزەکاندا و گەڕانەوەو دیاریکردنی ئاماژەبۆکراوەکە، هەندێجار بە دیاردەی مۆرفۆسینتاکس دەنوێنرێن ،چونکە(مۆرفۆسینتاکس تایبەتێتی وشە فەرهەنگییەکان دیاری دەکات)[2] و بەگران جیا دەکرێتەوە لەبەر ئەوەی پێویستمان بە ناساندنی کەتیگۆرییەکان هەیە لە سینتاکسدا، بەتایبەتی لە فرێزەکاندا کاتێ ئاماژەبۆکراوەکە فرێزێکە و ئەنافۆڕەکە وشەیەکی سادەیە، لێرەدا پیویستمان بە زانیاریی پێشینەیی هەیە بۆ ئاماژەبۆکراوەکە.

---

[1] Mitkov (2002:28)

[2] ابوبەکر عومەر(2003 )

## 1-1-1/2) کەتیگۆریی فەرهەنگی Lexical Category:

وشە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیماندا هەلگری چەند زانیارییەکن، (هەرچەندە پێشتر فەرهەنگ بە پاشکۆی ڕێزمان یان لە لیستی نارێزمانییەکان دانرابوو، بەلاّم زۆرێك لە ڕێبازەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە فەرهەنگ تەنها لیستی نادروستەیی یەکەکان ناگرێتەوە، فەرهەنگ لە سیمانتیکی لێکدەرەوەیدا تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕۆلە دەگرێتەوە، کە هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگیی هەیەتی، بەشێوەیەکی ورد تر کەرەستە فەرهەنگییەکان دروستەی ناوەکیی خۆیانیان هەیە، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانەوە دەنوێنرێن و بریتین لە یاسای فۆڕم دارشتن formation rules یاساکانی هەلگۆاستن(گواستنەوەکان)و یاساکانی کۆت وبەند و مەرج و سنوورەکان**constraint**)[1]. (فەرهەنگی ئاوەزی بەو تۆمارگەیەی ناو مێشکی مرۆڤ دەوترێت، کەتێیدا زانیاریی دەربارەی یەکە زمانییەکان تۆمارکراوە.زانیاریی فەرهەنگی وەك زانیاریی مۆرفۆلۆژی و هیزو ترپە و چۆنیەتی دەربرینەکان دەگرێتەوە)[2] دیاریکردنی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان و ناساندنی ئەو کەتیگۆرییانە و پابەند بوونی یاسا ڕێزمانییەکان بەو بنەمای کەتیگۆرییانەوەو چۆنیەتی جێگیربوونی، ئەنافۆڕیش وەك کەرەستەیەکی زمانی پۆل و ڕەگەزی لە شوێنیان(کەتیگۆریەکان)، بەمەرجێ هاوئاماژە بێت لەگەلّ ئاماژەبۆکراوەکان .

کەتیگۆری واتە پۆلێنکردنی کەرەستە ڕیزمانییەکان، بە پۆل یا گروپێکی ڕیزمانی دەگوترێت کاتیگۆری، کە ئەرکی هاوشێوەیان هەبێت لە زماندا وەکو حالّەت، کەس، کات، هەندێك لە زمانەوانەکان گروپە پەیوەستەکانی وشە، وەکو ناو ،ئاوەلّناو ،کردار و...هتد، بە کەتیگۆری ڕێزمانی ناو دەبەن، ئەم بەشە لەڕیزمانی باودا بە بەشەکانی ئاخاوتن دادەنرێت. کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکان لای هالیدەی بۆ ئەمانە پۆلیندەکرێت (یەکە ،ڕۆنان، پۆل، سیستەم ) هەر دوو کەتیگۆری سەرەتا، واتە یەکە و ڕۆنان لە تەوەرەی زنجیرەی زمان کار دەکەن، دوو کەتیگۆرییەکەی تر (پۆل و سیستەم لە تەوەرەی هەلبژاردنن)[3].

فەرهەنگی وشە کۆگای زانیاریی یەکەکانە و سیما نیشانەییەکانی وشە فەرهەنگییەکان ڕیزدەکات، کە دەبن بە یەکە ئەتومییەکانی سینتاکس، یەکە فەرهەنگییەکان لە ئاستی ناوەوە (ڕێزمانی ژێرەوە) یەك دەگرن و ئاستی ناوەوەو ئاستی دەرەوە بەرهەمدێنن، کە بریتییە لە نواندنە سینتاکسییەکەی، کە چۆنیەتی ڕیزبوونی دەرەکی کەرەستەکانی ڕستەی تێدا، ڕەنگ دەداتەوە بەوەی کە زۆر لێوەی

---

1 شیلان عومەر(2011: 83)

2 محەمەدی مەحویی وکاروان عومەر و شیلان عومەر (2010: 75)

3 شیرزاد سعید (2008: 40)

نزیکە.[1](بڕوانە هێلکاری $2-1$)، کاتێك کە باسی کەتیگۆری فەرهەنگی وشەیەك دەکەین بنەمای هەموو زانیاریی ئەو پۆلە وشەیەی تێدایە، بەشێوەیەکی گشتی سیمای وشەکان دیاریکراوە، کە چۆمسکی بنەمای فەرهەنگی بە (X) سادە ناساندووە، ئەم بنەمایە ڕۆنانە ئاشکراکانی زمانێك دیاریدەکات، بەوەی کە ئەو ڕۆنانە دیاریکراوانە، جێکەوتەی ڕاستەوخۆی یەکە فەرهەنگییەکانن[2] .

واتە لێرەدا یەکە فەرهەنگییەکانی زمان ناسنامەی کەرەستە زمانییەکانن ، بۆ دەرکەوتنی لەسینتاکسدا دەبی کەرەستەی داواکراو هەبێت، بۆ هەر پۆلە فەرهەنگییەك و سیماکانی لە سینتاکسدا ڕۆڵ و جێکەوتەی خۆی هەیە. (جێکەوتە بریتییە لەوەی، کە هەر یەکەیەکی فەرهەنگی بۆ دەرکەوتنی لەچوارچێوەی سینتاکسدا، پێویستی بە پۆلە سینتاکسییەکی تایبەت هەیە بۆ ڕونکردنەوەی ئەو ئالۆزیەی، کە لە فەرهەنگدا لەگەڵیەتی ئەمەش لە ڕێی بەکارهێنانی فرێزو ئەرکە ڕیزمانییەکانەوە دەبێت)[3].کاتێك کە وشەیەکی فەرهەنگی دەهێنین بە سیما واتاییەکانیەوە، بە تەنها واتای هەیە، بەڵام لێڵە و ئەرکییە بۆ نموونە:

| وشـــــــــــە | کەتیگۆری(پۆلەڕەگەز) | نیشانەی فەرهەنگی |
| --- | --- | --- |
| دایك□دار □مرۆڤ–بەرد | ناو | ±(زیندوو، جووڵە .. ) |
| برد □خوارد □هات | کردار | ± ( تێپەر،گەردانکردن ) |
| ماندوو □سوور □شین | ئاوەلناو | ± ( تایبەتیەتی ) |

هەریەکە لەم پۆلانە لە توانایاندا هەیە ببن بە فرێز[4]، واتە ئەگەر سەرەکە ناو بوو فرێزەکەش فرێزی ناوی دەبێت، ئەگەر سەرەکە کردار بوو ئەوا فرێزەکەش فرێزی کرداری دەبێت، بۆ سەرەکانی تریش بە هەمان شیوە. ئەم کەتیگۆرییانە(پۆلانە) بە تەنهاو بە فرێزیش لە توانایاندا هەیە ببن بە ئەنافۆڕ و ئەرکەکانی ئەنافۆڕ وەربگرن لە ناو ڕستەدا.

$2-$ أ)شیرین گەورەترین کەسە، چونکە دایکەبۆ ئێمە.




---

[1] ڤیان سلیمان (2009: 41)

[2] Chomsky(1981: 48 )

[3]- Culicoer(1997: 139-140)

[4] بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە– عەبدولجەبار مستەفا(2009)

2–ب)شیرینی گوڵ گەورەترین کەسە، چونکە دایکێکی دڵسۆزە بۆ ئێمە.

i i

2–پ)شاری سلێمانی گرنگی زۆر پێدەدرێت لەبەرئەوەی پایتەختی ڕۆشنبیرییە.

i i




هێڵکاری(2–1)

کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان یان زانیارییە فەرهەنگییەکان بەشێوەی سینتاکسی دەنوێنرێن، واتە نواندنەکان لەسەر ئاستێکی سینتاکس (ئاستی قووڵ DS، ئاستی ڕووکەش SS، فۆڕمی لۆجیکیLF، فۆڕمی فۆنەتیکی PF)، دەبێت پرۆژەی فەرهەنگی بن ، بەمەرجێك ڕەچاوی تایبەتییەکانی لقکردنی کەتیگۆرییانە بکرێت، بە واتایەکی تر یاسای پرۆژەسازدان تایبەتییەکانی دەروازە فەرهەنگییەکان بۆ ڕۆنانی ڕستەیەك دیاریدەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت داوا کردنەکانی لقکردنی کەتیگۆرییانە (sub categorization) ی کەرەستە فەرهەنگییەکان دەبێت لەهەموو ئاستەکانی نواندندا تێر بکرێ[2]. کاتێك کە وشەیەك دەبینین ئەگەر بەهۆی نیشانەی واتایی کەرەستە فەرهەنگییەکانیەوە نەبێت ناتوانین پۆلەکەی دیاریبکەین بۆنموونە کاتێ وشەیەکی وەکو (نان ،کڕین ،قەلەو، سبەی........)

---

1 Black(1998:2)

2 حاتەم ولیا(2009:107).

نان ← ناوە ±نیشانە                کەواتە پۆلەکەی(کەتیگۆری ) ناوە

کڕی ← کارە ± تێپەڕ وتێنەپەڕ                کەواتە پۆلەکەی(کەتیگۆری ) کردارە

قەڵەو← ئاوەڵناوە± پلەی بەراوردوباڵا                کەواتە پۆلەکەی(کەتیگۆری ) ئاوەڵناوە

سبەی ← ئاوەلکار                کەواتە پۆلەکەی(کەتیگۆری ) ئاوەڵکردار

پەیوەندیی یەکە فەرهەنگییەکان بە ئەنافۆڕەوە سەرەتای ناسناندنی هەر ئەنافۆڕێك گەڕانەوەیەتی بۆ پۆلە ڕەگەزەکەی (کەتیگۆری) فەرهەنگییەکەی و دیاریکردنی سیما واتایی و سینتاکسییەکانی بۆ دیاریکردنی ئاماژەبۆکراوی ئەنافۆڕەکە، ئەگەر شوێنی یەکە ئەنافۆڕییەکە لە فەرهەنگی ئاوەزی و پۆلە ڕەگەزەکەی لە زماندا نەزانرێت، ئەوا دیاریکردنی ئاماژەبۆکراوەکەی بە دروستی دەست نیشان ناکرێت، بۆنموونە ئەگەر فرێزێکی ناوی ئەنافۆڕی نەزانین سیماکانیان، ناوە هەڵگری سیمای ڕێزمانییە ئەوا ناتوانین ئەنافۆڕەکەی لە جۆری ناو یان پۆلە ڕەگەزی ناو بۆ دیاری بکەین...هتد.

## 2– 1–1/2) کەتیگۆری سینتاکسی Syntactic Cateigoris:

کەتیگۆریی فەرهەنگیی (ناو، ئاوەڵناو ،کردار ،ئاوەڵکردار ....هتد) کەرەستەی سەرەکین بۆ بەکارهێنانی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان و هەمان کەرەستەی فەرهەنگیی بە هەمان سیمای واتاییەوە، بەڵام لە سینتاکسدا ئەرکیان دیاریدەکرێت. ئەم کەتیگۆرییە سینتاکسییانە بنەمای سەرەکین بۆ دیاریکردنی هاوپۆلی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان، چونکە کەرەستە فەرهەنگییەکان بە شێوەی جێنشینی و تەکنشینی لە شوێنی یەك دادەنرێن بێ ئەوەی واتاش تێکبدەن، ناتوانرێت کەرەستەیەکی فەرهەنگی لە شوێن کەرەستەیەکی تری فەرهەنگی دابنرێت .

هەرچەندە وشە فەرهەنگییەکان دوا قۆناغی ڕستەکان نین، بەڵام بە وشە فەرهەنگییەکان و کەتیگۆرییەکانیان ڕستە دروست نابێت، وشە و ڕستە دوو کەرەستەی پێوستی یەکترین وشەکان سەربە کەتیگۆرییە . ئەو کەتیگۆرییە سینتاکسییانەی وشەکان دەگرنە خۆ دابەش بوونەکانیشیان دیاریدەکەن، واتە دیاریکردنی چوارچێوەی وشەکە.[1] لە بەر شوێنی ئارگومینتەکان و ئەرکیان لە ڕستەکەدا ناتوانین شوێنی کەتیگۆرییەك لەگەڵ کەتیگۆرییەکی تر ئاڵوگۆڕ پێبکەین، چونکە لە سینتاکسدا هەموو یەکە

[1] Haegeman( 1994:36-38)

فەرهەنگییەکان یەك ئەرك نابینن. ڕێزمان دەبێت ئەو زانیارییە کەتیگۆرییانەی تیدا بێت ، کە یاوەری کەرەستە فەرهەنگییەکان دەکات، چونکە ئەو زانیارییانە ڕۆڵ دەبینن لە پیکهاتەی واتای ڕستەکەدا.

کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان بە چەند جۆرێك دیاریدەکرێت، ئاستی وشەی کەتیگۆریی (Word level Categories)و ناوەندی فرێزی کەتیگۆرییەکە(Intremidiate phreasl categories)و کەتیگۆری فرێزی تەواو(Full phraseal categories). دیاریکردنی جۆری فرێزەکە بەپی کەتیگۆرییەکەیەتی ، کە بزانین فرێزەکە کرداری بوو، ئەوە سەرەکەی (haed ) دەبیت کردار بێت، ئەگەر فرێزەکە ناو بوو دەبێت سەرەکەی ناو بێت ....هتد. ناوی فرێزەکە بە ناوی سەرەکەوەیە و هەڵگری نیشانە واتاییەکانە (نیشانەفەرهەنگییەکان)[1].

گریمانەی ئەوەش دەکرێت، کە قسەکەرانی زمانێك بە فەرهەنگیکی ناوەکی، کە ئێمە بە فەرهەنگی ئاوەزی ئاماژەی بۆ دەکەین فراوان کرابێت و ئەو فەرهەنگەش هەر هەموو ئەو زانیارییە ناوەکییانەی تیدابێت، کە پەیوەستە بەوشەکانی زمانەکەیانەوە، واتە ئەو فەرهەنگە سەرەڕای شتەکانی تر، ئەو زانیارییانەشی تیدایە، کە دەربارەی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانە[2]. دەروازەی زانیاریی هەر وشەیەکی فەرهەنگی، لەتەك زانیارییەکانی دیکەیدا کاتەگۆرییە سینتاکسیەکەی وشەی (**N,Adj,Adv, ...etc**) تێدایە[3]. لقکردنی کەتیگۆرییەکان sub categorization دیاری دەکرێن، بەپشت بەستن بەپرۆژەکانی کەتیگۆری فەرهەنگی و کەتیگۆریی سینتاکسی، کە زیاتر یەکە ئەرکییەکانن. لقکردنی کەتیگۆرییەکان (بەش بەش کردنی فرێزەکان)و گەڕانەوەی بۆ یەکە فەرهەنگییەکەی . ئەم بابەتە زۆری لەسەر نوسراوە چەند یاساو دەستوریکی بۆ دانراوە، بەڵام چۆمسکی لەسالانی1957ز بە دواوە چەند تیۆرییەکی بۆ زمان داناو بە بەردەوامیش گۆرانکاریی تێدا دەکرد، بەپێی ئەو ڕەخنانەی لێی دەگیرا بەتایبەتی ئەو ڕەخنانەی لە ڕۆنانی سینتاکس دەگیرا پیش سالانی 1970ز

1)ڕۆنانی سینتاکسی لەڕووی ژمارەی کەتیگۆری ڕێزمانییەوە زۆر سنوردارە.

2)ئەو کۆمەڵەیە یاسایانەی لە ڕێزمانی ڕۆنانی فرێزدا ڕێگایان پێدەدرێت زۆر بەربڵاو و فراوانن.[4]

---

1 Borsley(2003:52-54)

2 بروانە 1.حاتەم ولیا (2009:78) ، 2. ( haegeman(1994:38

3 محەمەدی مەحویی،نەرمین عومەر(2004: 12-14)

4 مهدی مشکوه الدین (1386: 243)

واته لەپێشدا بۆ هەر فرێزێك چەند یاسایەك  هەبوو یاسایەكی گشتگیر و دەستورێكی گشتاندن نەبوو بۆ دارشتنی فرێزەكان، بەلاَم بەتیوری X–باڕ  لقێكە لە تیۆری دەسەلات و بەستنەوەGB، تیۆری X–باڕ لە جیاتی ئەوەی چەند یاسایەك دابنی بۆ فرێزەكان، یەك یاسای گشتی و هاوبەشی دارِشت، واتە ئەم تیۆرە كەمو كورِی لەرِووی دارشتنی فرێزەوە نەهێشت،  لەرِووی سینتاكسیشەوە تەنها دوو جۆر كەتیگۆریی ناسرابوو.

1) كەتیگۆرییە فرێزەییەكان: فرێزی ناویNp، فرێزی كرداری Vp، فرێزی بەند pp, فرێزی ئاوەڵناوی A...هتد.

2)كەتیگۆرییە فەرهەنگییەكان: ناو, كردار، ئاوەڵناو، ئاوەڵكردار...هتد.[1]

واتە ژمارەی ئەو كەتیگۆرییانەی، كە ڕێگەیان پێدەدرا سنوردار و دیاریكرابوون، هیچ جۆرە كەتیگۆرییەكی تێدا نەبوو، كە لە كەتیگۆرییە فەرهەنگییەكان گەورە ترو لەكەتیگۆرییە فرێزییەكانش بچوكتربێت. بەواتایەكی تر لەڕۆنانی فرێزدا هەر پێكهێنێك دەبو یان وشە بێت یان فرێز بێت، هیچ ئاستیكی مامناوەند لە نێوانیاندا نەبوو.بەلاَم هەندی بەڵگەی ئەزموون بەند ئەوە نیشان دەدەن، كە كەتیگۆری مامناوەندیش هەن بۆ لابردنی ئەم گیروگرفت و كەموكورِیانە چۆمسكی (1971 ) وەرچەرخانێكی لەپێكهاتەی رِێزماندا كرد بەناوی رِێزمانی X–باڕ و خستیەرِوو یەكێك لە پپویستییەكانی ئەم تیۆرە ئەوەیە كە سەرەی فرێز ( head phrase) دەبێت، لە جۆری كەتیگۆری فرێز بێت واتە سەرەی فرێزی ناوی  ناو و سەرەی فرێزی كرداری كردار بێت ...هتد.دەتوانین بەم شێوەیە ڕوونی بكەینەوە[2]:

| | | |
|---|---|---|
| –فرێزی ناوی | ناو | N |
| –فرێزی كرداری | كار | V |
| –فرێزیئاوەڵناوی | ئاوەڵناو | Adj |
| –فرێزی ئاوەڵكرداری | ئاوەڵكار | Adv |
| –فرێزی بەند | پیشناوبێت | pp |

لێرەدا بەكورتی باس لەسەرە (head) دەكەین ،كەپیكهاتەی فرێز و ناولێنەری  فرێزەكەیە. سەرە لەهەموو فرێزیكدا هەیە.بەمەش هەموو فرێزی (ناوكییە -Endocentric) لە دابەش بوونی فرێزەكە

---

1 Redfoud(1982:22)

2 مهدی مشكوەالدین ( 1386:243–248 )

گونجاوە، لەگەڵ سەرەی فرێزەکە، ئێمە لەدۆزینەوەی سەرەی ڕێزمانیدا پێویستمان بە پێوەرێکی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی دەبێت .بەپێی ئەم پێوەرە دەکرێت ئەم تایبەتمەندییانە بۆ سەرە دابنێین[1] .

1) سەرە پلەیەکی مۆرفۆسینتاکسی هەیە و هەڵگری نیشانەیەکی ڕێزمانییە ، کە بۆ هەموو فرێزەکە دەگەڕێتەوە.

2) سەرە دەسەڵاتی بەسەر کەرەستە شوێن کەوتووەکانی خۆیدا هەیە.

3) سەرە لە کەس و ژمارەدا، لەگەڵ شوێن کەوتووەکەیدا ڕێك دەکەوێت .

4) سەرە ناولێنەری فرێزەکەیە.

وشەی وەکو ناو، کردار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار...هتد،کەتیگۆری لێکسیکین Lexical catigories. لەسینتاکسدا ئەمانە سەرەی فرێزەکە پێکدەهێنن، فرێزەکان: (فرێزی ناوی، فرێزی کرداری، فرێزی ئاوەڵناوی....هتد).لە کەتیگۆری لێکسیکییەوە بەرهەمدێن و ناوی کەتیگۆرییە لێکسیکییەکە هەڵدەگرن لێرەشەوە ڕستە لە فرێز پێکدێت[2]. بۆ شیکردنەوەی فرێزەکان و دیاری کردنی یاساکانیان ئەم یاسایانە دیاری دەکەین .

یاسای (1)




**A** لە کەرەستەی **B**و**C** پێکدێت و **A** حوکمی هەردوکیان دەکات .

یاسای (2)




---

1 1.سەباح رەشید(2009:31) 2.علی بهرامی (1382:128)

2 سەباح ڕەشید( 34- 2009:31 )

لەم یاسایەدا، کەرەستەی B یش دەکرێت لە کەرەستەی تری Dو Eو و کەرەسەی Cلە F پێکبێت. پێکهاتەی فرێزی ڕستە بەشێوەیەکی هەرەمی دەبێت .ئەو یاسایانە دەکرێت بەم شیوەیەی خوارەوە بێن.

[ABC ]یان A ⟶ BC

شێوەی ئەم یاسایانە لە یاساکانی فرێز پێکهێنان هەبوون، بەلاّم لە تیوری X– باڕ دا لە چوار چێوەی چەمکی دەسەڵات یان حوکمکردندا دەنوێنرێت، بەمەش هەر فرێزێك یان هەر کەرەسەیەکی سەروی درەختەکە دەسەلاّتی بەسەر کەرەستەکانی خوار خۆیەوە دەبێت. واتە A فرێزیکە دەسەلاّتی بەسەر CوB هەیەو هەریەکە لە CوB دەتوانن ببن بە سەرەو دەسەلاّتیان بەسەر خوار خۆیاندا هەبێت و حوکمی بکەن[1]. لە هێلکاری ژمارە(2)دا B دەسەلاّتی بەسەر Eو D دا هەیەو حوکمی دەکات، بەلاّم دەسەڵاتی بەسەر F دا نییە، چونکە نەکەوتووەتە ژێر دەسەلاّتی ئەوەوە. لە تیوری X–باڕ دا داوای ئەوە دەکات، کە پێکهاتەی هەموو فرێزێك پێویستی بە دروستەی دوو ئاستی ناوەکی هەبێت، کە هەموو فرێزیك لەهەموو زمانێکدا لەهەمان یەکەی دروستەی بنەرەتیدا بەشداربن، لەگەڵ هەموو ئاستی فرێزەکەدا. ئاستیکیان X″ پیکدێت **لە** سەرەیەك و ئەسپێکتیك و ئاستەکەی تریان X لە سەرەیەك و تەواو کەریك پێکدێت[2].

یاساکانی تیوری X–بار بۆ دروستەی فرێزەکان[3] :

–فرێز هەمیشە سەرەیەکی لەهەمان جۆری خۆی تێدایە، فرێزە ناوییەکان، ناوەکان(Nps,Ns) فرێزە کردارییەکان ،کارەکان(Vps,Vs)

X″ ⟶ Specifier X′

کەتیگۆریی دوو باڕ پێکدێت لە سەرەیەکی یەك باڕ وسەربارێك **(**Specifie**)**

X′ ⟶ **x** تەواوکەر

کەتیگۆریی یەك باڕ پێکدێت لەسەرەیەکی بێ باڕ و تەواو کەرێك.

X′ ⟶ X′ **COM** تەواو کەر

کەتیگۆریی یەك باڕ دەتوانێت زیاتر، لە کەتیگۆرییەکی یەك باڕی تری تێدابێت

---

[1] Cook and Newson(1996:134)

[2] Ibid:144

[3] Ibid :147

X ⟶ X´ سەربار

X کەتیگۆریی بێ باڕ کەتیگۆریی فەرهەنگییە.

کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان وەك ناو ,کردار، ئاوەڵناو ...هتد، کە بە زاراوەی ڕۆنانی پێیان دەوترێت سەرە زۆر بەوردی، هەندێك لە تەواوکەر هەلدەبژێرن بۆئەوەی پێکەوە یەك بگرن و فرێز پێك بهێنن. پرۆسەی یەکگرتنی سەرەو تەواوکەربۆ پێکهێنانی فرێز پێیی دەوترێت لقکردنی کەتیگۆرییانە[1]، لێرەدا بەپێی NP دەتوانێن لقکردنە کەتیگۆرییەکان. بەپێی یاساکانی سەرەوەو بە هێڵکاری دیاریبکەین.

بۆ فرێزی ناوی







**بۆ فرێزی کرداری** VP




**1** –حاتەم ولیا (2009:82)

-شیرین بەدەست نامەکەی نوسی.




لێرەدا و لەم وەچەپۆلەڕەگەز کردنەدا ڕوون دەبێتەوە، کە ناونانی فرێزەکان بەهۆی سەرەکانەوە دەبێت، ئەمەش لە بواری ئەنافۆڕ دا گرنگە، چونکە ئەنافۆڕ پێویستی بە زانیاری فەرهەنگی و سینتاکسی وشە و فرێزەکان هەیە بۆ دیاری کردنی هاونیشانە بوونی لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا. ئەنافۆڕ جێکەوتەی ئاماژەبۆکراوەکەیەتی چۆمسکی بەم شێوەیە باسی جێکەوتە دەکات و دەڵێت:((دەرکەوتنی پێکهاتەکان لەهەر ڕۆنانێکی سینتاکسیدا واتە (ڕۆنانی ژێرەوە، ڕۆنانی سەرەوە، فۆڕمی لۆجیکی )دەکەوێتە ژێر کاریگەری فەرهەنگەوە[1]. لەم ڕێگەیەوە جێکەوتەی سەرەی فرێزی سینتاکسی واتە (ناو،کردار،ئاوەڵناو ،...هتد) دەردەکەوێت. هەربناغەیەکی فەرهەنگیی خاوەنی فۆڕمی فۆنەتیکی و جێکەوتەکانی واتایی و سینتاکسی تایبەت بە خۆیەتی[2]. یەکێك لە ئەنجامە گرنگەکانی بنەمای جێکەوتە دانان ئەوەیە، کە ئەگەر کەرەستەیەك لە شوێنی تایبەتی خۆی بوو لەو کاتە دا ئەو کەرەستە لە نواندنی سینتاکسی لەو شوێنە بوونی هەیە، دەشێت ئەو کەرەستە بە شیوەی کەتیگۆری ئاشکرا (Overt category )و یاخوود بەشێوەی کەتیگۆری بەتاڵ (Empty Category )دەربکەوێت[3]. ناساندن و ڕونکردنەوەی ئەو کەتیگۆییانە بۆ زیاتر تیشك خستنە سەری بابەتی بەکارهێنانی ئەنافۆڕ و ئەرکی ئامرازە ئەنافۆڕییەکانە لە

---

1 Chomsky(1981:29)

2 مهدی مشکوەالدین(1386: 354 )

1 مهدی مشکوەالدین(1386: 257) **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کاروان عومەر(2010:57-62)**

ڕستەدا. سینتاکس و فەرهەنگ  پەیوەندییەکی بتەو لە نیوانیاندا هەیە . یەکە فەرهەنگییەکان بەپێی یاسا سینتاکسییەکان ڕیز دەکرێن و ئەرکیان دەدرێتێ و واتاش بۆ ڕستەکە دروست دەکەن. ئامرازە ئەنافۆرییەکانیش کەرەستەی فەرهەنگین و دەتوانن ئەرکی سینتاکسی وەربگرن .

## 2/2 ) کۆزانیاریی سینتاکس[3]:

پێکهاتەی هەر ڕستەیەك کاتێك، کە بە ڕووکەش  دەبینرێت لەم ئاستانەی خوارەوە پێکدێت و بۆ دیاریکردنی ڕستە بە قوناغەکاندا دێتە خوارەوە. یەکەکان بە سیماواتاییەکانەوە لە فەرهەنگدا هەن،گواستنەوەکان بەسەر کەرەستەکاندا دێت و واتای وشەکان ڕێکدەخرێت و بەپێی یاسا سینتاکسییەکان لە ئاستی ڕووکەش  ڕستەکە دروست دەبێت. بڕوانە هێڵکـــاری (2-2)

پیکهاتەی سینتاکسی[2]




هێڵکـــاری (2-2)

ئەو یاساو نموونانەی پێشوو، کە باسمانکردن کۆزانیاریی مۆرفۆلۆژی, فەرهەنگی وشەو فرێزەکان, پیشانیدەدەن، کە پرۆسەی شیکاری سینتاکسی چەند پێویستە بۆ شیکارکردنی یەکەکان و سینتاکس زۆر گرنگە لە شیکاری  ئەنافۆڕدا, زیاتر لەوەش لەبەر ئەوەی زانیاریی دابین دەکات دەربارەی سنوورەکانی ڕستە  هەروەها پێکهێنەرەکانی ڕستە وەك فرێزی ناوی، فرێزی کرداری ,فرێزی پێشناوی و......هتد,

[2] Ken(2002 )
[3] Falk(1978:241-248)

سینتاکس ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، لە پێکهێنانی یاسا جیاوازەکاندا , ئەم یاسایە ئەوە دەخاتە ڕوو، کە فرێزی ناوی ئەنافۆڕی تەنها هاوئامازە دەبێت لەگەڵ بکەری فرێزە ناویەکەدا لە هەمان ڕستەی سادەدا یان پارستەی ئالۆز , کاتێك ئەنافۆڕ جێناوی خۆییە . ئەم یاسایە پشت دەبەستێت بە کۆزانیاریی سینتاکسی دەربارەی سنوورەکانی ڕستەکان وپارستەکان, لەگەڵ ئەو زانیارییانەی دەربارەی ئەرکی سینتاکسییە بۆ هەر ڕستەیەك[1] .

3–أ) ئەڤین ئیشی زۆر کرد, خۆی زۆر ماندو کرد.

i    i

3–ب) ئەڤین ئیشی کرد , ئەو دەڵێت ماندووم.

i    i

لێرەدا بەپیی یاسا سینتاکسییەکان دەزانین، کە ئەرکی یەکەکان چیەو بۆچی دەگەڕێتەوە.

کۆزانیاریی سینتاکسی بەزۆری بەکاردەهێنرێت لە شیکاریی ئەنافۆڕدا, لەگەڵ مۆرفۆلۆژی, زانیاریی فەرهەنگی ڕۆڵێکی سەرەکی لە کردەی شیکاری ئەنافۆڕدا دەبینێت. سینتاکس پەیوەندیی بە هەموو یەکەکانی زمانەوە هەیە و یەکیاندەخات .

## 1–2/2) کەرەستەکان (ئامڕازەکان)ی ئەنافۆڕ لە ڕستەدا:

یەکەیەکی زمانین دەتوانن ئەرکی سینتاکسی وەربگرن لە ڕستەدا، وەك هەموو یەکەیەکی تری زمان[2]، هەموو یە کەیەکی زمانی ئەنافۆڕ نییە، بەڵام هەموو ئەنافۆڕێك یەکەی زمانییە و هاوئامازەیە، لەگەڵ ئامازەبۆکراوەکەیدا لەڕووی کەس و ژمارەوە. ناسینەوەی ئەنافۆڕەکەو گەڕانەوەی بۆ ئامازەبۆکراوەکەی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا بە هۆی یاسا سینتاکسییەکانەوەدەبێت ، بۆیە لێرەدا بە شێوەیەکی ڕوون باس لە ئەنافۆڕو ئەرکیان لە ڕستەدا دیاریدەکەین:

---

[1] Miktov(2002:30)

[2] بڕوانە بەشی یەکەم

### 1-1-2/2)جێناوەکەسیەکان:

جێناوەکانی زمانی کوردی بە پێی کەس و ژمارە جیاکراونەتەوە لە دوو دەستە جێناو پێکهاتووە.ئەوانیش جێناوە سەربەخۆکان و جێناوەلکاوەکانن. چۆمسکی دوو تایبەتمەندیی ئاماژەبۆکرا و دیاریدەکات بۆ پەیوەندیی نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی یەکێك لەو تایبەتمەندیانە (هاونیشانەییە)، بۆیە دەبێت هاوئاماژەییەکەی لەگەڵ بێت[1]. چونکە جێناو بەشێکەلە پێکهاتەی ڕستە، کاتێك ڕستە لە ئاستی قووڵدا هەیە، هەر وشەی فەرهەنگییە و واتای ڕێکخراوی سینتاکسی نییە بەهۆی جێناوەکانەوە بە تایبەتی جێناوە لکاوەکان واتاکانیان دیاریدەکرێت. بۆ نموونە: وەك لە پاری (1/2) باسمان کرد بە هێلکاری ئاستی فەرهەنگ خرایە ڕوو:

فەرهەنگ

↓

من تۆ خۆش ویستن

↓ amove

DS

من تۆ خۆش ویستن

↓

SS amove

من تۆم خۆش ویست

هێلکاری (2-3)

لە بەر ئەوە کردارەکە تێپەرە جێناوە لکاوەکە نالکێت بەکردارەوە:

أ- جێناوە سەر بەخۆکان :

ئەو جێناوانەن, کە سەربەخۆلە بری ناوێك یان شتێك دێن وهەموو ئەرکەکانی ناو دەبینن, لەڕستەدا ژمارەیان شەشە.[2]

---

[1] Chomsky(1981:188)

[1] بڕوانە:ئەورەحمانی حاجی مارف ( 1987)

جێناوەکان ئەمانەن :

من – ئێمە , تۆ – ئێوە , ئەو – ئەوان ,

هەر وەك لە پێناسەی جێناودا دیارە، کە ڕێگە لە دووبارە بوونەوە دەگرێت, ئەمە لەگەڵ ئەنافۆڕدا وەك یەکە، کە ئەنافۆڕ یەکەیەکە ڕێگە لە دووبارە بوونەوەی وشە یان فرێزەکە دەگرێت, ئەم جێناوانە دەتوانن ڕۆڵی ئەنافۆڕ ببینن بە پێی ڕێکەوتنی, لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا, ئەرکی ئەنافۆڕی ئەم جێناوانە بە پێی چالاکیان کەم و زۆرە جیاوازیان هەیە, بەتەنها ناتوانن ئاڕاستەی ئاماژەبۆکراوەکەی دیارییکات. بۆ نموونە (جێناوی (من)، بەڵام ئەم جێناوە لەگەڵ جێناوە لکاوەکەیدا دەتوانیٚ چالاکانە ڕۆڵی ئەنافۆڕی ببینێت، جێناوی سەربەخۆی (ئەو) زۆر چالاکە لە دروست کردنی ئەنافۆڕو, بە چالاکانە ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت، بەڵام هەر چەندە (ئەو) جێناوێکی سەربەخۆیە هەندێکجار لێڵی دروست دەکات، یان ڕۆڵی ئەنافۆڕ نابینیٚ،[1]جێناوەکانی کەسی یەکەم ودووەم تاك بەکارهێنانیان جیاوازە لەگەڵ جێناوەکانی تردا هەر دەم دەبن بە دەرەئاماژە(Exophorci)[2]و گوتن بە دەرەوەی دەق دەبەستێتەوە. هەر بۆیەش جێناوەکانی کەسی یەکەم ودووەم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری ناکەن لە لکاندنی دەق بەیەکتری و ڕۆڵی دەق ئاماژە نابینێت (ئەمە لەبەشی یەکەمدا ڕوون کرایەوە)، پەیوەندیی نێوان جێناوەکان و ئاماژەبۆکراوەکەی پەیوەندییەکی پراگماتیکییە ،چونکە نە ئەرکی ڕێزمانی جێناوەکە خۆی، نە ئەرکی سینتاکس کەرەستە ئاماژەبۆکراوەکە کار ناکاتە سەر ئەو پیوەندییە[4]. ناتوانین ئاماژەبۆکراوەکانیانی جێناوە سەربەخۆکانی کەسی یەکەم ودووەم (تاك و کۆ) بەڕوونی دیارییکەین وببن بە ئەنافۆڕ، بەڵام بەهۆی جێناوە لکاوەکانیانەوە دەتوانن ڕۆڵی ئاماژەبۆکراوێك لە ڕستەی سادەو ناسادەشدا ببینن، واتا وەك جێناوی کەسی سییەمی تاك و کۆ ناتوانن ڕاستەوخۆ ڕۆڵی ئەنافۆڕ ببینن. جێناوە سەربەخۆکانی کەسی یەکەم و دووەم لە دروستکردنی ئەنافۆڕەکان زۆر چالاك نین، بەڵام چالاکانە دەبن بە ئاماژەبۆکراوی جێناوەلکاوەکانیان . بڕوانە (4–ا–ب–ت–پ).

---

1 بڕوانەبەشی سێیەم.

2 دەرەئاماژە(Exophorci) هەموو ئەو وشەو کەرەستانە دەگرێتەوە، کەئاماژە بۆدەرەوەی دەق دەکەن، واتە کەرەستە، یان شتە ئاماژەپێکراوەکە لەدەرەوەی زماندایە (قەیس کاکل(2002: 46)).

4 تارا موحسین (2004) . ئەو سەرچاوانەی لەوێدا بەکار هاتووە .

4–أ) **من** **نامـــەم** **نووسی.**

i i

4–ب) **تۆ** **نامەکەت** **نووسیوە.**

i i

4–ت) ئیمە وانەکەمان نووسیوەتەوە.

i i

4–پ)ئازادو نەوزاد نمرەی باشیان لە تاقیکردنەوەکاندا وەرکرتووە.

i i

ئەگەر سەیری نموونەکانی(4–أ،ب،ت،پ) بکەین دەبینین، کە چۆن ئەنافۆڕەکان دەبینرێن و ئاماژەبۆ ئاماژەبۆکراوەکانیان دەکەن و هاونیشانەی لە نێوان ئەنافۆڕەکەو ئاماژەبۆکراوەکە هەیە. دەشتوانین جێناوەسەربەخۆکان لابەرین وبە**pro** دایانبێنین و بەستنەوەی ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی هەر بەردەوام دەبێت لەڕووی واتاو سینتاکسەوە نادروست دەرناچێت.

5)**Pro** وانەکەت نووسیوەتەوە.

i i

بەشێوەیەکی تر جێناوە لکاوەکان دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی ببینن لە دروستکردنی کەتافۆڕ، کە پیچەوانەی ئەنافۆڕ و وئاماژەکردنە بۆدواوە.

6–أ) خانووەکەی تەواو کرد، وەستاکە .

i i

6–ب) نەخۆشەکەیان چارەسەرکرد،دکتۆرەکان.

i i

جێناوەکانی کەسی سێیەمی تاك و کۆ ڕۆڵی گرنگ، لە دروستکردنی ئەنافۆڕ دەگێڕن، ( کەسی سێیەمی تاك هەردەم ڕۆڵی دەقەئاماژەی پێشەوە دەبینێت، واتە دەبێت پێشتر باس لە کەسەکە یان شتەکە کرابێت ئەنجا دواتر ئەو جێناوەی لە بڕیتیدا بەکارهاتبێت )[1].

7–أ) ئەو نان دەخوات .

i i

7–ب)ئێوە نان دەخۆن.

i i

دەشتوانرێت لە بری جێناوی (ئەو) ناو یان فرێزی ناوی یان **pro** دابنرێن.

7–ت) نەسرین خواردنێکی زۆر بەتامــی لێناوە .

i i

7–پ)بەناز نامەکەی نوسی ،ئەوجا هات Ø.

i i

لەڕستەی (7–پ) ئەنافۆڕەکە Ø جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە دەرنەکەوتووە، لە دەستەی (م□ین ،یت□ن، Ø –ن ) کە جێناوەکە سفرە[2]، بەڵام دیاردەی ئەنافۆڕ هەر دەردەکەوێت و بەهۆی ئاماژەبۆکراوەکە دەناسرێتەوە. دەتوانرێت لەڕستەیەکی سادە دوو ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراو هەبێت، ئەویش بەهۆی بوونی هاونیشانەی کەرەستەکان لەڕووی کەس و ژمارەوە، چالاکی جێناوەکان، بەتایبەتی جێناوە لکاوەکان و جێناوی سەربەخۆی کەسی سێیەم.

8□أ) من ئــەو م دەوێــت Ø

i i

j j

8–ب) **Pro** مردنـــــت دەویست Ø.

i i

j j

---

1 قەیس کاکل(2002: 84– 85 )

2 بڕوانە ئەورەحمانی حاجی مارف (1987: 142– 155)

ئەنافۆڕ بە شێوەیەکی چالاکانە لە ڕستەی نا سادە(لێکدراو ئاڵۆز) و دەقدا کار دەکات .واتە هەموو کەرەستەکانی زمان کە ڕۆڵی ئەنافۆڕ دەبینن ، چالاکن لە ڕستەی ناسادەو دەقدا.

9–أ) ئەو نانەکەی خوارد، بەلاّم pro(ئەو) دانەنیشت Ø.    (ڕستەی لێکدراو )




9 –ب)ئەو کچەی ، کەتۆ دیتتØ خۆشکی براژنم بووØ.    (ڕستەی ئاڵۆز)




ئەگەر سەیری ڕستەی (9–ا) بکەین ڕستە لێکدراوەکە، لە دوو ڕستەی سادەپێکهاتووە و ڕستەی تەواون و واتای تەواوی خۆیانیان هەیە، بەلاّم ڕستە لێکدراوەکە واتایەکی تر بەسەر یەکەوە دەدات و لە واتای دوو ڕستەکە دروست بووە. دەتوانین لە ڕستەی یەکەم هەریەکە(ئەو ،ی)و لەڕستەی دووەمدا (ئەوpro و Ø ) ئاماژەبۆکراو و ئەنافۆڕبن، (ی)و ( ئەوpro و Ø ) ئەنافۆڕبن بۆ(ئەو) لە ڕستەی یەکەمی ڕستە لێکدراوەکە. لە ڕستەی(9–ب) ڕستەی ئاڵۆزە، کە (ئەوکچەو(Ø) ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەیان بە شێوەیەکی تر دەتوانین دیارییبکەین.

9 –ت)تۆ لە کاتی وانەکەدا لە خەیاڵدا بوویت، بەڵام باش proتێگەشتوی Ø .




واتە لەڕستەی (9–ت) دەردەکەوێت بەستنەوەیەکی گرنگ هەیە لە نیوان جێناوە سەربەخۆکان و لکاوەکان یان ناوەکان، جێناوەلکاوەکان واتای ڕستەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە و ڕستەکە تەواو دەکەن. پێویستە تیشك بخرێتە سەر ڕستەی ئاڵۆز، کە زۆرترین دیاردەی ئەنافۆڕی تێدایە لە سینتاکسدا، چونکە ئەنافۆڕ بەستنەوەی وشەکانە بەبێ دووبارەبوونەوە. ڕێزمانی گواستنەوە جۆریکی تری ڕستەی نادەسادەی دەستنیشان کرد،کە کردەی گواستنەوەی بەناویەکداچوو **Embedding**

**transformation** بەرهەمدێت کە ئەویش ڕستەی ئاڵۆز **Complex sentence** یا پاڕستەی لێکدراوی بەناویەکدا چووی پێدەڵێن وەك ئەم هێلکاریەی خوارەوە.




**هێلکاری(2-4)**

وەك لە هێڵکارییەکەدا دیارە کە (گرێ1) زاڵە بەسەر (گرێ 2) ڕستەیەکیان سەرەیە و سەرەکییە زاڵە بەسەر ڕستەکەی تریاندا، کە ناسەرەکییە[1]. Crystal بەم شیوەیە پێناسەی ڕستە بە ناویەکداچوو دەکات ((زاراوەیەکە بەکاردێت لە ڕێزمان بەرهەمهێنان وگواستنەوەدا بۆ ئەو کردەیەی یان ڕۆنانەی، کە ڕستەیەك تێهەڵکێشی ڕستەیەکی تر دەکرێت، لە ڕووی ڕێزمانەوە شوێنکەوتووی ڕستە سەرەکییەکە دەبێت، دەچێتە ناوییەوە. ))[2].

خستنە ڕووی ئەو زانیارییە لە سەر ڕستە بۆ ئەوەیە، کە زۆربەی جار ئەنافۆڕ لە ڕستەی ناسەرەکی (لاوەکی) دایە و نادیارە، واتە لەشێوەی ئەنافۆڕی سفر دەگەڕێتەوە بۆ کەرەستەیەکی تری ناو ڕستە سەرەکییەکە،یان هەندێك جار ڕستە لاوەکییەکە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆکەرەستەیەکی ناو ڕستە سەرەکییەکە. زۆربەی کات ئەنافۆڕەکان بە شێوەیەکی دیار دەرناکەوێت ،بەڵکو بەشێوەی **pro** یان ئەنافۆڕی سفر دەنوێنرێت، بەڵام بەهۆی زانیاریی پێشینەی و هاوئاماژەی ئەنافۆڕە نادیارەکە ، لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا و دەستنیشانکردنی. هەمیشە واتای ڕستەی لاوەکی لە ڕستەی سەرەکییەوە وەردەگیرێت.

---

[1] **یوسف نوری (2010: 33)**.

[2] Crystal ( 2002:156).

10)



بەم شێوەیە ڕستەکە لەدوو ڕستە پێکهاتووە.

ڕستەی سەرەکی : ئەو پیاوەخاوەن کارەکە بوو.

ڕستەی لاوەکی: **pro** لێرە وەستابوو .

دوو ڕستەکە بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە لێکدەدرێت، کەرەستەی دووبارە نانوسرێتەوە، ئەو کەرەستەی دەسڕێتەوە ئاماژە بە واتاکەی دەکرێت بەهۆی ئاماژەبۆکراوەکەیەوە لە ڕستەکەدا، جا بەهۆی **pro** یان بەهۆی ئەنافۆڕی سفر لە ڕستە ئالۆزەکەدا دەنوێنرێت

11)



لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بویەوە، کەجێناوە کەسییەکان بەتایبەتی جێناوی سەربەخۆی کەسی سێیەم ، زۆر چالاکە لە دروست کردنی ئەنافۆڕ، چونکە پێویستی بە پێشینەیەك هەیە، لەپێش خۆیەوە هاتبێت بە جێناوی (ئەو ،ئەوان)ئاماژەی بۆ بکرێتەوە، بەتایبەتی لە بواری دەق و بوارە ئەدەبییەکاندا، زۆر بەچالاکی بەکاردێت، جێناوە کەسییەکان لە بواری کەتافۆریشدا ڕۆڵ دەبینن بەتایبەتی جێناوی (ئەو)

12) کراسێکی جوانی دووری، ئەو (چاوان )

i i

## 2-1-2/2)جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش.:

جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش یەکێکە لە یەکە (کەرەستە)، یان ئاماژە سەرەکییەکانی ئەنافۆڕ، کە زۆربەی زمانەوانەکان جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش بە ئەنافۆڕ دادەنێن و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان جێناوەکەو ئاماژەبۆکراوەکەیدا هەیە. چالاکترین جێناون بۆ ئەنافۆڕ[1].

ڕێزمان نووسە دێرینەکان پێناسەی زۆریان بۆ جێناوی خۆیی کردووە، هەریەکە بەشێوەیەك دیارییان کردووەو شێوەیان خستوەتەڕوو، هەندێکیان بە (خۆ) یان داناوە بەیەکگرتنیان، لەگەڵ جێناوەلکاوەکاندا دروستبووە[2]. جێناوی خۆیی تەنها ئەرکی ئەنافۆڕ نابینێت، بەڵکو چەند ئەرکێکی تری هەیە[3].

1-جێناوی خۆیی بۆ جەخت کردنی بکەر:

من خۆم هاتم.

لێرەدا ئەگەر ڕستەکە بەم شێوەیەش بێت هەر هەمان واتای هەیە:

من هاتم.

بەڵام کاتی، کە جێناوە خۆییەکەی بۆ دادەنێن زیاتر جەخت لە بکەرەکە دەکاتەوەو گومان و دوو دڵی نایەڵێت:

2-جیناوی خۆیی خاوەنداریەتی :

ئەوەش بۆ چڕکردنەوەی واتای خاوەنیەتییەکەیە

خانووەکەی من .

خانووەکەی خۆم.

[1] وەك لەبەشی یەکەمدا خرایەڕوو کە چۆن زمانەوانەکان باسیان کردووە بەتایبەتی چۆمسکی و ئەوانەی لایەنگری ئەون، تەنها جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەشیان بە ئەنافۆڕ داناوە....) لەبەشی سێیەمدا زیاتر باسی تیۆرەکەی چۆمسکی GB دەکەین و ئەنافۆڕ بەپێی ئەو تیۆرە دەخەینە ڕوو.بەڵام جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش مەرج نییە هەر ڕۆڵی ئەنافۆڕ ببینن .

[2] بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە بەدرخان سلیمان (2006: 42).

[3] سەباح ڕەشید (2009: 129)

3-جیناوی خۆیی ڕەنگ دەرەوەیە(انعکاس)کە تێیدا کردارەکە یان بارەکە ڕەنگ دەرەوەی بەسەر بکەرو بەرکاردا دەبێت یان بکەر وبەرکار بەهۆی جێناوە خۆییەکەوە لەیەك کەسدا کۆ دەبنەوە.

من خۆم شت.        خۆم دەبێتە بەرکاری من

یان هەندێجار دەبن بە ئەنافۆڕ و هەندێجار ئەنافۆڕیش نین وەك ئاماژەبۆکراوێك ڕۆڵ دەبینێت.

13-أ) تۆ خۆتت شت .

بەرکار

چەند نمونەیەك لەسەر ئەنافۆڕ(جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش)

13-ب) نەسرین هەرچەندە دایکی ڕۆیشتووە، بەڵام خۆی کارەکانی ئەنجامدا .

i i

13-ت)*نەسرین دایکی یەکتریان خۆشدەویت.

i i

13-ت)باوك و کوڕەکە ماوەیەکی زۆرە یەکتریان نەبینیوە.

i i

پێویستە لەڕووی کەس و ژمارەوە ئەنافۆڕو ئاماژەبۆکراوەکەی هاونیشانە بن، بۆ ئەوەی ڕستەیەکی واتا دروست ، درووست ببێت.

14)* منداڵەکە لەکاتی یاریەکە یەکتریان دەگریاند .

j i

ڕستەی (14) لەڕووی یاسا ڕێزمانییەکەوە دروستە(مەبەست ڕیزبونی کەرەستەکانە بکەر، بەرکار کردار...)،بەڵام واتا دروست نییە، بەمەش ئەنافۆڕ دروست نابێت، چونکە ئەنافۆڕو ئاماژەبۆکراوەکە هاونیشانە نین.

15-أ)**Pro** دەزانم ،خۆم ناتوانم کارەکان ئەنجام بدەم .

i i i i i

15–ب) کوڕم خۆیان وانەکە دەنوسن .

i i

### 3–1–2/2) ناو و فرێزی ناوی:

ناو یان فرێزی ناوی ڕۆڵێکی گرنگیان لە ئەنافۆڕدا هەیە، بەشێکن لە یەکە سەرەکییەکانی ئەنافۆڕ لە ڕستەدا دەتوانرێت ئاماژەبۆکراوی بە شێوەی ناوێك یان فرێزیکی ناوی دیارییبکرێت بەتایبەتی لە ڕستەی ناسادەدا .

16) ئەوڕەحمانی حاجی مارف ،کە زمانەوانێکی کوردە بەرهەمی زۆری هەیە.

i i i

### 4–1–2/2) فرێزی کرداری و ئەدڤێربڵ:–

کردار یان فرێزی کرداری و ئەدڤێربڵەکان توانای بوون بە ئەنافۆڕ یان هەیە، لە کاتێکدا کە کردارەکە یان فرێزە کردارییەکە بەزۆری لەڕووی نیشانە واتاییەکانییەوە، لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا هاوواتان. جۆری کردارەکە تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت کار ناکاتە سەر ئەنافۆڕەکە،بەڵام زۆربەی کات ئەنافۆڕە کرداریەکە لە شێوەی ئەنافۆڕی سفر دەردەکەوێت ، چونکە ئەنافۆڕ مەرجی هاوئاماژە بوونیەتی لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا هەیە.

17–ب) پەری کە لە خویندنگە بوو کراسێکی جوانی دوور بوو، بەڵام شیا لەماڵەوە(کراسێکی جوانی دووری بوو)

i i

هەرچی ئەدڤێربڵەکانیشە لە توانایاندا هەیە ڕۆڵی ئەنافۆڕ ببینن، بەتایبەتی کاتی کردارەکان جودان ،یان پێچەوانەی یەکن.

18) کە من لە سەیران بووم تۆ بۆ نەهاتی ....... (بۆ سەیرانەکە)

i i

## 5-1-2/2)وشه نیشانەییەکان:

وشه نیشانەییەکان بریتین لەو وشانەی ، کە ئاماژە بەکەرەستەیەکی ناسراو دەدەن ، له دوور یان له نزیك بۆ دیاریکردنی کەرەستەکە، واته بۆ ناساندنی. وشه نیشانەییەکان بریتین له جێناوی نیشانەو ئاوەڵناوی نیشانه.

جێناوی نیشانه[1]

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| نزیك | ئەم ئەمە | ئەمان ئەمانە |
| دوور | ئەو ئەوە | ئەوان ئەوانە |

19-أ) نەسرین و پەری زۆر زیرەکن ،ئەوانە هەمیشه دەیبەنەوە.

i i

19-ب) ئەو منداڵەی بەسەر دیوارەکەدا دەڕۆیشت ،ئەمە بوو.

i i

19-ت)کۆمەڵە کەسێکی باش بوون هاتن ،ئەمانە هەمیشه دیارن.

i i

جێناوە نیشانەکان لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵی سەرەکییان ئاماژەکردنه بۆکەس یا شت ڕۆڵی ئەنافۆڕیش دەبینن و هاوئاماژەن لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیاندا.

**ئاوەڵناوی نیشانە:**

ئاوەڵناوی نیشانه ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ئەنافۆڕدا ئاوەڵناوە نیشانەکان[2] بریتین له

ئەم.......ە

ئەو.......ە

20-أ)خوێندکارەکەی، کە بۆپێشبڕکێکەمان نارد، ئەم کوڕە بوو.

i i

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف(1987: 246)

[2] ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی (1976: 87)

20–ب)منداڵەکان، کە هاتن بۆ فەرمانگەکەمان، ئەو ناسکۆلانانە بوون.

i i

ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا جێناوە نیشانەییەکان و ئاوەڵناوەنیشانەییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە کەتافۆڕشدا.

21–أ)ئەوەی کە بینیمان نەسرینی خاڵم بوو.

i i

21–ب)ئەوانەی بینیمان خوێندکارانی زانکۆ دەرچوون؟

i i

21–ت) ئەو کوڕەی کە دوێنێ نامەکەی بۆ ناردیت ، کاروانی دراویسێمان بوو.

i i

کەرەستەکانی ئەنافۆڕ زۆر چالاکانە کار دەکەن و زۆر بەشیان لە توانایاندا هەیە ببن بە کەتافۆڕ، زۆربەی زمانەوانەکان تەنها جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش بە ئەنافۆڕ دادەنێن، بەڵام ئەو کەرەستەیەی کە بتوانێت هاوئاماژەبێت لەڕووی کەس و ژمارەوە، لەگەڵ ئامازەبۆکراوەکەیداو واتا و ڕێزمان دروست بێت ئەوا ئەو کەرەستەیە دەبێتە ئەنافۆڕ. ئەنافۆڕ، واتە بەستنەوەو بۆگەڕاوەیی وشەکە لە لایەن کەرەستە حوکمکەرەکەیەوە.

## 3/2 )کۆزانیاریی سیمانتیکی ئەنافۆڕ:

تەنها زانیاریی سینتاکسی و فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژی بنەما نین بۆ شیکاری کەرەستە زمانییەکان ، لەبەر ئەوەی هەموو ئەمانە بە مەبەستی گەیاندنی واتابەکاردێن. زانیاریی سیمانتیکی یەکەیەکی زمانی زۆر

گرنگە، چونکە سیمانتیك پەسەنکردنی واتا و پەسەنکردنی پەیوەندییە واتاییەکانە [1]، هەروەها ڕێگە دەدات بۆ ناسینەوەی یەکەکە، ئەم زانیاریانە بەدەستەوە دەبێت لە زانیاریداندا، وەکو فەرهەنگێك دەبێت بۆی، لێکدانەوەی ڕاستی ئەنافۆڕ لەوانەیە پشت ببەستێت بە توانای بەدەست هاتووی سیمانتیك بۆ ناساندیی یەکەکانی دەق، یان ڕستەیەك، کە لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا یەکدەگرێتەوە[2].

22–أ)ئەو منداڵان پسکیتیان خوارد، وتیان بەتام بوون.

i i

22–ب)ئەو منداڵانەی پسکیتیان خوارد، ئەوان دڵخۆش بوون .

i i

سیمانتیك ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە دیاریکردنی ئەنافۆڕ، لە وانەیە ڕستەکە ڕستەسازییانە ڕێزمان دروست بێت و یەکەکان شوێن و ئەرکی خۆیان هەبێت، بە سەیرکردنی ڕستەکە ئەنافۆڕەکە دیارییبکرێت، بەڵام لەڕووی سیمانتیکەوە لێکدانەوەکە هەڵەو نادروست دەربچێت. بۆیە پێویستە وریایانە هەوڵ بۆ شیکاری ئەنافۆڕ بدرێت، لە ڕووی سینتاکس و سیمانتیکەوە، پاشان بڕیاری درووست بدرێت بۆ دیاریکردنی[3]. Chomsky پێکهاتەی سیمانتیك Cemantic Companent بە پێکهاتەی کۆتای ڕێزمان دیاریکردووە. ئەم بەستنەوەی سیمانتیکە بە ڕێزمانەوە مەبەست لێی دیاریکردنی سنووری واتاو توانستی زمانییە ئەو لایەنانەی واتاش وەك (مەبەستی قسەکەر ودەورو بەر )، کە لە چالاکی و توانای زمانییەوە وەردەگیرێن[4].سیمانتیك خۆی بە واتای یەکە بە یەکەی وشەکان و واتای ڕستەکانەوە خەریك دەکات، واتای وشەکان لەفەرهەنگدا دیار و تۆمار کراون واتای فەرهەنگ، لیکسیکی Lexical meaning ناوەرۆکی(واتای)ڕستە واتای سینتاکسی Syntactical meaning لەبەر ئەوە مەودای سیمانتیك زۆر توند بە سینتاکسەوە بەندە هەروەها بۆ پەسەند کردنی یاسا سینتاکسییەکان پیویستی تەواومان بە سیمانتیك دەبێت[5].

---

**1** شیلان عومەر (2011: 81)

[2] Miktov(2002:30-31)

[3] Huddleston(1976:254)

[4] شیلان عومەر **(2011: 81)**

[5] محەمەد مەحوی(2011: 38)

کۆزانیاریی سیمانتیك گرنگی تایبەتی هەیە کاتیك لێکدانەوە بۆ فرێزی ناوی فەرهەنگی دەکەین، بەتایبەتی لە جۆرە ناراستەوخۆکەی ئەو ستراتیژییەی، کە بەزۆری بەکار دەهێنرێت بۆ ململانێی لەنێوان پەسنی سیمانتیکی، لەگەڵ فرێزی ناوی ئەنافۆڕ گونجاوە، ئەوانەش کە گونجاوە لەگەڵ فرێزە ناوییە هەلبژێراوەکە دژیەکی دەردەکەوێت لە ڕستەدا، ئەگەر سەرەی فرێزە ناوییەکە هاوتا نەبێت یاخود گشتگیر نەبن یاخود تایبەت نەبن یان دەستەیەکی هەمان پۆل نەبن دژیکەکە پەیدا دەبێت ، ئەگەر دەرخراوەکان ئەنافۆڕو فرێزە ناوییە هەلبژێردراوەکە سیمانتیکانە یەك نەگرنەوە[1]. کاتێك کە باس لە سیمانتیك دەکەین بۆ دیاریکردنی واتای ڕستەکان پێویستە، تەنها ئاستی مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی ڕستە دروست ناکەن. ئەنافۆڕ خۆی دیاردەیەکی ئالۆزە پیویستی بەزانیاریی پێشینەی کەرەستەکانی هەیە، تا دیارییکەین، چونکە زۆر جار سەیری کەرەستەیەك دەکەین وا دەزانین ئەنافۆڕە ،بەڵام لێڵیەکی زۆی پێوە دیارە، بەهۆی سیمانتیکەوە دەتوانین دیاری بکەین. پەیوەندی بتەو لەنیوان ئەنافۆڕ و سیمانتیکدا هەیە ولە هەموو ئاستەکانی زمان کاران و ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە شیکردنەوەی کەرەستە زمانییەکان بۆیە ناتوانن هیچ لایەنێك لەو لایەنانە فەرامۆش بکەین.

## 4/2) سنوور و پەیوەندییەکانی ئەنافۆڕ لەڕستەدا:

کاتێك شیکاری ئەنافۆڕ دەکەین دۆزینەوەی ئەنافۆڕ و دیاریکردنی (هەڵبژاردنی) ئاماژەبۆکراوەکەی لەناو ڕستەکە یان دەقەکە، بەپێی یاساکانی شیکارکردن و پشتبەستن بە جیاوازی زانیاریی لە پرۆسەی شیکارکردنی ئەنافۆڕ بەکار هاتوون. سنورەکان و وەچەئاراستەکردن و ڕەگەز و پەسەندکردنەکان هۆکاریکی ترن بۆدیاریکردنی ئەنافۆڕ، جگە لەسیمانتیك و سینتاکس و زانیاریی مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگی. هۆکارەکان، دەکرێت ببن بە پێشینەیەك، کە پەسەندکردن دەدەن بەسەر کاندیدێك بۆ کاندیدیکی تر.

### 1-3/4) سنووری ئەنافۆڕ :

مەرجی بەخورتی، کە لە پەیوەندیی نێوان ئەنافۆڕ بۆ ئامازەبۆکراوەکەیدا هەیە.لە سنوورەکاندا ڕێکەوتن لەنێوان ئەنافۆڕو ئامازەبۆکراوەکانیان لەڕووی لەس و ژمارەوە پێویستە[2]. سنوری نیوان کەرەستەکان و ڕێکەوتنیان بەیەکەوە لەڕووی واتاوە گرنگی زۆرە (دوو جۆر ڕیکەوتن هەیە یەکەم

---

[1] Miktov(2002:32)
[2] Ibid 42

ڕێکەوتنیٚ وەك كەس و ژمارە، ڕێکەوتنی دووەم ڕێکەوتنی واتایی ،کە بریتییە لە ڕێکەوتنی کەرەستەکان لە ڕووی واتاوە[1].ڕێکەوتنی کەرەستەکان چ لە ڕووی کەس و ژمارەوە چ لەڕووی واتایی و واتای کەرەستەکانەوە بۆ تێگەشتن لای گویگر پێویستن .

23–أ) من لە تاقیکردنەوەکاندا سەر کەوتووم .

i i

23–ب)منداڵەکان چوونـ بۆ سەیران ، بەڵام pro نەخۆش کەوتن.

i i i i

ئەگەر بڕوانینە ڕستەکانی سەرەوە دەبینین لە ڕستەی (23–ا)دا جێناوی سەربەخۆی (من ) ئاماژەبۆکراوە لەڕیێ جێناوی لکاوی (م) لە ڕووی کەس و ژمارەوە هاوتان، لە ڕستەی(23–ب)دا، کە ڕستەیەکی لێکدراوە لە دوو ڕستەی سادە دروستبووە ڕستەی یەکەمی ڕستە لێکدراوەکە (منداڵەکان و ن) ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراون منداڵەکان فرێزیکی ناوی کۆی ناسراوە، (ن) جێناوێکی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ لە ڕووی کەس و ژمارەوە وەك یەکن و ڕێککەوتون. لە ڕستەی دووەمی ڕستە لێکدراوەکە دا دیسانەوە pro ، جێناوەکان ڕیکەوتنیان هەیە. بۆیە بوون بە ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوی یەکتر، بەشێوەیەکی گشتی سەیری ڕستەکان بکەین ڕێکەوتن هەیە لە نیوانیاندا لەڕووی واتا و کەس و ژمارەوە.هەندێکجار لە ڕووی ڕێکەوتن لە کەس و ژمارە دا هەیە، بەڵام لە ڕووی واتاوە دروست نین و ڕێك ناکەون واتە ڕێزمان دروستی واتا نادروستن[2].

24) بەردەکان هاتن .

i i

ڕستەی (24) لەڕووی واتاوە یەکەکان کە پیکەوەن دروستنین ، لەبەر ئەوەی( هات )یەکەیەکە پیویستی بەکارایەکی بە جووڵەیە، بەڵام بەردەکان کارای جووڵە نین.

[1] ڤیان سلیمان حاجی(2001:36)

[2] بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە: ڤیان سلیمان حاجی(2001)

هات **vp** + جووڵە+(رەگەز) ، بەڵام بەردەکان **np** جووڵە(+ڕەگەزوو ژمارە)

بۆیە سنوری نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی گرنگە، چونکە دەبێتە هۆی تێکدانی واتای ڕستەکە.

خالێکی تر گرنگی زۆری هەیە بۆ دیاریکردنی سنوری نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی ئەویش وەچەئاراستەکردنە C.Commandوەچەئاراستە واتە حوکمدانی ئاماژەبۆکراوەکە بۆ ئەنافۆڕ لەڕووی ڕێکەوتنەوە، X وەچەئاراستەی B دەکات، ئەگەر X دەسەلاتی بەسەر B دا نەبێت، هەمووY (XP) یەك، کەحوکمی بەسەر X هەیە و حوکمی بەسەر B دا هەبێت . بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم بابەتە لە بەشی سێیەمدا .

ئەم سنورانە ئەوە دەخەنە ڕوو سنوورە هەلبژێرداوەکان، کە جێبەجێدەبن بە سەر ئەنافۆڕەکاندا، ئەوانیش جێبەجێدەبن بە سەر ئاماژەبۆکراوەکاندا ، واتە سنوورەکان دیسان لەهاوپەیوەندیدان لە نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەیدا، هەروەك چۆن ئەنافۆڕو ئاماژەبۆکراوەکە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە، پەسەندکردن جیاوازە لەسنورەکان، پەسەندکردنی ئەنافۆڕی بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی، تەنها لەڕووی واتاوە پەسەندە. هەندێك ڕێبازی شیکاری ئەنافۆڕ پەسەندکردن دەدەن بەو یەکانەی، کە بکەری ڕستەکەیە. ئەم پەسەندکردنە زۆرجار تێکەڵ دەبێت لەگەڵ چەقی پەسەندکراودا[1].

25–أ)<u>کڕیارەکە</u> ئارام<u>ی</u> نەماو بانگی شاگردی دوکانەکەی کرد ،فەرمان<u>ـــی</u> پێدا ئەوەی داوای کردووە بیدات<u>ـــێ</u>

i i i i

لە ڕستە(25)دا پەسەندکردنی بکەر زۆر بەهێز نییە، دەتوانرێ زۆر بەئاسانی دیاری بکرێت، لەلایەن سنوورەکان و پەسەندکردنەکانەوە.

25–ب)کڕیارەکە ئارامی لەدەستدا و بانگیی شاگردەکەی کرد، ئەو داوای لێبوردنی کردو وتی، کە ئەو بەهۆی داواکاری کڕیارەکانی ترەوە دواکەوتووە.

لێرەدا دەبێ بەشێوەیەکی ورد هەوڵبدرێت بۆ دیاریکردنی ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی وپەسەند بکرێت، دروست نییە، کە یەکەم کەرەستە ڕاستەوخۆ پەسەند بکرێت دەبی بەهۆی زانیاری سیمانتیك و

[1] Miktov(2002:43_48)

سینتاکسەوە کارەکە بە ئەنجام بگات، بەتایبەتی لەو زمانانەی کە بکەر یان لە پێشدا دێت، سنور و پەسەندکردنەکانیان بەیەکەوە هەوڵدەدەن بۆدۆزینەوەی داواکراوەکە. هەرچەندە سنورەکان وپەسەندکراوەکان بەیەکەوە کاردەکەن، بە ئامانجی دیاریکردنی ئاماژەبۆکراو جێبەجێ کردنی سنووری دیاریکراو یان پەسەندکردنی بەتەنها لەوانەیە نەتوانێت دۆزینەوەی ئەنجامێکی باش بۆ ئاماژەبۆکراوەکە بدات بەدەستەوە. پێویستە ئەوە تیبینی بکەین کەسنورەکان وپەسەندکردنەکان بەتەنها سەربەخۆیانە کارناکەن، بەڵام لەگەڵ فاکتەرەکانی تردا پێکەوە کاردەکەن، ئەم تێکەڵ بوون و بەیەکدا چوونە سنوورێك دیاریدەکات یان پەسەندکردنەکە بەهێز دەکات[2] .

## 5/2) ئەنافۆڕ و لێڵی:

لێڵی**Ambiguity** لە زماندا ئەوەیە دەربرینێك زیاتر لەواتایەك ببەخشێت دوو جۆر لێڵی دەست نیشان کراوە[2]:

1- لێڵی مۆرفۆلۆژی

2- لێڵی سینتاکسی

1- لیڵی لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا: ئەوەیە وشەیەك(مۆرفیمێك) بە تەنها ببینرێ یان بخوێنرێتەوە گوێگر یان خوێنەر بە زیاتر لە واتایەك لێی تێبگات.

26–أ) ڕواندن
چاندن
تێپەڕی(ڕۆشتن)

26–ب)بار
بارەدارێك
بارێکی نالەبار

2- لێڵی سینتاکسی[3]:

[2] Miktov(2002:46)

[2] وریاعومەر (2009: 293) ، سەلام ناوخۆش (2010: 222–240)

[3] وریاعومەر (2009: 296)

لێڵی سینتاکسی ئەگەر زیاتر لە واتایەکی هەبوو چەند هۆیەکی هەیە و بەچەند شێوەیەک لێک دەدرێتەوە.

أ)هەموو وشەیەکی فرەواتا **Polysemous** لە ڕستەدا

پێم دەخورێت.

دوو واتای هەیە:

27–أ) من ئەوشتەم پێدەخورێت. (بەواتای خواردن)

27–ب) من قاچم دەخورێت. (بەواتای خوران)

ب) جیاوازی لە ئاوازی ڕستەدا **Intonation**

هەر چواریان هاتن

دوو واتای هەیە:

28–أ) هەمووچواربوون وهەموو هاتن. زیاتر وزە دەخرێتە سەر(هەر)

28–ب) زیاتربوون لە چوار و تەنها چواریان لێ هاتن . زیاتر وزە دەخرێتە سەر (چوار)

زیاتر لە بواری ئەنافۆڕیشدا بەکاردێت و پێویستی بە زانیاریی پێشینەییە بۆ لێکدانەوەی .

ج)هەبوونی دوو پەیوەندیی جیاواز لە نیوان بەشەکانی دروستەی قووڵ Deep structuer **و** دەرنەکەوتنی ئەم جیاوازییە لە دروستەی ڕووکەشدا Surface structuer**وەک**

ئاواز و ئاهەنگی خوشکم چوونە هەولێر.

دوو واتای هەیە:

29–أ)ئاوازو ئاهەنگ هەردووک خوشکمن.

29–ب)هەر ئاهەنگ خوشکمە.

ء )لەئەنجامی سەپاندنی هەندی یاسای گویزانەوەوە،یاسای جیا لە دوو ڕستەی جیا(بنج)دادەکەن .بۆنموونە:

– پێم دەشکێت.

دوو واتای هەیە:

30 –أ قاچم دەشکێت

30–ب) من دەتوانم بیشکێنم.

هۆی لێڵی ڕسته له جیاوازی ڕۆنانی فرێزەکانی ڕستەکانەوە پەیدا دەبێت [1]، ڕیزبونی پەیوەندیی ئاسۆی و ستوونی [2] لەڕستەدا پەیوەندیی بە لێڵی و ئەنافۆڕەوە هەیە ، ناتوانین لەبری کەرەستەیەك، ئەگەر هاوپۆلی خۆی نەبێت لەڕستەدا دابنرێت لەپەیوەندیی ستوونیدا لەگەڵ واتا ڕێك ناکەوێت، واتە ڕیزبوونی فرێزەکانی ناو ڕستەکە واتاکە و ئەرکی کەرەستەکان دیاریدەکرێت، لەو پەیوەندییانەدا (ئاسۆیی و ستونیی) بوونی ئەنافۆڕ بە هۆی هاونیشانەی کەرەستەکانیانەوە دەردەکەوێت، بۆگەڕاوەکانیان (ئاماژەبۆکراوەکانیان) ئەنافۆڕ دیاریدەکرێت لەڕووی ژمارەوە . بۆنموونە:-

31-أ) نان بووە.

31-ب) بووەنان.

لەڕستەی (أ) هەر دوو وشەی (نان و بووە) لەپەیوەندییەکی ئاسۆیدان و ڕستەکەش واتای (خواردن، چێشت پێگەشتن) دێت، لە ڕستەی (ب-نان بووە.)، هەمان کەرەستەی ڕستەی (أ)ی هەیە. بەپێچەوانەی ڕیزبوونی ئاساییەوەیە. لێرەدا لێڵیەکە لە پەیوەندیی سینتاکسی کەرەستەکانی هاتووەتە ئاراوە. واتای ڕستەکەش ئەم لێلیە دەیگرێتەوە .دەگونجێت ڕستەکە بە دوو پەیوەندیی جیاواز دروست بکرێت.

ب 1- کار + بکەر — بووە نان.

2- بکەر Ø+ کار +تەواوکەر — Øبووە نان.

هەموو ڕۆنانەکە جیاوازییان لەوەدا دەردەکەوێت کەرستەی (ب-2) ڕستەیەکی کورتکراوەیە، هەموو کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەی تێدا دەرنەکەوتووە (بکەرەکە لابراوە)،هەموو کەرەستەیەك کە لادەبرێت پەیوەندیی بەو بەکارهێنانەی زمانەوە هەیە ، کەتییدا بەکاردێت [3] .لابردنەکە کار ناکاتە سەر

---

[1] سەلاح حەوێز (2006: 116).

[2] یەکەکانی زمان دوو جۆر ڕیزبوون لە نێوانیاندا هەیە بۆ بوونی پەیوەندیی بە ڕیزبوونی یەکەکانی ڕستەوە هەیە،ئەویش پەیوەندیی ستوونی Paradigmatic و پەیوەندیی ئاسۆیsyntagmatic ناسراوە،پەیوەندیی ستوونی :ئەو پەیوەندیەیە ،کەلەجیاتی دانانی دەگەیەنێت، بەمەش یەکەیەکی زمانی بە یەکەیەکی تری زمانی هاوپۆلی خۆی دەنوێنریت ،لەڕووی واتاشەوە تارادەیەکی زۆر نزیکن لە یەکەوە واتە کردار لەجیاتی دانانی بۆ هەیە لەلایەن هاوپۆلی کردارەوە ناو ،ئاوەڵناو ..هتد. بەهەمان شێوە.

پەیوەندی ئاسۆی:واتە ڕیزبوونی کەرەستەکان بەشێوەی ئاسۆی لەڕووی پێکهاتەوە**structure** ڕستەکە دروست دەکات، واتە کار لەسەر ڕیزبوونی کارەستەکان دەکات و بەهاو ئەرك و شوێنیان بۆ دادەنێت. دروست و نادروستی ڕستەکە یان یەکە زمانییەکە دیاریدەکات. مەرج نییە ئەم پەیوەندیانە، تەنها لە ئاستی سینتاکسدا بن لە هەموو یەکەکانی زماندا کاران وەك مۆرفیم ، برگە،فریز ...هتد. بۆزانیاریی زیاتر بڕۆانە سەلام ناوخۆش(2008: 37-41) .

[3] سەلاح حەویز(2006: 111-113 )

واتای ڕستەکە تێکی نادات و تێگەشتن دروست دەبێت ، ئەویش بەهۆی پەیوەندیی لابراوەکە (بکەری ئاماژەبۆکراو) لەگەڵ ئەنافۆڕ، واتە ئەگەر ئەنافۆڕ لە ڕستەدا بوو ئاماژەبۆکراوەکەی پێدە ناسرێتەوە و دەستنیشان دەکرێت، بە پێچەوانەوە، واتە ئەگەر ئەنافۆڕ لابرابوو لەڕستەکەدا نەبوو(بووبوە ئەنافۆڕی سفر ) ئەم ناساندنەوەش بەهۆی هاونیشانییە لە نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەی لەڕووی کەس و ژمارەوەیە. لە ڕستەی( 2–ب)دا، ئەگەر بکەرە لابراوەکە (ئاماژەبۆکراوەکە) دابنێینەوە بەم شێوەیە دەبێت .

هەویرەکە بووەنان.

ئاماژەبۆکراو

لێرەدا (هەویرەکە) ئاماژەبۆکراوە ئەنافۆڕەکەش جێناوی لکاوە بۆکەسی سێیەمی تاك لە دەستەی (م–ی، یت–ن ، $\emptyset$ ات؛یت–ن ) دەرنەکەوتووە ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە، کە دوو بزوێن لەزمانی کوردیدا بەدوای یەکدا نایەت.

لەبەر ئەوەی ئەنافۆڕ بەشێوەیەکی گشتی بابەتیکی ورد وئالۆز ، لەکاتی بەکار هێنانیدا پیویستە بەشێوەیەکی ورد و وریایانە مامەلەی لەگەڵدا بکرێت. پێویستی بە زانیاریی پێشینەی هەیە بۆ دیاریکردنی ئەنافۆڕو ئاماژەبۆکراوەکەی، چونکە بڕیاردان بەچاو زۆرجار وەڵامی نادروست دەدات، . ئەنافۆڕ بۆ ڕەوینەوەی ئەو لێڵیە دێت، کە لە دەربڕاوەکاندا هەن، کاتێك کەرەستەیەك دوو واتای هەیە بەهۆی هاونیشانەی کەرەستاکانەوە لێڵی واتا و ڕوونی کەرەستەکە دیاری دەکرێت. ئەو کەرەستەی کە هاونیشانە دەبێت لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەی بە ئەنافۆڕ دیاریدەکرێت، بەمەش لێڵیەکە دەڕەوێتەوە.

32) ئارۆ خۆشترین کاتی ئەوکاتە بوو، کە ئاریا پێی وت، کە ئەو دەرچووە.



واتای ڕستەی(32) بە دوو شێوە لەیەك دەدرێتەوە واتە ئەنافۆڕ (ئەو) دوو گریمانە هەڵدەگرێت دەگونجێت ( ئارۆ)دەرچوبێت یان (ئەو) بۆ (ئاریا) بگەرێتەوەو ئاریا دەرچوبێت. واتا دەگونجێ جاری ئەنافۆڕی ( ئارۆ) بێت و جاری هی ( ئاریا).

Miktov دیاریکردنی ئاماژەبۆکراوی ئەنافۆڕی لێڵ، تەنها بەهۆی زانیاری پێشینەوە دەبێت یان ئاماژە بەوە دەکات و دەڵی:(لە زۆربەی حاڵەتی ئەنافۆڕی لێڵیدا ئاماژەبۆکراوێکی پەسەند یان ئامادەنەبوو لە ڕستەکەدا نییە، کە ئەمەش وەك شتێکی ڕاست وەرگیراوەو لەکاتی ئامادەنەبونی دەقی

پێچەوانەدا یان زانیارییدا لەزۆربەی حاڵەتەکاندا خوێندنەوەی پەسنی پشت دەبەستێت بە زانیاریی دەرەوەی زمان[1]). ئەگەر سەیری ڕستەکان بکەین دەبینین لە ئاستی سینتاکسیدا تەواون، بەلاّم لە ئاستی سیمانتیکدا واتای جیا دەبەخشن (لێڵی وەك دیاردەیەکی زمانی بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی سیمانتیکدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت لٌیڵی بە تەنها ناگەڕێنەوە بۆ تاریکی وشەکە ،بەڵکو دەگەڕیتەوە بۆ پەیوەندیی نێوان کەرەستەکانی ڕستەکە[2] ) لێڵی زۆربەی کات بەهۆی لابردنی یەکێك لە ئەنافۆڕی ئاماژەبۆکراوەکانەوەیە، کە ئەنافۆڕەکەیان وەك یەکن گواستنەو یان فڕێدان دێتە ئاراوە. لێڵی گواستنەوەی ئەم جۆرە لێلیە لە ئەنجامی ئەوەوە دەبێت، کە ڕۆنانەکە لە بنچینەدا لە دوو ڕۆنانی جیاواز گواستراوەتەوە، ئەم جۆرە لیڵیە پەیوەندیی بە یاساکانی گواستنەوەوە هەیە، بەتایبەتی ڕۆڵی یاسای لابردن، چونکە لە زۆربەی بارەکاندا لابردن(کرتاندن) کاریگەری لەسەر واتا نییە، چونکە ڕستە کەرەستەیەك فڕێ نادات پێویستی پێی بێت، بەڵکو پیشنیاز کردنی ڕێگایەکی خێرایە بۆ بەیەکەوە بەستنەوەو لێکدانی دوو ڕستە, لابردن کار لەواتا ناکات گوێگر بەئاسانی و بەڕوونی لەواتای ڕستەکە تیدەگات[3] .

33–أ)پەری خۆی خۆشدەویت.

i i

33–ب)کاروان خۆی خۆشدەوێت .

i i

33–ت)کـــاروان پـــەری خۆی خۆشدەوێت

ئەنافۆڕی لێڵە i i

33–پ)کاروان یارمەتی خۆی دا.

i i

1 Miktov(2002:21)

2 شلێر ڕەسول (2004: 135)

3 یوسف نوری( 2010: 130)

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەی (28– پ) بکەین بەچاو یەکسەر بڕیار دەدەین کە (خۆی ) ئەنافۆڕی (کاروان)ە،بەڵام بەشیوەیەکی تر دەشێت ئەمەش ڕاست بێت ،کە کەسێکی تر قسە بکات و ئاماژەبۆکراوەکە دەرنەکەوتبێت (خۆی) ئەنافۆڕی ئەو بێت ، ئەگەر ڕستەکە بەم شیوەیە بێت.

–ئازاد وتی کاروان یارمەتی خۆی دا .

## 5/2 ) ئەنافۆڕو pro :

پێش ئەوەی بەراورد بکەین لەنێوان **pro** و ئەنافۆڕ پێویستە بەشیوەیەکی ورد pro و جۆرو تایبەتمەندییەکانی بزانین هەر وەك چۆن هی ئەنافۆڕمان دیاری کرد .

pro :(زاراوەیەکە لەتیۆری حوکمکردن و بەستنەوە دا بەکارهێنراوە و لە دروستەی ڕووکەشدا، کە ڕستەیەکی ئەبستراکتییە، کە لەڕووی فۆنۆلۆژیەوە بە پۆلەڕەگەزی بۆش دانراوە، لەڕوویی سینتاکسییەوە بە بکەری لۆژیکی دەنوێنرێت)[1]. یان pro لەیەکێك لە پارامیتەرەکانی تیۆری دەسەڵات وبەستنەوە دا هاتووە ، کە زمان بکەرێکی بۆشی بۆ کرداری کات وکەسدار هەبێت، کە بە pro ئاماژەی بۆ دەکرێت[2].

فۆڕمەکانیpro ئەو کەرەستە سەرەتاییانەی زمانن، کە بەشێوەیەکی سەرەکی بە سەرەناوەوە بەستراون ولەبری ئەوان بەکاردەهێنرێن، ئەگەر بەستراوە بوون بەو سەرە ناوانەوە، کە لەپێشیانەوە هاتوون ئەوا پێیان دەوترێت ئەنافۆڕ، ئەگەر سەرەناوەکان لەدوای ئەوانەوە هاتن ئەوا پێیان دەوترێت کەتافۆڕ[3].Pro: فرێزیکی ناوی بکەری دەرنەبڕاوە لەگەڵ بکەری ڕستە سەرەکییەکە لەڕستە ئالۆزەکەدا یاخود لەڕستە سەر جێناویەکەدا هاو نیشانە دەردەکەوێت.[4] .

34) [ من فەرمانم بە ئارام داوە [ **pro** بڕوات ] ]
(ئارام: i ← pro: i)

لەهەندێك کاتدا لێڵی دروست دەبێت نازانرێت **pro** ،لەگەڵ چ کەرەستەیەکدا هاونیشانە کراوە

---

[1] شیلان عومەر(2011: 16)

[2] محەمەدی مەحوی(2011:16)

[3] شیلان عومەر(2011: 16)

[4] کاروان عمر (2010: 68)بە وەرگرتنی نموونەکانیشەوە.

35–أ) ئازاد داواى له خۆشكى كرد pro **بچێت بۆ سینەما**
i i

35 –ب) ئازاد داواى له خۆشكى كرد **pro** بچێت بۆ سینەما
i i

ئیستا ئەگەر هاتوو **pro** لەگەڵ (ئازاد ) هاونیشانه كرابوو، هەروەك لەڕستەی (35–أ ) دیاره ئەوا ڕستەكه فۆڕمی لۆژیكه (ف.ل) ی(35–ب)یه ، مەبەست لەوەیه، كه ئازاد داوای ڕوخسەت له (خوشك)ی دەكات بو سینەما بروات, بەڵام ئەگەر هاتوو pro ، كه هاونیشانه كرابوو ، لەگەڵ خوشكی هەروەك له نمونەی (35–ب) دیاره, ئەوا ڕستەكه فۆڕمی لۆژیكی (ف.ل) ( 35–ب) مەبەستەكەش زیاتر بریتیی دەبێت لەئەوەی، كه (ئازاد ڕوخسەت بەخوشكەكەی بدات بچیت بۆ سینەما ).

لەبەر ئەوەی (pro) لەتوانایدا هەیه ببێته ئەنافۆڕ ( فۆڕمەكانی pro زۆرینەی زاراوەكانی پۆلەداخراوەكانی( پێشناو وجێناوەكان و واژەگۆكەرەكان ) وشه دەگرێتەوە، كه له زماندا هەن وەك جێگرەوەیەك بۆ پۆلەكراوەكان (ناو وكردار و ئاوەڵناو و ئەدڤێربڵ ) بەكاردەهێنرێت)[1]. ئەمەش بەڵگەیه لەسەر بوونی ئەوەی، كه **pro** لەزمانی كوردیدا. [- ئەنافۆڕ]نییه , **بەڵكو** [± ئەنافۆڕ] ه دەتوانین ئاماژەی پێبدەین به پێچەوانەی زمانی ئینگلیزی و بۆچونی Chomsky و Cowpar، كه **pro**به – ئەنافۆڕ یان داناوە.Pro جێناوی كەسی نادیاره بەپێی ڕێسای دووەمی تیۆری بەستنەوەله بەشی سێیەم باسی دەكەین لەناو ڕكێفی ڕسته یان كاتیگۆرییه حوكمكەرەكەی خۆیدا سەربەسته واته هیچ وەچەپەستێنەرێكی نییه لەلایەن پیكهاتەی كات و كەسەوە حوكمی توند دەكرێت دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت واته نیشانەی [+ جێناو] و [– ئەنافۆڕ] ی هەیه [2].

## 2 /6–1)چەشنەكانی pro:

بۆ ئەوەیpro شوێنه بۆشەكەی بكەر پڕ بكاتەوە هەمیشه له شوێنی حوكمكراودا دەبینرێتەوەو لەلایەن سەرەیەكی حوكمكەریشەوە دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت. ئیتر گرنگ نییه ئەگەر سەره

---

[1] شیلان عومەر(2011: 16)

[2] 1.تارا موحسین (2004– : (4–42) )

2.حاتەم ولیا(2009: 235)

حوکمکەرەکەی نیشانە تایبەتییەکەی (کەس و ژمارە)ی هەڵگرتبێت یان نا، بەم جۆرە ڕوودان و دەرکەوتنی بکەری سفر (pro )خاوەن نیشانەی تایبەتی و بێ نیشانە تایبەتییەکان و (pro )ی دیارو نادیاریی دەستوری بە بنیاد دەدرێت[1].

**1)**pro **ی ئاماژەدەر** Referential:

ئەم نیشانە تایبەتییانەی تێدای ( +کەس +ژمارە +دیاریکراو )

Pro چوون.

i i

**2)**pro **ئاماژەنەدەر** Non- Referential :

ئەم نیشانە تایبەتییانەی تێدایە ( + کەس + ژمارە )

Pro دەتوانرێت........

**3)**pro **نائارگومێنتی** Non- Argument:

ئەگەر نە توانین هیچ نیشانە تایبەتییەکانی ناوەڕۆکی pro یەکە دووبارە بناسینەوە□یان نە توانین هیچ نیشانەیەکی ناوەڕۆکی بخەینە پاڵ ئەوا ئەو کەرەستە بۆشە ئارگومێنتێك نییە ، کەوادیارەXp پێویستی پێی نییە. لێکدانەوەیەکی گشتی بە pro بکەر دەدرێت و دەخرێتە تەکی، ئەگەر لەگەڵ کاتیگۆرییەك هاونیشانە بیت ، کە ئەو نیشانە تایبەتییانەیی هەبێت.

خوێندکارێك زیرەك بێت، pro(ئەو) لە هەموو وانەیەکدا باشە.

i i i

## **2-6/2)نیشانەتایبەتییەکانی** pro:

لە وەسفکردنی **زمانی** کوردیدا دەردەکەوێت، کە سێ چەشن pro هەیە نائارگومێنت و ئارگومێنتی ئاماژەنەدەر و ئارگومێنتی ئاماژەدەر, ناساندن و دیاری کردنی pro بەدەقە

[1] 1.محەمەد مەحوی (2001: 206-209) 2.حاتەم ولیا(2009: 236-237)

سینتاکسییەکەی و ناسنامە ئاماژەکەیەوە پەیوەستە, ئەمەش ئەوە دەبەخشێت, کە دەرکەوتنی pro جۆرێك لە پەیوەندی حوکمکردن و پەیوەندیی بەستنەوەی تیدایە لەڕێی نیشانە تایبەییە ڕێزمانیەکانییەوە دیاریدەکرێت بەهۆی دەرکەوتن و ڕوودانی لە شوینی حوکمکراودا و بەهۆی نەبوونی ئاماژەبۆکراوێك یان ئۆپەراتۆریك نە PRO و نەڤاریابڵ و نەشوێن پێی وەك کاندیدی pro دادەنرێت. pro لە وان جیاوازە بۆیە pro نیشانەی تایبەتییەکانی (+جیناو  ئەنافۆڕ)ی هەیە[1]. ئەوەی لێرەدا خرایە ڕوو نەبونی pro بوو بە ئەنافۆڕ لەبەر ڕۆشنای تیۆری GB دا, بەڵام ئەگەر وەك پێناسەی ئەنافۆڕ بۆ Pro بڕوانین pro ( + ئەنافۆڕ )ە،کاتێك، کە ڕستەکە نادادە بێت دەوری بکەر ببینێت ئەنافۆڕەکە.

ئەنافۆڕ: بریتییە لە بەستنەوەی کەرەستەیەك یان یەکەیەك بە مەرجێك هاونیشانە بێت لەڕووی کەس و ژمارەوە، لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا، بۆیە بەپێی تیۆری GB لێکدانەوەکە نەکەین لەڕووی شیکارەوە شیکاری یەکەکان بکەین هەموو pro یەك لەڕستەی نادادەدا ئەنافۆڕ بەمەرجێك شوینی بکەر بێت و هاونیشانە بێت، لەڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا.

36–أ) نەسرین نامەکەی نوسی, بەڵام pro چیرۆکەکەی نەخویندەوە .

i i

36–ب)پیاوە ئازاکەم دی, کە pro برای تۆ بوو .

i i

لێرەدا لە ڕووی کەس و ژمارەوە pro ڕێککەوتووە، لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا بۆیە بە ئەنافۆڕ دادەنرێت. جیاوازی نێوان pro ئەنافۆڕ ئەوەیە، کە ئەنافۆڕ لەتوانایدا هەیە هەموو ئەرکەکان ببینێت، واتە ئەنافۆڕی ناوی ئەتوانێت ئەرکی بکەر, بەرکارو ... هتد ببینێت.

ئەنافۆڕ تەنها بریتی نییە لە فرێزی ناوی جێناوەکان بەڵکو (کردار , ئاوەڵناو , ئاوەڵکردار, جێناوی نیشانە ... هتد ) دەگەڕێتەوە, بەڵام pro ناو یان فرێزی ناوی یان جێناو دەگرێتەوە بەمەرجێك لەشوینی بکەردا بێت. **Pro** لەڕستەی سادەدا نابێت بە ئەنافۆڕ، بەڵکو وەك ئاماژەبۆکراوێکی نادیار دەردەکەوێت

[1] محەمەد مەحوی ( 2001: 209)

و لەڕێی ئەنافۆڕەکەیەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت و لەڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵی ڕێکدەکەوێت و هاونیشانەی دەبێت, بەڵام جێناوەلکاوەکان زیاتر لەئەرکی ئەنافۆڕدا ڕۆڵ دەگێڕن.

37 –أ) Pro نانەکەیان خواردووە .

i i

37–ب) Pro ویستم، pro دانەنیشت.

j j i I

ئەنافۆڕ ڕێگە لە دووبارە بونەوەی یەکەیەك دەگرێت، کە ڕستە پێویستی بەدووبارە بوونەوە بێت . بەشێوەیەکی تر و بەهەمان کەس و ژمارەوە ئەو ڕۆڵە دەبینێت بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی. ڕیکەوتن لە نێوانیاندا هەیە لەڕووی کەس و ژمارەو کەتیگۆریەوە، ئەگەر ئاماژەبۆکراو ناو بوو پێویستە ئەنافۆڕیش ناو بێت یان ئاوەڵناو بوو پێویستە ئەنافۆڕەکەش ئاوڵناو بێت.

# بەشی سێیەم

## ئەنافۆڕو تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە

## 1/3) لقە تیۆرەکانی دەسەلاَت وبەستنەوە:

ئەم تیۆرە یەکێکە لە تیۆرە بەناوبانگەکانی زمان ، هەوڵی زۆر دراوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی بگونجێنرێت، لەگەڵ ڕێزمانیی هەموو زمانێك. یەکێکە لە بەرهەمە تیۆرییەکانی چۆمسکی، کە لە سالی 1957ز بە بەرهەمی (ڕۆنانەسینتاکسییەکان) هاتە ناو بواری زمانەوانییەوە یەکەم بەرهەمی بوو، لەئەنجامی کەموو کوڕی ڕێبازی ڕۆنانکارەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو چۆمسکی خۆی لەو بوارەدا شارەزا بوو، دواتر لەسالی 1965ز بەرهەمێکی تری بەناوی (تیۆری ستاندارد)، کە قۆناغی دووەمی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بوو،چۆمسکی لە هەندێك بیرو ڕایی خۆیی پاشگەز دەبێتەوە و بەدووبارە وروژاندنەوەیی سەربەخۆی کردەسینتاکسییەکان لە کردەواتاییەکان، هەوڵیدا بەتەواوەتی لە ڕیبازی ڕۆنانکارەکان بێتەدەرەوە، پاشان بەرهەمی سێهەمی چۆمسکی لە ناوەڕاستی سالأنی 1970ز بەناوی تیۆری ستانداردی فراوانکراو بوو.

لێرەدا ڕۆنانەسینتاکسییەکان لێکدانەوەیەکی واتایی بەخۆوە دەبینن و پێداچونەوەی ئەو ڕەخنانە دەبێت، کە لەتیۆری ستاندارد گیرابوون. دەبێت گواستنەوە پارێزگاری لەواتا بکات. لەنێوان بەرهەمی دووەم و سێهەم و جیاوازی لە نواندنی سینتاکسی نەبوو ، تەنها لە نواندنە واتاییەکەی ڕستەدا بوو. بەرهەمێکی تری چۆمسکی بەسەردا چونەوەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو لەکۆتای سالانی 1970زدا بوو، ئەم تیۆرەش لەلایەن تیۆری دەسەلاَت و بەستنەوە( Government and Bainding theory) جێگەی گرتەووە، چونکە پێداچونەوەو شیکردنەوەی کەموو کورتییەکانی بەرهەموو تیۆرییەکانی خۆی بوو[1].

ئەم تیۆرە (تیۆری دەسەلاَت و بەستنەوە) بابەتێکی تری شیکردنەوەی ڕێزمانە، ناوەکەی لە چەند وانەیەك لەبارەی تیۆری دەسەلاَت و بەستنەوەوە لە سالی 1981ز سەری هەڵدا ، بەپێی ئەم تیۆرە بەشێکی زۆری ڕێزمانی هەموو زمانی هاوبەشە. لە **GB** دا چۆمسکی وای دادەنێت هەر مۆدێلێکی داڕێژراو (Derivationl model) لە چوار ئاستی نواندن پێکدێت .Trask& **Crystal** و هەندی سەرچاوەی تردا بە سێ ئاستی نواندن دیاریکراوە ئاستی فەرهەنگی بەئاستی نواندنی ڕۆنانی دانەناوە وەك لە هێلکاری(3−1)دا خراونەتەڕوو.

---

[1] بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە 1.حاتەم ولیا (2009: 53−69) .2.تارا موحسین (2004: 4−17).3. شیلان عومەر(2011: 8−10)




هێڵکاری (3-1)

فەرهەنگ تایبەتمەندی وشە فەرهەنگییەکان ڕیزدەکات ئەوانەی،کە یەکەکانی سینتاکسی پێکدەهێنن. ئەم تایبەتمەندیانەش لقکردنی کەتیگۆرییانەی وشە فەرهەنگییەکانە بۆ ئارگۆمێنتەکان و دیاریکردنی ئەرکیان ...هتد دەگرێتەوە. یەکە فەرهەنگییەکان لەڕۆنانی ژێرەوەDS دا پێکەوە یەکدەگرن و نەخشە بۆ ڕۆنانی سەرەوە SS دەکێشن، کە ڕۆنانێکی سینتاکسییە و ڕۆنانی سەرەوە ڕاستەوخۆ ڕوون ناکاتەوە، بەڵکو بۆ دووفۆڕمی تر دابەش دەبێت ئەوانیش فۆڕمی فۆنەتیکیPFو فۆڕمی لۆژیکیLF یە، کە ئاستی دەنگەکان و ئاستی واتا دەنوێنن بۆ ڕیزبوونی یەکەکان[1]. تیۆری دەسەڵات وبەستنەوەGB، تەنها لە ئەو دوو وەچەتیۆرییە دروست نەبووە، کە ناوی تیۆریەکەی هەڵگرتووە، بەڵکو لەچەند لقە تیۆریەکی تری جۆراوجۆر پێکهاتووە، ئەم لقە تیۆرییانەش تێکەڵ بەیەکتری دەبن بۆ ئەوەی ڕێگەی دروست و بەرهەمی ڕێزمانی دروست بەرهەم بهێنن. ئەم تیۆرانە کار لەیەکتری دەکەن. GB وەك تیۆریەکی مۆدولاری وەسف دەکرێت. لقەسەرەکییەکانیش کە لەژێرباڵی GB دان ئەمانەن[2].

[1] Chomsky(1981:17-19)
بۆزانیاریی زیاتر بروانە :سەباح رەشید(2009) و -Webelbutb(1995:29)

[2] محەمەد مەحوی وکاروان عومەر و شیلان عومەر (2010: 15- 37) و (Crystal( 2003:206

1-تیۆری ئێکس بار X-bar Theory

2-تیۆری سێتا theta Theory

3-تیۆری بەندێتیی Bounding Theory

4- تیۆری کۆنترۆڵ Control Theory

5-تیۆری دۆخ Case Theory

6-تیۆری بەستنەوە Binding Theory

7- تیۆری حوکمکردن Governmment Theory

## 3/ 1-1)تیۆری ئێکس بار X-bar Theory

تیۆری X -بار مۆدێلێکی ڕێزمانی ڕۆنانی فرێزە. ئەم تیۆرە لەگەڵ هەندێك ڕێسای تردا، بۆ نموونە یاساکانی فۆرم سازدان و ڕۆنانی فرێزەکان دیاری دەکات و سنووریان بۆ دادەنی[1]. تیۆری X-بار لەساڵانی 1970 کاندا بەشێوەیەکی سەرەکی لە لایەن (جاکندۆف)ەوە گەشەی پێدراوە و لە ساڵانی 1980 یش بەدواوە ئاخێنراوەتە ناو تیۆری GB وەو بووە بە لقێك لەو تیۆرە، تا ئیستاش گۆڕانکاری بەسەردادێت و پەرەی پێدەدرێ[2]، ئەم تیۆرە گرنگی زۆری هەیە. بووە بە بەهۆی دانانی یەك یاسا بۆ ڕۆنانی فرێزداکان لەجیاتیی ئەوەی بۆ هەموو فرێزێك یاسایەك هەبیت،یەك یاسای دانا بۆ هەموو فرێزەکان،واتە هەموو فرێزێك لە سەرەیەك و تەواوکەرێك پێکدێت و فرێزەکە ناوی سەرەکە هەڵدەگری[3] .

## 1/3 -2) تیۆری سێتا Theta Theory:

تیۆری سێتا لە پەیوەندیی واتایی فرێزە ناوییەکان دەکۆڵێتەوە.بێگومان ئەو پەوەندییە بەشێ لەناوەڕۆکی بناغەی فەرهەنگی هەر فۆڕمێکن، بە پێی بۆچوونی چۆمسکی (تایبەتمەندیی واتایی، کە دەدرێتە پاڵ سەرەکان بە ڕۆلە سێتاکان ناودەبرێت )[4] بەدیاریکردن و ناساندنی یەکەکان و ئەرك

---

1 محەمەد مەحویی (2001- 19)

2 حاتەم ولیا (2009-150)

3 بڕوانە بەشی دووەم پاری یەکەم و ئەمیر مستۆ(2009: 36-40)و-
Amdjian,A.Demus,K.farmer,M.Aanrnish(1997:201-203)

4 ئەمیر مستۆ(2009: 36-38)

وەرگرتنیان، هەموو یەکەیەکی زمانی بەپێی تیۆری سێتا یەك ڕۆڵ (ئەرك) وەردەگرێت، یان (تیۆری سێتا ئەو تیۆرەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی بەندە بە ڕونکردنەوەی ئەوەی چۆن ڕۆنانی سینتاکسی دەبێتە ناوەندی دیاریکردنی چۆنیتی پەیوەندیی نێوان یەکەسینتاکسییەکانی ڕستەیەك لەلایەك و پێویستیە ئارگۆمێنتە واتاییەکانی ڕۆنانی سەرە لەلایەکی ترەوە[1]. واتە هەر ئارگۆمێنتێك تەنها یەك ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرێت و هەر ڕۆلێکی بابەتانە تەنها بە یەك ئارگۆمێنت دەدرێت . ڕۆڵی سەرەکی ئەم تیۆرە دیاریکردنی ئەو شوێنەیە، کە گواستنەوەی فرێزی ناوی تێدا شیاوە [2]. گواستنەوەی ڕۆڵی بابەتانە لەلایەن کردارەوە بۆ ئارگۆمێنتەکان لەڕێی پرۆسەیەکەوەیە پێی دەوترێت نیشانکردنی بابەتانە (Markind -$\theta$) ڕۆلی سیمانتیکیانەی ئارگۆمێنتەکان هەڵدەگرن و پەیوەستە بە کرداربەندییەوە، کاراو کارتێکراو هەیە، کارا ئەوەیە ئیشەکە دەکات ، کارتێکراو ئەوەیە کەلەلایەن کردارەوە کاری تێدەکرێت[3].

## 3–1 /3 ) تیۆری بەندێتی (سنوور بۆدانان یان جولاًنەوە Bounding Theory

تیۆری بەندێتی هاونیشانەیی نێوان وشەکانە (فاسیلەکان ) و ئاماژەبۆکراوەکانیان ڕووندەکاتەوە، واتە ئەم تیۆرە مامەڵە لەگەڵ بەستنەوەی نا–ئارگۆمینتەکان ( A- Binding دا دەکات، کە تێیدا ئارگۆمێنتێك کە لەشوێنی ئارگومێنتەکەدایە، لە لایەن ئارگۆمێتەکەوە، کە لە شوێنی ئارگۆمێنتەکەیدا نییە بەند دەکرێت. مەبەست لە شوێنی نائارگۆمێنتی ئەو شوێنەیە، کە تیایدا ڕۆڵێکی واتایی Theata role نابەخشێت[4].لەم تیۆرە دا گرنگترین چەمك، چەمکی یاسای جولاًنەوەی (ئەلفا) یە ئەم یاسایە لە جیاتی گواستنەوە بەکاردێت بەپێی تایبەتیی واتای ڕستە لە فرێزی ناوی ، وشەی پرس و کردار ...هتد. لە شوێنی خۆیان بۆ شوێنێکی تر دەگواسترێنەوە[5]. یەکێك لە بنەما سەرەکی و گرنگەکانی ئەم تیۆرە هاوسێیەتی و دیاریکردنە، چۆمسکی مەرجی هاوسێیەتی مەودای یاساکانی گواستنەوە دیاریدەکات ، واتە گرنگی بەوەدەدات پێکهێنێك دەتوانێت بەوردی چەند بجولێت بەوەی، کە ئارگۆمێنتێك ناتوانێت لە تاکە هەنگاوێك بەسەر زیاتر لە نۆدێکی بەندکەردا Bounding Node تێپەر ببێت[6]. هەرچەندە

---

[1] Colicover(1997:21)
[2] Crystal (2003:355)
[3] Cook and Newson(1996:169)

[4] حاتەم ولیا (2009: 249)
[5] ئەمیر مستۆ(2009: 54–58)

[6] Chomsky(1975:85)

جووڵەی ئارگۆمێنتەکان و بەکارهێنانیان و بەندبوونیان بەکەرەستە و ئاماژەبۆکراوەکانیانەوە هاوسێیەتی کردنیان بەندە بە چالاکی و بەکارهێنان و بوونی شوێنی بەتاڵ و گونجاو بۆ ئارگۆمێنتەکە.

## 3/ 1–4) تیۆری دۆخ Case Theory:

تیۆری دۆخ مەودای کار کردنی لەدەرەوەی ڕستەدایە، چۆمسکی لە یەکەم تێڕوانینی بۆ دیاری کردنی دۆخ وای بۆ چووە، کە تایبەتمەندییەکی هەموو فرێزە ناوییەکانە، بەشێوەیەك وەك یەك نیشانە دەکرێت، هەتا ئەگەر هەندێکیشیان شێوەی فۆنەتیکیشیان نەبێت . ئەم سیستەمی دۆخە جیهانییە و لە هەموو زمانەکاندا هەیە، بەلاّم ئەوەی بۆ دۆخ و هەر زمانێك گرنگە پەیڕەو کردن (جێبەجێ کردن ) یەتی بەسەر زمانە تایبەتییەکەدا، واتە سنوردانانە لەنێوان دۆخی نا بەرجەستەیی و دۆخی خاوەن نیشانەی مۆرفۆلۆژی، کە لە زمانە جیاوازەکاندا بەشێوەیەکی جیاواز دەبینرێن[1]. دۆخ لای چۆمسکی بەندە بە نیشانەکردنی فرێزەناوییەکان و ئەو سیما مۆرفۆلۆژییانەی، کە لە ئەنجامی ئەم نیشانەکردنە دێتە ئاراوە[2]، لە پەیوەندیی دەسەلاّتداری و دۆخ دا چۆمسکی پێشنیاری ئەوەی کردووە ، یاسای پێدانی دۆخ case پەیوەندییەکی پتەویی بە پەیوەندییە ڕۆنانییەکەی دەسەلاّتدارییەوە هەیە، کە لەلایەن ئەو پۆلە ئاخاوتنەوە دەبێت ، کە دەسەلاّتی بەسەر فرێزە ناوییەکەدا هەیە. واتە پۆلە ئاخاوتنەکان دەسەلاّتیان بەسەر تەواو کەری ڕۆنانی و وشەی سەرەدا هەیە، ئەمەش ئەو پۆلە ئاخاوتنانە دەگرێتەوە ،کەخاوەن سیماکانی [± ناو، ± کردار ]ن. بۆنموونە کردار لە فرێزی کرداریدا دەسەلاّتی بەسەر تەواوکار (بەرکار ) دا هەیە...هتد[3] . دۆخ لە کۆن و نوێدا بەکارهاتووە دیارترین جیاوازیشیان ئەوەیە، کە پێی دەوترێت دۆخی ئەبستراکت Abstract case، کە بواری دۆخ بە هەموو فرێزێکی ناوی دەدات. بەواتای ئەوەی شوێن و ئەرکی کەرەستە دۆخ وەرگرەکە لە ڕستەدا تایبەت بوون دەدات بە ناوەکە و دۆخ وەردەگریت، (دۆخ یان دۆخی ئەبستراکت سیستەمێکە یان ڕێسایەکە بەسەر هەموو زمانێکدا جێبەجێ دەبێت، بەلاّم لە هەموو زمانێکدا بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکە بەکاردێ و تایبەتییەکانی وەردەگرێ، واتە بۆ هەموو زمانێك

---

[1] Culicover(1997:24-25),-Yousif(2007:30-58)
[2] Chomsky(1981:6)
[3] Ibid:50-53)

وەك یەك بەكار نایەت.[1]، وەك ڕوونكرایەوە دۆخ گشتییە و بۆ هەموو زمانێك دەبێت، بەڵام تایبەتمەندیی زمانەكە خۆی جۆر و شێوەی دۆخەكە دیاریدەكات[2].

### 3/ 1–5) تیۆری كۆنترۆڵ Control Theory:

یەكێكە لە وەچە تیۆرییەكانی GB ، ئەم لقە وەچەپەستێنەری (PRO) دیاریدەكات، pro یان بەخورتییە یان سەرپشكییە. PRO گەورە بەخورتەی بەستراوەیە لە ڕستەدا، سەرپشك و سەربەستە. تیۆری كۆنترۆڵ وەچەپەستێنەر بۆ PRO ی گەورە بەخورتەی دیاریدەكات، بكەر یان بەركار كۆنترۆڵ دەكات[3]. تیۆری GB چۆمسكی گرنگی داوەبە كۆنترۆڵ و دیاریكردنی كەرەستەبەتاڵەكان و دیاری كردنیان، لە بەر ڕۆشنایی وەچە تیۆرەكانی تری دەسەلات و بەستنەوەدا[4].

### 6–1/3) تیۆری حوكمكردن Governmment Theory

یەكێكە لە لقە تیۆرییەكانی دەسەلات و بەستنەوەGB بەكارهێنانی ئەم تیۆرە بۆ دڵنیا بوونە لەوەی، كە لە پێكهاتەی ڕستەدا جۆرێكی تایبەت لە پەیوەندیی پێكهاتەیی لەنێوان فرێزەكان دا دەبەسترێت، یەكێك لەڕێسا سەرەكییەكانی ڕێسای كەتیگۆری بەتاڵە[5]. دەسەلات(حوكمكردن) بەپەیوەندییەكی ڕێزمانی لەنێوان حوكمكەر و حوكمكراودا دادەنرێت[6]. ئەم حوكمكردنە بەستراوەتەوە بەوەچەئاراستەكردن(C.Command)ەوە، چونكە تەنها یەكەیەكی دیاری كراو ڕێی پێدەدرێت حوكم بكات (سەرەی فەرهەنگی)، كە دەتوانێت تەنها حوكمی تەواو كەرەكەی بكات[7].

α حوكمی B دەكات ئەگەر

1) α حوكمكەرە بۆنموونە(A,P,V,N.....هتد)

2) α وB وەچەئاراستەی یەكتربكەن:حوكمكەر وحوكمكراو دەبێت لەناوهەمان پرۆژە گەورەكەدا بن.

---

[1] Smith(1999:74)

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە 1.سەباح ڕەشید (2009: 72–100). 2.یوسف شەریف (2009)

[3] تارا موحسین(2004: 32)

[4] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : 1.ڤیان سلێمان (2009) .2 .سەباح رەشید (2009)

[5] Trask (1993:121)

[6] Cook and Newson(1996:55)

[7] Ibid:240-241)

پێویستی حوکمکەر بریتییە لە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی (ناو، کردار ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکردار ...هتد) واتە هەر کەرەستەیەك بتوانێت ببێتە سەرەی فرێز، کە واتە ئاماژەیە بۆ جۆرێك لە پەیوەندیی سینتاکسی تایبەت، کە زۆر ئەبستراکتە لە نێوان دەسەلاتدار Covornor و ئەو ئایتمەی، کە لەژێر دەسەلاتی ئەودایە[1]. لە پەیوەندیی دەسەلاتداریدا دوو چەمکی سینتاکسی ڕەسەن هەن، کە بریتین لە چەمکی زاڵبوون Domination بەو واتایەیی، لە هێڵکاری درەختی چ یەکەیەك لەژێر یەکەیەکی تر جێگیر دەبێت. و چەمکی خوشکایەتی Sister hoodKfm بەو واتایە دێ، کە چ یەکەیەك لە تەنیشت (لەدوای ) یەکەیەکی ترەوە، یان لەگەڵی بەکاردێ[2]. چۆمسکی دەسەلاتداری بەم شێوەیە لەسەر بناغەی دەسەلاتی پۆلی، پێناسە دەکات:

کاتیگۆری A دەسەلاتی بەسەر جێکەوتەی مەزنی X دا هەیە، ئەگەر و تەنها ئەگەر A و X دەسەلاتیان بەسەر یەکتریدا هەبێت[3].

Cowper بۆ دەسەلات ئەم پێناسە دەخاتە ڕوو[4]:

**A** بەسەر B دا دەسەلاتی هەیە ئەگەر تەنها ئەگەر :

أ) بۆ کەتیگۆرییەکی یەك باڕ کەتیگۆری بێ باڕ A هەبێت .

ب)**A** دەسەلاتی پۆلی بەسەر B دا هەبێت .

پ) ئەگەر Y زاڵبێت بەسەر Bدا ، ئەوا Y زاڵدەبێت بەسەر Aدا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە دیاریکردنی کەرەستەی دەسەلاتدارە بەسەر کەرەستەکانی تردا و دیاریکردنی ئەرك وشوێنی کەرەستەکان بە هۆی ئەو دەسەلاتەی کە یەکە دەسەلاتدارەکە هەیەتی. دیاریکردنی دۆخ و کەتیگۆری وشەکان دەسەلاتی یەکەکە و داوا کردنی ڕۆڵی بابەتانە دیاریدەکات، تیۆری دەسەلات پەیوەندییەکی بتەوی لەگەڵ لقە تیۆرییەکانی تردا هەیە.

## 3/ 1-7) **تیۆری بەستنەوە** Binding Theory:

---

[1] ئەمیر مستۆ(2009: 58)

[2] مهدی مشکوه الدین (1386: 265- 266)

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە /(**1**.Chomsky (1981: 165)، 2.ئەمیر مستۆ(2009: 61)

[4] Cowper(1992: 97)

تیۆری بەستنەوە یەکێکە لە لقە تیۆرەکانی دەسەلاَت و بەستنەوە، کە مامەڵە لەگەڵ زۆرترین دیاردەی هاونیشانەیی نێوان فرێزە ناوییەکان دەکات، لە ناویاندا کەتیگۆرییە بەتاڵەکان بەپێی هەر دوو ڕەوشی ئەنافۆڕ وجێناو ، فرێزی ناوی فەرهەنگی و کەتیگۆری بەتاڵ بۆ چەند جۆرێك دابەشدەبن :

| کەتیگۆری بەتاڵ | فرێزی ناوی فەرهەنگی | ڕەوش (بار) |
| --- | --- | --- |
| شوێن وشەی پرسwh | دەربڕی ئاماژەی(فرێزی ناوی فەرهەنگی) | −جێناو − ئەنافۆڕ |
| pro | جێناوی کەسیی | +جێناو − ئەنافۆڕ |
| شوێنی فرێزی ناویNP | ئەنافۆڕ | −جێناو + ئەنافۆر |
| PRO | -------- | +جێناو + ئەنافۆڕ |

تیۆری بەستنەوە دابەش دەبێت بۆ سێ پرنسیپی جیا، کە هەریەکەیان بەشێك لە فرێزەکان لە خۆ دەگرن.

پرنسیبی A : ئەنافۆڕ anaphor(جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش) لەناو دەسەلاَتی کەتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا بەستراوەتەوە.

پرنسیبی B:جێناوی کەسی Pronominal لەناو کەتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا سەربەستە.

پرنسیبیC: دەربڕی ئاماژەیی Referring Exprression لەهەر شوێنێکدا هەبن سەربەستن[1].

ئەم پرنسیبانە پەیوەستن بە جووڵەو چالاکییەکانی سێ جۆری جێناوەکە بەپێی یاسای (B,A) دەبەسترێنەوە، ئەگەر A وەچەئاراستەی C.Commandsی بێت و B,A هاونیشانەبن[2].

ئەوەی لێرەدا خرایە ڕوو کۆرتەیەك بوو لە لقە تیۆرییەکانی تیۆری دەسەلاَت و بەستنەوە، هەریەکە لەم لقانە کاری سەربەخۆی خویان هەیە و کاریگەری تەواویشیان لەسەر یەکتری هەیە، دەشتوانین لە سینتاکسدا بە تەواوکەری یەکتریان دابنێیت ، بەشێوەیەکی گشتی بریتی دەبێت لە:

تیۆری x− بار : پەیوەستە بە ڕۆنانی پێکهێنە سەرەکییەکانی ڕستەوە.

تیۆری سیتا: پەیوەستە بەڕۆنانی ئارگۆمێنتەکانی کردارەوە.

---

[1] Trask(1993: 30) , Haegman(1994: 233-241),HaegmanφGueron(1999:551-556)

[2] سەباح ڕەشید (2009: 130).,(Vender(1996-1997:19-13)-

تیۆری بەندێتی : پەیوەستە بە کۆتەکانی جوڵانەوە (دانانی سنوور لەسەر گواستنەوەکان ).

تیۆری دۆخ: پەیوەستە بە شوێنی ئارگۆمێنتەکانی فرێزەناوییەکانەوە.

تیۆری کۆنترۆڵ: پەیوەستە بە لێکدانەوەی ئەو ڕستیلانەی، **کە** بکەرێکی ئاشکرایان نییە.

تیۆری حوکمکردن: پەیوەستە بە شوێنی فرێزە ناوییە دیارەکان و کەتیگۆرییە نادیارەکان.

تیۆری بەستنەوە: پەیوەستە بە دابەش بوونی کەرەستە ئەنافۆڕییەکان و کەتیگۆرییە بەتاڵەکان .

## 2/3) تیۆری بەستنەوە و ئەنافۆڕ:

لەپاری پێشوودا ڕوونکرایەوە چۆن تیۆری بەستنەوە یەکێکە لە لقە تیۆرییەکانی دەسەلاَت و بەستنەوەGB و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەستنەوەی فرێزەناوییەکاندا (جێناوی کەسی، ئەنافۆڕ(جێناوی خۆی وجێناوی هاوبەش)، دەربڕەئامازەییەکان )، کە چۆنیەتی بەستنەوەو بۆگەڕاوەکانیان و سنوور و ئەرکیان لە بەکارهێناندا دیاریدەکات. چۆن وشەکان دەبەسترێنەوەو هاونیشانە دەبن ؟ تیۆری بەستنەوە لە چوارچێوەی تیۆری(REST )ی ڕێزمانی گوێزانەوەی چۆمسکی **دا** ئاستێکی کۆتو بەندی سنووردارکەری سیمانتیکییە( Semantic Constraints) ، کە پەیوەندیی جێناوە بۆگێردراوەکان Pronoun - Anaphora Relations ، و گۆڕاوەکان Variable **بە** بۆگەڕاوەکان یانەوە Antecedence ڕێکدەخات. کۆتوبەندی سنوور دارکەری بەستنەوە وەك ئەو پالێوەرە سیمانتیکییانە کاردەکات، کە پەیوەندییەکانی ئامازەبەندییەکان Rerencerelations ی نێوان فرێزەناوییە هاونیشانەکراوەکان، لە دروستە فۆرم دروستەکاندا دەڕەخسێنن[1] .

تیۆری بەستنەوە مامەڵە لەگەڵ زۆرترین دیاردەی هاوئامازەی Co.rferential فرێزە ناوییەکان، بەزۆری لەوانەش، کەتیگۆرییە بەتاڵەکان دەکات[2]. ئەم لقە تیۆرییە پەیوەندییەکی تەواوی بە ئەنافۆڕەوە هەیە (ئەو جۆرەی ئەنافۆڕەکە وجێناوی خۆیی جێناوی هاوبەش وجێناوە سەربەخۆکان ناوی تایبەتی (دەربڕی ئامازەیی ))ە بەشێوەیەکی سەرەکی بەستنەوەی لەگەڵ هاوئامازەکەیدا دیاریدەکات. ئەم لقە تیۆرییە گرنگی بەجێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش دەدات و زیاتر مەودای لە بەستنەوەو هاوئامازەی نێوان فرێزەکاندایە، لە زمانی کوردیدا و ئینگلیزیدا بەپێی ئەو سەرچاوانەی، کە لەبەردەستدان، تەنها

[1] محەمەدی مەحویی ،کاروان عومەر ، شیلان عومەر (2010: 35-36)

[2] Trask(1993:30)

جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش بە ئەنافۆڕ دادەنرێن. ئەم لقە تیۆریە بەشێوەیەکی سەرەکی بەو مەرجانەوە پەیوەستە، کە بەهۆیەوە فرێزەناوییەکان، وەك هاوئاماژەیەك لەگەل فرێزێکی ناویی تری هەمان دەربڕاو لێکدەدرێتەوەو هاونیشانەی یەکترن. مەبەستی ئەم لقە تیۆرییە فرێزە ناوییەکانە لە گفتو گۆکاندا وادادەنرێت، کە دەکەوێتە ناو یەکێك لەو سێ کەتیگۆرییانەی خوارەوە[1]:

1)ئەنافۆڕەکان Anaphors

**2**)جێناوەکان Pronominal

3)دەربڕەئاماژەییەکان Referring Expression

هەریەکە لەم فرێزە ناوییانە بەپێی لقە تیۆری بەستنەوە لە تیۆری دەسەلآت و بەستنەوە دابەش دەبن بەسەر سێ پرنسیب.پڕنسیبی (**C,B,A**)بڕوانە (3/ 1-7).

## Binding بەستنەوە

ئەگەر **و**BA, دوو یەکەی زمانی بن ئەوا:

ئەوا A **و**B, دەبەسترێنەوە بەیەکەوە ئەگەر تەنها ئەگەر

**1**) A وەچەئاڕاستەی B **بێ**.

2) A **و**B, هاونیشانە بن . پەیوەست بە پرنسیبەکانی بەستنەوە[2].

دوو جۆر بەستنەوە هەیە[3]:

**1**) بەستنەوەی Á (A- Binding) Argeumenant binding

**2**) بەستنەوەی A- bar binding

**1**) **بەستنەوەی** Á (A- Binding) :

لە تیۆری GBدا بەستنەوەیەکە لەلایەن کەتیگۆرییەکەوە، کە لە شوێنی ئارگومێنتەکەدایە .ئەم بەستنەوەیە، تەنها بەسەر ئەنافۆڕەکاندا جێبەجێ دەبێت، چونکە ئەنافۆڕەکان و (جێناوی خۆیی

1 Aorrocks(1988:108-110)

2 Cook and newson ( 1996:250-252)

4 Trask(1993:1) ,Tawfiq(2009:4-7)

وجێناوی هاوبەش)وشوێنی فرێزە ناوییەکان لەناو کەتیگۆرە حوکمکارەکەیدا بەستراوەن[1]. هەریەکە لەو ئەنافۆڕانە پێویستە هاونیشانە بن لەگەڵ کەتیگۆرییەکی وەچەئاراستەکەر لەناو ئەو مەودایەدان.

1) منداڵەکە خۆی خۆشدەوێت .

i i

A بەستنەوەی

2)ئەوان یەکتریان خۆش دەوێت

i i

A– بەستنەوەی

2)**بەستنەوەی ئارگۆمێنتیی باڕ** A-bar binding :

لە تیۆری GB دا، بەستنەوەیەکە لەلایەن ئاڕگۆمێنتێکەوە، کە شوێنی ئارگۆمێنت نییە، وەك هێنانە پێشەوەی وشەی پرس و بەلوتکە کردنی Topicaliaztion واتە بەلوتکە کردنی یان هێنانە پێشەوەی وشەی پرس[2].

1)Did you see who

2)<u>who</u> did you see <u>t</u> ?

i i

A- بەستنەوەی

تیۆری بەستنەوە زیاتر خۆی لەگەڵ ( بەستنەوەی–A) خەریك دەکات و مامەڵە لەگەڵ کەرەستەی حوکمکەرو حوکمکراو دەکات، کە دیاردەی بەستنەوەکان دەخاتە ڕوو بەپێی پرنسیبەکانی بەستنەوە.

–وەچەئاڕاستەکردن C.command:

شێوازی پێکهاتەی پەیوەندیی ئاشکرای نێوان یەکەکانە لەناوچەی دەسەڵاتدا[3]، واتە چ نۆدی دەسەڵاتی بەسەر چ نۆدێکدا هەیەو دەکەوێتە ژێرباڵیەوەو حوکمی دەکات . X وەچەئاراستەی B دەکات ،ئەگەر X دەسەڵاتی بەسەر B دا نەبێت و هەروەها Y یەك دەسەڵاتی بەسەر Xدا هەیە

[1] Trask(1993:1)

[2] Trask(1993:1) , **بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە کاروان عومەر(2008)**

[3] Yousif(2007:20)

وەهەروەها دەسەلاّتی بەسەر B یشدا هەیە[1]. پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان کەرەستەکان بەتایبتی جێناوی خۆیی و وەچەئاراستەکەی کە لەناو هەمان مەودایە و حوکم دەکرێ لەلایەن کەتیگۆرییەکی ترەوە لەناو دەربڕاوەکەدا ئاماژەی بۆ دەکات .

وەك: ئەگەر نۆدی A وەچەئاراستەی نۆدی B بێت ئەگەر تەنها و ئەگەر

1) B,A خوشکبن یان

2)A بەس خۆشکی B بێت[2].

بەستنەوە لە تیۆری دەسەلاّت و بەستنەوەدا بەسەر سێ پرنسیبدا دابەش دەبێت (C,B,A ) کە ئەم پرنسیبانە تایبەتن بە فریزەناوییەکان (ئەنافۆڕ (جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش)،جێناوی کەسی ، دەربڕەئاماژەییەکان) ،ئەگەر بە وردی لەم بەستنەوەیە وردبینەوە و سەیرێکی بەشی یەکەم بکەین دەبینین، کە ئەنافۆڕەکان تەنها جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش نین لەناو کەتیگۆرییە حوکمکراوەکەیدا بەستراوە بێت؟ بەڵکو کەرەستەی تری زمانیمان هەیە کە ڕۆڵی ئەنافۆڕ دەبینن لە دەربڕاوەکاندا، تەنانەت جێناوی کەسیی و دەربڕەئاماژەییەکانیش ڕۆڵی ئەنافۆڕ دەبینن بەستراوە دەبێت بە کەرەستەی ئاماژەبۆکراویان (Anetecdent ) لەناو دەربڕاوەکەدا.

بۆیە لەم لێکۆڵینەوەدا شیکارییەکەمان بۆ ئەنافۆڕ تەنها(جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش ) نییە، بەڵکو کەرەستەکانی تری زمانیش دەتوانن ڕۆڵی ئەنافۆڕ ببینن بەمەرجێك لەڕووی کەس و ژمارەوە هاوئاماژەبن لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیان. دیاریکردنی یەکە تیۆرییەکانی GB پرنسیبەکانی تیۆری بەستنەوە و دەستنیشان کردنی زانیارییەکانی و بە بەرامبەر لەگەڵ کۆزانیاریی ئاوەزیمان لەزمانی کوردیدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە تیۆری GB مەرج نییە بەشێوەیەکی پڕاو پڕ یان تەواو لەگەڵ یاساو پرنسیبەکانی زمانی کوردیدا بگونجێت، چونکە هەر زمانێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە،چۆمسکی،کە تیۆری GB داڕشتووە لە سەر یاساو پرنسیبەکانی زمانی ئینگلیزیی داڕیشتووە ئەمەش بۆ یاساو پرنسیبەکانی زمانی کوردی بەتەواوی دەست نادات و جیاوازییان هەیە، لە ئەنجامی ئەو ڕوونکردنەوەی پێشوودا و ئەو سەرچاوانەی بەردەستمان و تایبەتمەندیی زمانی کوردیی ئەوە ڕوون دەبێتەوە ،کە ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی گشتگیری زاڵنابێ بەسەر تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیدا بەتایبەتیی پرنسیبی **A** بۆ زمانی کوردی کەم و کورتی زۆرە، چونکە ئەنافۆڕ لە زمانی کوردیدا تەنها بریتیی نییە لەجێناوی

---

[1] Buring(2005: 7-10) ,-Miktov(2002:58)

[2] Adger(2002:92) , Ken(2002 : 81-83

خۆیی وجێناوی هاوبەش کەبەستراوە بن لە ناو کەتیگۆرییە حوکمکەرەکەیاندا. لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا کە ئەنافۆرو جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا زۆرن تەنها ئەو دوو یەکە ناگرێتەوە، بەڵکو پرنسیبەکانی تری (C,B) یش بەشێوەیەکی گشگیری بۆ زمانی کوردی نابن، چونکە دەربڕەئاماژەییەکان جێناوە کەسییەکان توانایان هەیە ببن بە ئەنافۆڕ و بەستراوەبن لەناو کەتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا .

واتە جێناوەکان و دەربڕەئاماژەییەکان تەنها سەربەست نین لە ناو کەتیگۆرییە حوکمکەرەکانیاندا وەك لە پرنسیبی C,B لقە تیۆری بەستنەوەی تیۆری GB دا ئاماژەی پێکراوە. بەڵگە بۆ بوونی ئەوەی کە تیۆری GB و لقە تیۆری بەستنەوە کە پڕاو پڕ بۆ زمانی کوردیی نابن ،واتە بەشێوەیەکی گشتی ئەم تیۆرە جێبەجێ نابێت بەسەر زمانی کوردیدا ئەوەیە، کە ئەنافۆڕەکان تەنها بریتیی نین لەجێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش، بەڵکو جێناوە کەسیەکان و جێناوەلکاوەکان، ناو، فرێزی ناوی، جێناوی نیشانە، جێناوی نادیار، ڕادە، کردارو ...هتد. لە زمانی کوردیدا .لەتوانایاندا هەیە ببن بە ئەنافۆڕ ئاماژە بۆ ئاماژەبۆکراوەکەیان بکەن لەناو دەربڕاوەکانیاندا ،کە لەدەرەوەی دەربڕاوەکە بن ، ئەوەی لە لقە تیۆری بەستنەوەدا باسی کرا، بە هەرسیٚ پرنسیبەکەوەی (C,B,A ) بەشێکن لە ئەنافۆڕی زمانی کوردی .

تیۆرەکە بەشێوەیەکی گشتی باسی هەموو یەکەکانی زمانی نەکردووە لە ناو لقە تیۆرەکەدا تەنها (جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش ) وەك ئەنافۆرو جێناوە کەسییەکان و دەربڕەئاماژەییەکان، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، تیۆریەکە بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری لەو سێ بابەتە دەکات ، بەڵام بابەتەکانی تری وەك جێناوەلکاوەکان ، ناو، فرێزی ناوی، جێناوی نیشانە، جێناوی نادیار، ڕادە، کردارو ...هتد. فەرامۆش کردووە لەژێر باڵی هیچ کام لە لقە تیۆرییەکان ڕونکردنەوەی بۆ نەداوە، ئەمەش وەك کەموو کوڕییەك بۆ تیۆرەکە و بۆ زمانی کوردی دیاریدەکرێت .

هەریەکە لە Chomsky و Cowper و زۆربەی زمانەوانەکان جێناوی کەسی ، pro ، فرێزی ناوی بە ئەنافۆڕ دانەناوە ئەمە بۆ زمانی ئینگلیزی دەگونجێت، بەڵام بۆ زمانی کوردی ناگونجێت، چونکە زمانی کوردی زمانێکی لکاوی بکەر خراوە، هەروەها محەمەدی مەحویی هەروەك زمانەوانە بیانییەکان ئەمانە بە ئەنافۆڕ دانانێت، بەڵام ئەم کەرەستانە بەپێی ئەو ڕوونکردنەوانەی کران لە پێشەوە لە توانایاندا هەیە ببنە ئەنافۆڕ، ئەنافۆڕ واتە بەستنەوەی کەرەستەیەك بە کەرەستەیەکی ترەوەی دەربڕاوێك بەمەرجێك لەڕووی کەس و ژمارەوە هاونیشانەبن.ئەمەش لەزمانی کوردیدا

بەشێوەیەکی زۆر ڕوون ڕەنگی داوەتەوە، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،کە  زمانی کوردی زمانێکی تێکچڕژاوە و تایبەتێتی زۆری زمانە لکاوەکانیشی  تێدایە .

## 3/3 )تیۆری بەستنەوە لە زمانی کوردیدا :

لقە تیۆری بەستنەوە و ئەنافۆڕی زمانی کوردی واتە داڕشتنی زمانی کوردی بەسەر لقە تیۆری بەستنەوە دا بەشێوەیەکی گشتی لە زمانی ئینگلیزی جیاوازەو پڕنسیپەکانی پڕاوپڕ بۆ زمانی کوردی ناگونجێت.زمانی کوردیش،وەك هەموو زمانەکانی تر خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی سەپاندنی تیۆرێك بەسەریدا، کە پڕاو پڕ بۆ خۆی دانەنرابێت وتایبەت نەبێت پێی،بۆی ناگونجێت و کەم و کورتی زۆری بۆ دروست دەکات. بەتایبەتی لەڕووی بەستنەوەی کەرەستە زمانییەکان بەیەکەوە،  دەگونجێت ئەم تیۆرە بۆ زمانی ئینگلیزی هیچ کەموو کورتییەکی نەبێت، بەڵام بۆ زمانێکی تر بیَ کەموکورتی نییە، لەبەر ئەوەی هەر زمانێك تایبەتمەندیی ویاساو ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە. بەدەر لە یاسا گشتییەکانی زمان. لێرەدا هەوڵدەدەین بەپێی لقە تیۆری بەستنەوەو پڕنسیپەکانی یەکەکانی  زمانی کوردی بخەینە بەر تیشکی لێکۆلینەوەکە بەتایبەتی ئەنافۆڕ.

### شیکاری پرنسیپەکانە بەستنەوە :

<u>پرنسیپی (A)</u>

ئەنافۆڕ(جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش) لەناو کەتیگۆرە حوکمکەرەکانیاندا بەستراوەن.

جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش لە زمانی کوردیدا دوو یەکەی زمانیین و وەك دوو یەکەی ئەنافۆڕی دەتوانن ڕۆڵ ببینن، بەستراوە دەبن لەناو کەتیگۆرییە حوکمکارەکانیاندا . سەرەڕای ئەمەش لەتوانایاندا هەیە ئەرکی تر ببینن. بڕوانە( 2/1):

3)دییە    خۆی دەشوات.






ئەگەر سەیری هێڵکاری ڕستەکە بکەین دەبینین، فرێزی ناوی (دییە) دەسەڵاتی بەسەر جێناوی خۆیی (خۆی) نییە و حوکمی ناکات، بەڵام (دییە)و (خۆی) لەڕووی کەس و ژمارەوە دوو یەکەی هاوئاماژەی یەکترین ، ڕستەکە هەمووی حوکمی (**NP2, NP1** ) دەکات.

4)دییە خۆی هات.




**لە** هێلکاریەکەوە ئەوە دەبینین ، کە فرێزی ناوی(دییە و خۆی ) هاوئاماژەی یەکترین لەڕووی کەس و ژمارەوە . ئاماژەبۆکراوەکە (دییە)پێش ئەنافۆرەکە(خۆی) کەوتووە، کە واتە بەستراوەیە لەناو کەتیگۆرە حوکمکراوەکەیدا . هەموو ئەنافۆرێك مەرجە لەدەربڕاوەکاندا بۆگەڕاوەیەکی هەبێت.

5)دایکی شیلان نانەکەی کرد.






لێرەدا NP1دەسەلاَتی بەسەر NP2دا هەیە. ئەمەش بەپێی پرنسیپەكە ئەوەیە،كە یەكەم شت دەسەلاَتی بۆگەڕاوەی یان كەرەستەی حوكمكار بەسەر ئەنافۆڕەكە دا بشكێ. لە دیاردەی بوون بە ئەنافۆڕدا پێویستە هەمیشە ئاماژەبۆكراو لە پێشەوە بێت و وەك مەرجێكی سەرەكی بۆ بوون بە ئەنافۆڕ، جگە لە هاونیشانەی ئاماژەبۆكراوی ئەنافۆڕ لە ڕووی كەس و ژمارەوە [1].

6–أ)پەری خۆی نارەحەت كرد.

6–ب)*خۆی پەری ناڕەحەت كرد.

ئەگەر سەرنج بدەیینە ڕستەكانی( 6أ،ب) دەبینین، كە ڕستەی(6–أ) ڕستەیەكی ڕێزمانییە (پەری) و ( خۆی) هاو نیشانەن لە ڕووی كەس و ژمارەوە.(خۆی) ئەنافۆڕە و ئاماژەبۆكراوەكەی لە پێشەوەیە. لە ڕستەی (6–ب) ڕستەكە ڕستەیەكی ناڕێزمانییە، چونكە ئەنافۆڕی ئاماژەبۆكراوی (پەری) لەپێشەوەیە ئەمەش پێچەوانەی مەرجەكانی ئەنافۆڕە. ئەنافۆڕەكە لەناو ڕستەكەدا بەستراوە نییە.




[1] بڕوانە سەباح رەشید(2009: 141)و Haegman(1999: 364)




جێناوی خۆیی ئەنافۆڕی پێویستە بەستراوە بێت لەناو دەربڕاوەکەدا بەکەرەستەیەکی حوکمکارەوە، چونکەجێناوی (خۆی) بەسەربەخۆی هیچ ئاماژەکارێکی نابێت. ئاماژەبۆکراوەکەی خۆی لەئاماژەبۆکراوەکەیەوە وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی بەستنەوەو هاوئاماژەیی لەنێوانیاندا ڕوو دەدات و ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراو دروست دەبێت. جێناوی خۆی ئەنافۆڕی سەربەست نییە و سەربەخۆیانە ئەرك نابینی بەتایبەتی لە شوێنی بکەردا، چونکە هەمیشە ئاماژەبۆکراوەکەی لەدەرەوەی مەودای بەستنەوەکەی دا دەبێت.

7– أ) خوێندکاران خۆیان ناڕەزاییان دەربڕی .

i i

7–ب) *خۆیان خوێندکاران ناڕەزاییان دەربڕی.

j i

ڕستەی (7–ب) ڕستەیەکی ناڕێزمانییەو مەودای بەستنەوەکەی تەواو نییە، نادروستە بەهۆی ئەوەی، ئەنافۆڕ پێش ئاماژەبۆکراوەکە کەوتووە، ئەمەش مەرجێکی نادروستە بۆ ئەنافۆڕ، کە ئەنافۆڕ پێش کەوێت. مەودای بەستنەوەکانی نێوان کەرەستەکان لە ڕستە(سادە،ناسادە)دا پەیوەندیی بەجۆری بەستنەوەی یەکەکانەوە هەیە. کاتێك بمانەوێت ئەنافۆڕێ بەبەستنەوەی یەکەکانەوە دیارییبکەین پێویستە مەرجە(تایبەتمەندیی)کان لەبەرچاو بگیرێت، بڕوانە(1 / 2) . (جێناوی خۆیی لەو جۆرەجێناوانە

نییە ، کە پەیوەندی بەستنەوە دروست بکات[1]، جێناوەکان پەیوەستن بە ئەرکی ناوەکانەوە، کە ئەمان جێنشینیانن (جێناو لەشوێنی ناوێکی دووبارە بەکاردەهێنرێت، ئەو یاسا سیمانتیکییانەی حوکمی جێناوەکان دەکەن پێمان دەڵێن، کەئەمانە ئەنافۆڕەکان دێننە بەرهەم و لەڕاستیدا ئەمەش لەشێوەی پرۆسێسێکی زۆر گشتیدا دەنوێنرێت، کە پێی دەوترێت ئەنافۆڕ[2].

جێناوی هاوبەش کە بەشێکە لە ئەنافۆڕ بەپێی تیۆرەکە و هەمان یاساو دەستوری جێناوی خۆیی هەیە. پێویستە هاوئاماژە بێت لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا لەڕووی کەس و ژمارەوە و ئاماژەبۆکراوێکی لە پێشەوە هەبێت بۆی بگەڕێتەوە، جیاوازی لەگەڵ جێناوی خۆییدا ئەوەیە جێناوی هاوبەش هەمیشە کۆیە و پێویستی بە ئاماژەبۆکراوێکی کۆ هەیە، بەڵام جێناوی خۆیی تاك و کۆی هەیە.

8–أ) خوێندکارەکان یەکتریان خۆش دەوێت.

i i

8–ب)*یەکتریان خوێندکارەکان خۆش دەوێت.

j i

لەڕستەی (8–أ) دا ڕستەکە ڕستەیەکی ڕێزمانییە، جێناوی هاوبەشی (یەکتریان) ئەنافۆڕی (خوێندکارانە) ، لەڕووی کەس و ژمارەوە ڕێك دەکەون و ئەنافۆڕەکە ئاماژەبۆکراوێك (بکەرێك)ی کۆی هەیە کە لە پێشیەوەیەتیی، بەڵام لەڕستەی (8–ب)دا ڕستەکە ڕستەیەکی ناڕێزمانییە، هەرچەندە کەرەستەکان هەمان کەرەستەی ڕستەی ( 8–أ)ن، بەڵام شێوەی ڕیزبوونیان جیاوازە ئەنافۆڕەکەش کەوتووەتە پێش و ئاماژەبۆکراوەکە دواکەوتووە هەرچەندە لەڕووی کەسی و ژمارەوە یەکسانن هەردوکیان (یەکتریان)و(خوێندکارەکان)کۆن, بەڵام مەرج نییە، کە هەمیشە ئاماژەبۆکراو لە ئەنافۆڕ پێش بکەوێت لەڕووی واتاشەوە نادروستە.ئەنافۆڕەکان بەهیچ شێوەیەك ناتوانن ببن بە بکەری ڕستە, چونکە واتاکانی خۆیان لەپێشەوە وەردەگرن.

---

**1** –سەباح ڕەشید (2009: 139)

**2** –حاتەم ولیا (2009: 218)

ئەنافۆڕ بەکارهێنانی فۆڕمێك یان پڕۆفۆڕمێکی کورتە، کە لەشوێنی دەربڕینێکی درێژ بەکاردەهێنرێت لە کۆنتێکستەکەشدا بەدەردەکەوێت, کەپڕۆفۆڕمەکە بۆچی بەکارهاتووە جێناویش یەکێکە لە پڕۆفۆڕمەکان[1].

Haddlston دەڵێت: –ئەنافۆڕ بریتییە لەو پۆلە دەربڕاوەی، کە خۆیان واتا نادەن، بەڵکو نیشانەکانیان پابەندە بە کۆنتیکستی ئاخاوتنەوەو بەهۆی خەسڵەتە ڕێزمانی و لێکسیکییەکانیانەوە واتا لە دەربڕاوە ئاماژە بۆ کراوەکانیان وەردەگرن.

بەپێی ئەم نموونانەی سەرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەنافۆڕی زمانی کوردی (جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش) بەشێوەیەك بەستراون لە ناو کەرەستە حوکمکەرەکانیاندا ، بەڵام کەموو کورتی پرنسیپی(**A**) بۆ زمانی کوردی ئەوەیە ئەنافۆڕ لە زمانی کوردیدا ،تەنها بریتیی نییە لە (جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش) و ئەم دوانە تەنها ئەرکی ئەنافۆڕ نابینن، بەڵکو ئەرکی تر دەبینن بڕوانە (2□2–1–2).

**<u>پرنسیپی</u>** B:

جێناوەکان Pronominal سەربەستن لە ناوکەتیگۆری حوکمکارەکانیاندا[2].

9□أ) <u>دییە</u> <u>ئەوی</u> برد.

**j i**

9–ب) <u>دروود</u> <u>ئێمەی</u> گەیاندە <u>ئەوان</u> .

**k j i**

ئەگەر سەیری نموونەکانی (9–أ،ب) بکەین دەبینین لە ڕستەی (9–أ)جێناوی سەربەخۆی (ئەو) ئاماژە نییە بۆ فرێزی (دییە) بەهۆی ئەوەی جێناوی (ئەو)سەربەستە و خۆی ئەرك و ڕۆڵی خۆی دەبینێت، واتە لە شوێنی بەرکار هاتووە. بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بۆ بکەر(دییە) ناکات ئەرکی خۆی دەبینێت، هەروەها لەڕستەی (9–ب) هەریەکە لەجێناوەکانی (ئێمە و ئەوان) سەربەستن بە هیچ کەرەستەیەکی ناو دەربڕاوەکە نەبەستراونەتەوەو هەریەکەیان ئەرك و ڕۆڵی خۆیانیان هەیە، ئەمەش بەتەواوی پرنسیپی (**B**) تێردەکات، بەڵام دەگونجێت هەریەکە لەوجێناوانە ئاماژەبن بۆ کەسێ یان شتێکی تر لەدەرەوەی

---

[1] حاتەم وليا(2009: 218)

[2] Horrocks( 1988: 110)

ڕستەکە، ئەو کاتە جێناوەکان سەبەست نین، بەڵکو لەناو کەرەستە حوکمکارەکانیاندا بەستراوەن. بۆنموونە سەیری(9–ت) بکە.

9– ت) دییە وا دەزانی ئەو نابەن بۆ سەیران.

i i

ئەگەر سەرنج بدەیینە ڕستەکە دەبینین (ئەو) هاونیشانەیە لەڕووی کەس و ژمارەوە ئاماژەبۆکراوێکی لە پێشەوە هەیە(دییە)یە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (ئەو) سەربەست نییە لەناو کەتیگۆرییە حوکمکارەکەیدا، بەڵکو بەستراوەتەوە بەکەرەستەیەکی تری دەربڕاوەکەوە، کەواتە (9–ب) پرنسیپی (A) تێردەکات، ئەمەش دەیسەلمێنێت جێناوە کەسییەکان لە توانایاندا هەیە لەدەربڕاوەکاندا ببن بە ئەنافۆر و ئاماژە بۆ کەسێك یان شتێك بکەن لە پێشەوەی خۆیان لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵیدا هاوئاماژەبن. پرنسیپەی(B) پڕاوپڕ بۆ زمانی کوردی نابێت و کەموو کورتی هەیە، چونکە جێناوەکان هەمیشە لەناو کەتیگۆرییە حوکمکارەکانیاندا سەربەست نین . لەبەر ئەوەی زمانی کوردی جێناوی لکاوی هەیە، با بزانین ڕۆڵ و ئەرکی ئەم جێناوانە لەناو دەربڕاوەکاندا پرنسیپی (B،A) تێردەکات؟بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بزانین جێناوی لکاو چییە؟جێناوەلکاوەکان بریتییە لەفۆرمێکی ڕێزمانی، کە بە تەنها لەئاخاوتندا نایەن, پێویستە لەگەڵ فۆرمێکی تردا بێت لە پێشەوە یان لە دواوە[1]. ئەوەی جێیی سەرنجە جێناوەلکاوەکان فۆرمی ڕێزمانی نین و بە تەنها واتا نادەن، هەرچەندە کرۆکی ڕستەن و واتای ڕستە ڕێکدەخەن، بەڵام بەمەرجێك بە پێشینەیەکەوە بەسترابن، واتە بگەڕێنەوە بۆ یەکەیەکی تری زمانی، ئەمەش وا دەکات پرنسیپی (B) تێر نەکات زیاتر بەلای پرنسیپی(A)دا بڕوات و زیاتر ببن بە ئەنافۆر لە دەربڕاوەکاندا، واتە لەناو کەتیگۆرییە حوکمکارەکانیاندا بەستراوە بن بۆ نموونە :

10أ) ئەو ئێوەی دی، پاشان من ڕۆیشتم

j j i i

10 –ب) خوێندکاران وانەکەیان دەنوسی کە ئەوان هاتن.

j j i i

---

1–Crystal(1993:57)

10–ت) پەری دەرگای ژوورەکە دادەخەیت؟

i i

ئەکەر بەوردی سەرنج  بدەینە ڕستەکانی (10–أ،ب،ج) ئەوا دەبینین جێناوەلکاوەکان هەموویان بەستراوەن  بەپێش خۆیانەوەو ئاماژەبۆ ئاماژەبۆکراوێك دەکەن لەناو دەربڕاوەکەداو هاونیشانەن لەڕووی کەس و ژمارەوە، ئەمەش بەڵگەن بۆ بوون بە ئەنافۆڕی جێناوەکان و پڕنسیپی (A) تێردەکات. لە ڕستەی (010–أ) دەبینین ، جێناوی لکاوی (م) بۆ pro دەگەڕێتەوە، کە ئاماژەبۆکراوە لەشوێنی**pro** یان بە ئەنافۆڕی سفر بڕوانە(5–4/1) دەبینرێ, بەڵام لەڕووی واتاو ئاماژەبۆکراوەکەیەوە لە ڕستەکەدا کرتێنراوە یان لابراوە دەزانین (م) ئەنافۆڕی چییە و بۆ کێ دەگەڕێتەوە, هاوئاماژەیە لەگەڵ چی؟ ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوە ئەوە دەخەنە ڕوو ، کە (پڕنسیپی B) بەشێوەیەکی گشتگیری بۆ زمانی کوردی وجێناوەکان نابن, چونکە دەگونجێ جێناوەکان لەناو دەربڕاوەکانیاندا و بەستراوەبن بەکەرەستەی حوکمکراویانەوە دەبن بە ئەنافۆڕ, جێناوەلکاوەکان لە بری کەسێك یان شتێك بەکاردێن و ڕێگە لە دووبارە بوونەوەی ناوەکە دەگرن، بۆیە زیاتر پێویستیان بە ئاماژەبۆکراوێك دەبێت بۆ ئەوەی واتاکانیان ڕوون بن و دووبارە بونەوەش کەم دەبێتەوە، بۆیە بە ئەنافۆڕیش دادەنرێن بۆ ئەوەی ڕێ لە دووبارە بوونەوە بگرن.

## پڕنسیپی C :

دەربڕەئاماژەییەکان (R-Expression) سەربەستن لە هەرشوێنێکدا بن[1]. بنەمای (C) ناوی تایبەتی دەگرێتەوە[2].ئەم دەربڕە ئاماژەییانە سەربەستن و بۆگەڕاوەکانیان لەدەرەوەی دەربڕاوەکە جێگیرن.

11) دروود یاریەکانـــی شکاند.

j i

لێرەدا فرێزی ناوی (دروود) یان (یاریەکان) هەریەکەیان سەربەستن لە ڕستەکە ئاماژە بۆ شتێك دەکەن، کە هیچ ئاماژەبۆکراوێکی لەسنووری ڕستەکەدا نییە وبە هیچ یەکەیەك (فرێزیك)ی ناو دەربڕاوەکە نەبەستراونەتەوە.

[1] Horroks (1988:110)

[2] سەباح ڕەشید(2009: 142)

12) ئێمە درووود مان خۆش دەوێت.

i j i

لەڕستەی (12)داجێناوی (ئێمە) بکەری ڕستەکەیە و سەربەستە لە ناو ڕستەکەدا بۆ هیچ کەرەستەیەك ناگەڕێتەوە و بەستراوەنییە بە هیچ کەرەستەیەکی تری ناو هەمان ڕستە. فرێزی ناوی (درووود) دیسانەوە سەربەستەو بەستراوە نییە بە هیچ یەکەیەکی تری ناو ڕستەکە، بە هاونیشانە کردنی هەردووکیان (ئێمە ودرووود) ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی نا ڕێزمانی، چونکە هیچ نیشانەیەکی هاونیشانەییان لە ڕووی کەس و ژمارەو ئاماژەبۆکراوەکانیانەوە پێوە نییە و هیچیان دەسەڵاتیان بەسەر ئەویاندا زاڵ نییە ، هەر یەکەیان بۆ خۆی سەربەستە و واتاو ئەرك و ڕۆڵی خۆی هەیە. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە ، کە پڕنسیپی (C) تێر دەکات ، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەم پڕنسیپە کەمو کورتی هەیە و بەشێوەیەکی دروست لەسەر زمانی کوردی پیادەناکرێت، چونکە دەگونجێت لە هەمان دەربڕاودا فرێزێکی ناوی ئاماژەبۆکراوی فرێزێکی ناوی و هاونیشانە بێت، یان فرێزێکی ناوی وجێناوێك دەتوانن هاونیشانە بن فرێزەناوییەکە یان جێناوەکە لەناو کەرەستە حوکمکارەکەیدا بەستراوە دەبێت. بۆ نموونە لەنموونەی( 12، 15 ، 19 ی بەشی یەکەمدا زیاتر ڕوونکردنەوەی بۆ کراوە).

13)نەسرین لەخوێندنگەکەمان چوو، ئەوخوێندکارە زۆر باش بوو بۆ پێشبڕکێکە.

i i

لە ڕستەی (13) دا (نەسرین) فرێزێکی ناوییە و ناوێکی تایبەتییە،(ئەو خوێندکارە) فرێزێکی ناوییە ئاماژە بۆ (نەسرین) دەکات و دەبێتە ئانافۆڕ بۆی و سەربەست نییە لەناو کەتیگۆرییە حوکمکارەکەیدا ، ئەمەش پرنسیپی (C) تێرناکات لە دەربڕاوەکەدا، دەگونجێت پڕنسیپی (C) بۆ ڕستەی سادە دەست بدات و پڕاوپڕ دەگونجێت لەگەڵ زمانی کوردیدا، بەڵام بۆ ڕستەی نسادە و دەربڕاوەکانی تری وەك گفتۆگۆ، دەق، ڕۆمان، چیرۆك و...هتد ناگونجێت، چونکە دەگونجێت فرێزێکی ناوی ئاماژە بۆ فرێزێکی ناوی تر بکات و ئەنافۆڕێکی ماوەدرێژ بێت لە نێوان ئەنافۆڕ و ئاماژەبۆکراوەکەیدا، ئەمەش بەپێی جۆری دەربڕاوەکە دەبێت.هەروەها زۆربەی کات ئاماژەبۆکراوی فرێزی ناوی بەجێناو دەبێت (سەربەخۆ یان لکاو) دەربڕاوەکە واتا دروست و ڕێزمان دروستیشە ,چونکە جێناوەکان جێگرەوەی فرێزە ناوییەکانن, ئەنافۆڕیش دەتوانێت بۆ ئاماژەبۆکراوەکە لە بری ئەوەی ناوەکە دووبارە بکرێتەوە لە دەربڕاوەکەدا

بەجێناو ناوەکە دەربڕبڕێت و ڕێگە لەدووبارە بونەوەی بگیرێت، کە ئەمەش دیسانەوە لەپڕنسیپی (C) لادەدات و تێری ناکات. دەگونجێت ئەمە لەڕستەی سادەدا ناڕێزمانی بێت ، بەڵام لەڕستەی نسادە و دەربڕاوەکانی وەك دەق، شعر، ڕۆمان و...هتد ڕێزمانی بێت.

14-أ- دروود زیرەکە, ئەو دەبێتە یەکەم .

i i

14-ب-کاروان و شیلان زیرەکن ,ئەوان دەبن بە پڕۆفیسۆر لە داهاتوودا.

i i

لە ڕستەکانی (14-أ-ب) دەبینین، کە چۆن جێناوەکان بوون بە ئەنافۆڕ بۆ ئاماژەبۆکراوەکان (درود,شیلان وکاروان ) یان ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە جێناوەکان دەتوانن لەناو دەربڕاوی زمانەکەدا, خاوەن ئەرکی جیاوازبن , ئەگەر لێرەوە ئاماژەبۆکراوێك نەبێ ئەوان ڕوون بکاتەوە , بۆی بگەڕێتەوە ئەوا ڕستەکە لە ڕووی واتاوە لێڵی دروست دەکات هەندێ جار لە واتاکەشی ناگەین یان ناڕێزمانی دەبێت. بەلێکدانەوەی پرنسیپەکان و شیکاری ڕستەی بۆیان, گەشتینە ئەوەی ، بڵێین کە پڕنسیپەکانی لقە تیۆری بەستنەوە لە تیۆری (GB) دا بۆ زمانی کوردی کەموکورتی هەیە , بەشێوەیەکی گشتگیری بە سەر زمانی کوردیدا پیادەناکرێت, چونکە بەپێی یاساو دەستورو پرنسیپیەکانی زمانی کوردی دانەڕێژراوە.

ئەگەر بەشێوەیەکی ورد لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت هەریەکە لەجێناوەکان (سەربەخۆ و لکاو) فرێزە ناوییەکان ,لە توانایاندا هەیە ببن بە ئەنافۆڕ و پرنسیپی(A) تێر بکەن , هەروەك چۆن ئەنافۆڕی (جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش) هەندێ جار پرنسیپی(A) تێرناکەن و ئەرکی تر دەبینن، ئەمەش کەموکورتییە لە لقەتیۆری بەستنەوە و پرنسیپەکان بۆ زمانی کوردی، چونکە هەموو یەکەیەکی زمانی، کە بەکاردێت ئاماژە دەکات بۆ ئاماژەبۆکراویك جا لە ناو دەربڕاوەکەدا بێت یان لە دەرەوەی دەربڕاوەکە , گرنگ ئەوەیە یەکەکان ئاماژە دەکەن بۆ یەکەیەکی تر .

## 4/3)لێكدانەوە(شیكردنەوە)ی‌كەرەستەبەتاڵەكان لە مەودای تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا:

كەرەستەبەتاڵەكان یەكێكن لەوچەند كەرەستە ئەبستراكتەی، كە هیچ ناسینەوەیەكی فۆنەتیكی ئاشكرایان نییە، بەڵام لەڕستەدا شوێنی فرێزە ناوییە دیاری كراوەكان پڕدەكەنەوە[1]. بوونی كەرەستەبەتاڵەكان و ئەركیان لە تیۆرەكەدا و پەیوەندییان بەئەنافۆڕەوە لەتیۆرەكەدا ئەوە دەردەكەوێت ، كە چوار پێكهاتە هەن بەپێی پێوەری $[\pm$**ئەنافۆڕ**$]$ , $[\pm$ **جێناو**$]$ دابەش دەبن[2].

1–شوێنپێی فرێزی ناوی[+ ئەنافۆڕ و –جێناو ]

2- **Pro** بچووك [_ ئەنافۆڕ و+جێناو]

3– **PRO** گەورە[+ ئەنافۆڕ و +جێناو]

4–شوێنپێی وشەی پرس[_ ئەنافۆڕ و جێناو]

شوێنپێی فرێزی ناوی ئەنافۆڕە ،كەواتە دەبێت پەیڕەوی پڕنسیپی **A** لە لقەتیۆری بەستنەوە بكات، واتە دەبێت لەناو كەتیگۆرییە حوكمكارەكەیدا بەند بێت. **Pro** ی بچوك دەبێت پڕنسیپی**B** لقە تیۆری بەستنەوە تێر بكات. پێویستی بە ئاماژەبۆكراوی پێش خۆی نییە و سەربەستە لەناو كەتیگۆرە حوكمكەرەكەیدا ، **PRO** ی گەورە هەم ئەنافۆڕەو هەم جێناوە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە پڕنسیپی **A** و **B** تێر بكات ، بەڵكو بە پێچەوانەوە لەژێر دەسەڵاتدا نییە. شوێنپێی وشەی پرس بەدەربڕی ئاماژەی دادەنرێت دەبێت پەیڕەوی پرنسیپی **C** بكات و سەربەستە لە هەر شوێنێك بێت[3].

## 1–4/3) بنەمای كەرەستەبەتاڵەكان Empty Category Principle :

لەتیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، یاساكانی كەرەستەبەتاڵەكان یەكێكە لە داواكارییە سەرەكییەكانی لقەتیۆری حوكمكردن، داوای شوێنپێیەك دەكات، كە بەتوندی حوكمكرا بێت، حوكمكردنەكەش لەلایەن كەتیگۆرییەكی فەرهەنگییەوە یان كەتیگۆرییەكەوە هاونیشانەیی لەنێوانیاندا هەبێت[4]. دیاریكردن ، سنوربۆدانان ، جولاندنی كەرەستەبەتاڵەكان بەندە بە جۆری هاوئـــاماژەیی و هاونیشانەیی لەنێوان كەرەستەكاندا، دیاریكردنی گواستنەوەی ڕێگە پێدراوەكان لەڕووی واتاو و دروستی

---

[1] Trask(1993: 90)

[2] ڤیان سلێمان (2009: 135) و حاتەم ولیا (2009: 233)

[3] Chomsky(1981:71-73)

[4] Crystal(1993:122)

ڕێزمانییەوە،(ئەرکی سەرەکی ئەم بنەمایە دیاریکردنی سنوورێکە لەسەر جوڵانی ئەو کەتیگۆرییانەی، کە بەهۆی جوڵانی ئەلفاوە دەجولێن)[1].بە بڕوای ئێمە کەرەستەبەتاڵەکان، کەدەبن بە ئەنافۆڕ تەنها فرێزی ناوی ناگرێتەوە هەموو کەرەستەیەکی کرتێنراو (بەمەرجێ کار نەکاتە سەر واتا)یان ئەنافۆڕی سفرە، کە ئاماژەبۆکراو هاونیشانە لە ڕووی کەس و ژمارەوە لە پێشەوە هەبێت، دەتوانرێت بە کەرەستەی بەتاڵ دابنرێت بڕوانە(1/ 3–5) (4–3/1) کەباسی ئەنافۆڕی کاری سفر دەکات، کەرەستەبەتالەکان هاونیشانەی ئاماژەبۆکراوەکانیانن. لێرەدا شیکاری هەریەکە لەکەرەستە بەتاڵەکان و جێبەجێ کردنیان بەسەر زمانی کوردیدا لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەدا ڕونی دەکەینەوە:

## 2–4/3) کەرەستە بەتاڵەکان:

### 1–2–4/3) شوێنپێی فرێزی ناوی :

شوێنپێی فرێزی ناوی یەکێکە لە جۆرەکانی کەرەستە بەتاڵەکان لە ئاستی دەرەوەدا، کە یەکەیەك نییە بینوێنێت، بەڵام ئاماژەبۆکراوێکی لە پێشەوەی هەیە کە لەگەڵی هاونیشانەیە. هەندێك جار وەك جێناوی خۆی وجێناوی هاوبەش خۆی دەنوێنێت و پڕنسیپی A تێر دەکات و دەبێتە ئەنافۆڕ.[2]

وەك لە بەشی یەکەمدا ڕوونکرایەوە، کە فرێزە ناوییەکان توانای بوون بە ئەنافۆڕ و ئەنافۆڕی سفریان هەیە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە شوێنپێی فرێزی ناوی بە ئەنافۆڕی سفر دابنرێت بەستراوە بێت لەناو کەتیگۆرییە حوکمکارەکەیدا.

15–أ) پەری وانەکەی نوسیوەتەوەو .... نوستووە.

i i

15–ب) ئازاد لەبازاڕ بوو، کەمن تەلەفۆنم بۆ. . (ئازاد .).. کرد

i i

لە ڕستەکانی (15أوب)دا هەریەکە لە (پەری و ئازاد) فرێزی ناوین و شوێنپێیان لە بەشی دووەمی ڕستەکەدا دیارە و بوون بە کەرەستەیەکی بەتاڵی بێ ڕەمزو بێ دەرکردەی فۆنەتیکی، بەڵام واتایان لەڕێی ئاماژەبۆکراوەکانیانەوە دەردەکەوێت، کە لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵی هاونیشانەیە.

---

[1] Trask(1993:90)

[2] Cowpwr(1992:82)

هەرچەندە بابەتەکە باس لە فرێزی ناوی دەکات وەك کەرەستەی بەتاڵ، بەڵام **لە فرێزدا** تەنها فرێزی ناوی نییە وەك کەرەستەی بەتاڵ، بەڵکو کەرەستەکانی تری زمان ڕۆڵ دەگێڕن وەك فرێزی کرداری و جێناوی کەسی و ...هتد. وەك ئاماژەبۆکەرێك بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی دەتوانن ڕۆڵ ببینن و ببن بە ئەنافۆڕ، کاتێك فرێزی کرداری وەك کەرەستەی بەتاڵ ڕۆڵ دەبینن لە کەسێك زیاتر کردارێکیان ئەنجام دا بێت، واتە کەسەکان جیا بن و کردارەکان یەك بن.بەمەش دەتوانین کرداری دووەم لابەرین و شوێنپێی جێ بمێنێت و ببێتە شوێنێکی بەتاڵ، کە دەربڕینێکی ئاشکراو فۆنەتیکی نییە.لە زمانی کوردیدا، دیاردەی شوێنپێی کەرەستەی بەتاڵی زۆر پێوە دیارە و سودی زۆرە، چونکە وا لە زمانەکە دەکات بە ئاسانی دەربڕدرێت و قسەکەر بە کەمترین کات زۆرترین زانیاری بگەیەنێت و گوێگر زووتر تێگەشتنی هەبێت.

16)پەری نامەکەی نوسیی،بەڵام شیلان چیرۆکەکە .. ....

i i

لە ڕستەی (16)دا (پەری و شیلان ) دوو کەسی جیان هەر یەکە شتێکیان نوسیووە، بەڵام لە ڕستەی دووەمی ڕستە لێکدراوەکە کرداری (نووسی) نە نوسراوەتەوەو شوێنەکەی بە بەتاڵی جێماوە وەك کەرەستەیەکی بەتاڵ ڕەفتار دەکات، ڕستەکەش لە ڕووی واتاو ڕێزمانەوە تەواوە، ئەمەش بەهۆی بوونی ئاماژەبۆکراوی کەرەستە کرتێنراوەکەوە، کە لە پێشیەوەیەتی و لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵی هاو نیشانەیە.

### 3/4–2–2)– pro ی بچووك:

**pro** ی بچووك یەکێکە لە کەرەستە بەتاڵەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە لەزمانی کوردیشدا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ، ئەمەش بەهۆی بوونی یەکەی گەردانیەوە دەبێت لە زمانی کوردیدا. **pro** ی بچووك ناتوانێت هەمان تایبەتمەندییەکانی جێناو وەربگرێت، چونکە دەتوانێت تەنها ئەرکی بکەر ببینن ، بەڵام جێناوە کەسییەکان دەتوانن هەموو ئەرکەکانی ناو ببین . **pro** ی بچووك لە ڕستەی سادەدا ناتوانێت بەڕوونی ڕۆڵی ئاماژەبۆکراو ببینێت و ببێتە ئەنافۆڕ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕۆڵی کەتافۆڕ دەبینێت و ئاماژەبۆکراوەکەی لە دوای خۆیەوەیە کە بەجێناوێکی لکاو لە دەر بڕاوەکەدا دەر دەکەوێت.

17–أ) **pro** هاتن

i i

17–ب) **pro** دەرگای ژوورەکەم دادەخەیت

i i

لەبەر ئەوەی **pro** شوێنە بۆشەکەی بکەر پڕدەکاتەوە بۆیە هەمیشە لە شوێنپێی حوکمکراوەکەیدا دەبینرێتەوەو لەلایەن سەرەیەکی حوکمەریشەوە دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت.

**pro** ی بچووك لەڕستەو دەربڕاوە ناسادەکاندا لە توانایدا هەیە پڕنسیپی (**C,A**) تێر بکات ،کاتی پڕنسیپی **A** تێر دەکات، ئەنافۆڕەو ئاماژەکردنە بۆ ئاماژەبۆکراوێك. کاتێك پرنسیپی **C**تێردەکات وەك یەکەیەکی سەربەخۆ کاردەکات و سەربەستەو بەهۆی ئەنافۆرەکەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت وەك نموونەی (17–ب).

18)خوێندکارەکان وانەکەیان خوێند ، ئەنجا **pro** ڕۆشتـن .

j j i i

لە ڕستەی(**18**) **دا** ڕستەیەکی لێکدراوە لەڕستەی لێکدراوەکە **pro** ئاماژەبۆکەری (خوێندکارەکانە) لەڕووی کەس و ژمارەوە هاونیشانەن پێکەوە.لێرەدا پڕنسیپی **A** تێردەکات و بەستراوەن لەناو کەرەستە حوکمکەرەکەیدا، بەلأم لەڕستەی دووەمی ڕستەلێکدراوەکە کردارەکە پێچەوانە دەبێتەوە،ئەگەر پڕنسیپی **C** پڕکاتەوە و بۆگەڕاوەی pro لەدەرەوەی جێگیر دەبێت و تایبەتمەندیی دەربڕی ئاماژەی دەبێت . ئەمەش کاێك لە گفتوگۆی ئاسای دوو کەس و قسەکەر قسە بۆگوێگر یان گوێگران دەکات pro وەك دەربڕێکی سەربەخۆ کار دەکات و پڕنسیپی **c** تێردەکات.

## 3–**2–4/3**)PRO ی گەورە

**PRO** ی گەورە یەکێکە لە کەرەستەبەتالەکان و کەوتووەتە بەر تیشکی تیۆری دەسەلأت و بەستنەوە.بەلام لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی ڕوون نییە.

**4-2-4/3)شوێنپێی وشەی پرس:**

بە بۆ چوونی چۆمسکی لە زمانی ئینگلیزیدا گواستنەوەی وشە پرسەکان بە گواستنەوەی نائارگۆمێنتی **A** دا دەنرێت، واتە گواستنەوەی لە شوێنێکی خاوەن سێتا ڕۆڵ و دۆخ بۆ شوێنێکی بێ سێتا ڕۆڵ و دۆخ[1]. شێوەی داڕشتنی وشەی پرس لە دەربڕاوەکاندا لە شێوەی داڕشتنی ئاستی قووڵدایە ، گۆڕانکاری تێدا ناگرێت کاتێك بە قۆناغەکانی گۆاستنەوەدا تێدەپەرێت بۆ ئاستی ڕووکەش[2].بۆیە دەتوانێت پرنسیپی **C** تێر بکەن و لە هەر شوێنێکدا سەربەست بن.

19_a)Did you see who

19- b)who did you see t ?

19– پ)کێ نامەکەی وەرگرت لێتان.

## 5/3 )ئەو کەرەستانەی تری زمان کە لەبەر ڕۆشنایی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە ڕوون نەکراوەتەوەو دەبن بە ئەنافۆڕ:

هەندی کەرەستەی تری زمانی کوردیی دەبن بە ئەنافۆڕو کەتافۆڕ، بەلاّم لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەدا هیچ ڕوونکردنەوەیەکی بۆ نەکراوە، وەك (جێناوی نیشانە ،هاوەڵناوی نیشانە، فرێزی کرداری، ئەدڤێربڵ، ڕادە ، ژمارەو....هتد) کە بەر لقە تیۆری بەستنەوە دەکەون ومەرجەکانی بوون بە ئەنافۆڕیان تێدایە، واتە ئاماژەن بۆ ئاماژەبۆکراوێك لە پێشەوەی خۆیان دەکەن و هاونیشانەشن لە گەڵی لە ڕووی کەس و ژمارەوە، کە دەتوانن بە زۆری پرنسیپی **A** تێر بکەن، یان وەك دەربڕێکی ئاماژەی پرنسیپی **C** تێر بکات لە کاتی گفتوگۆی ڕاستەوخۆدا. بە ورد بوونەوە لە دوو بەشی یەکەم و دووەم تێدەگەین کە کەرەستەکانی ئەنافۆڕی زمانی کوردی کامانەن بەتایبەتی لە دەقدا. زۆر بەڕوونی دیارە . هەندێك لەو کەرەستانە:

---

[1] Chomsky(1981: 47-48)

[2] بڕوانە حاتەم ولیا(2009: 267 ) و کاروان عومەر ( 2008: 30–33 )

### 3/ 5–1)جێناوی نیشانە :

لەڕێزمانی باو دا هاتووە، کەجێناوی نیشانە (ئەوجێناوانەن جگە لەوەی شوێنی ناوی یان شتی دەگرنەوە ئاماژە بە ناوەکە یان شتەکە دەکەن[1])

20–أ) شیلان دەناسیت ئەوەی یارمەتی منی دا.

i i

20–ب)منداڵەکان هاتن ، ئەوانە زیرەکەکان بوون.

i i

ئەگەر سەیری ڕستەی (20–أ ,ب) بکەین دەبینین، کە هەریەکە لە جێناوی نیشانەی (ئەوە و ئەوانە)بەستراون بە کەرەستەیەی پێش خۆیانەوە لەناو دەربڕاوەکەدا و پەیڕەوی پرنسیپی **A** دەکات. جێناوی نیشانە سەربەست نین خۆیان، چونکە جێناوی نیشانە جێگای فرێزێکی ناوی دەگرێتەوە و ئاماژەیە بۆ ناوێك یان شتێك لەپێشەوە یان لە دواوەی خۆی بە پێی شوێنی لە دەربڕاوەکەدا دەتوانێت ببێتە ئەنافۆڕ یان کەتافۆڕ بەپێی جۆری ئاماژەبۆکراوەکەی.جێناوی نیشانە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ دیاریکردن و دەست نیشان کردنی ئاماژەبۆکراوەکەی، هەندێکجار ئاماژەبۆکراوەکەی دەرنەکەوتووە یان کرتێنراوە، بەڵام جێناوی نیشانە بەو نیشانکردنەی خۆی لە ڕووی کەس و ژمارەوە دیاریدەکات و دەربڕاوێکی واتا دروست و ڕێزمان دروست دیاریدەکات(دەردەچێت) .لەوانەیە بە بینین یان بە بیستنی دەربڕاوەکە وا دەربکەوێت کەجێناوە نیشانەکە پرنسیپی **C** تێربکات، بەڵام بە پێچەوانەوە ئاماژەبۆکراوەکەی دەرنەبڕاوە، بەڵام لەڕووی واتاییەوە دەتوانین ئاماژەبۆکراوەکە دیارییبکەین.

21–أ) ئەوە ی دوێنی بینیتان خۆشکمە.

i i

21–ب) ئەوانە پار لێرەبوون.

i i

---

[1] بڕوانە ئەمیر مستۆ(2009: 109)

لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا کاتێك باس لەجێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش دەکرێت پرنسیپی A دیاریکراوە، کاتێك باس لەجێناوی کەسی دەکرێت پڕنسیپی B دیاریکراوە، تیۆرەکە باسی جێناوی نیشانەی نەکردووە کە دەتوانێت ڕۆڵی فرێزێکی ناوی ببینێت یان وەك جێناوێك جێی ناوەکە بگرێتەوەو هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت. جیاوازی نێوان جێناو و جێناوی نیشانە ئەوەیە، کەجێناوی نیشانە، ئشارەت یان ئاماژەی لەگەڵدایە بۆ دوور یان نزیك و هەمیشە بۆ گەڕاوەکانیان هەیە لە دەربڕاوەکاندا بۆئەوەی ئاماژەی پیٚ بکەن ، بەڵام تیۆری دەسەلات و بەستنەوە ئەمەی دەست نیشان نەکردووە.

## 3/ 5-2) هاوەڵناوی نیشانە:

هاوەڵناوی نیشانە یەکەیەکی تری زمانە وەك یەکێك لە وشە نیشانەکان ڕۆڵ دەبینێت لە دروست بوونی ئەنافۆڕ بە هەمان شێوەی جێناوی نیشانە، بەڵام هاوەڵناوی نیشانە دوو بەشە بڕوانە(5-1/2) و نموونەی (32و33) بەشی دووەم. مەبەست لە دووبەشی ئاوەڵناوەکە ئەوەیە، کە فرێزەناوییەکە هاوەڵناوەکە دەسمێت و دەچێتە ناویەوەو بەمەش کەرەستەیەکی ئەنافۆڕی دروست دەکات.

22أ) نەسرین دوێنی نەهات، ئەو کچە زۆر ماندووە.

i i

لێرەدا ئاماژەکردنە بۆ پێشەوەی خۆی، هەروەها لەڕووی کەس و ژمارەوە، لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکەیدا هاونیشانەیە، ئەمەش پڕنسیپی A تێر دەکات، بەڵام لە تیۆرەکەدا باس نەکراوە، کەواتە ئەم تیۆرە بۆ زمانی کوردی کەموو کورتی هەیە زاڵنابێت بەسەر یەکە زمانییەکانی زمانی کوردیدا ،چونکە لەسەر یاساو پڕنسیپەکانی زمانی کوردی دانەڕێژراوە.

23-أ) ئەوکچەی زوو هات پەری بوو.

i i

23-ب) ئەو خوێندکارانە ی ڕژانە سەر شەقامەکان خوێندکاری زانکۆ بوون.

i i

ئەگەر سەیری **ڕستە**کانی (22-إ وب)بکەین دەبینین هاوەڵناوی نیشانەی (ئەوکچەو ئەو خوێندکارانە) دوو یەکەی کەتافۆرین، چونکە ئاماژەبۆکراوەکەی بۆ دواوەیە.

## 3/ 5-1)جێناوی نادیار:

لەناو گرووپی جێناوەکاندا ،جێناوە نادیارەکان بۆدەست نیشانکردنی سەرەتایەك یان چشتێك ، کە لە ڕووی توخم( / پیاو وکەس/) و ژمارە وەك( / هەرکەسێك و هیچکەسێك/) نادیارە[1]. بۆگەڕاوەی ئەم جێناوانە بەبێ گەڕانەوە بۆ پێکهاتەو دەوروبەرەکەی ناکرێت، چونکە هەروەك لەناوەکەیدا وا دیارە ، بۆگەڕاوەکەیان ناسراو نییە. بەواتایەکی تر بۆگەڕاوەیەك بۆ ئەمانە نییە لەڕستە یان قسەکردن ، کەئەم جێناوانەی تیدا دەربکەون ، بەلأم ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە گوێگر لە کاتی قسەکردنیدا لە دەربڕاوەکە تێنەگات . بە پێچەوانەوە دەوروبەرەکە هۆکاری تری سەرەکییە بۆ تێگەشتن لەجێناوە نادیارەکان.

24) هەندێك لە خوێندکارەکان دەرنەچوون.

لە ڕستەی (23)دا جێناوی نادیاری ( هەندێك) دەبەسترێتەوە بە دەرەوەی دەربڕاوەکە، پەیڕەوی پڕنسیپی (**C,B**) دەکات ، ناتوانێت بۆگەڕاوەی لەناو کەتیگۆرییە حوکمکەرکەیدا هەبێت.

بە پێی شیکاری ئەنافۆڕی بۆ زمانی کوردی زۆربەی زۆری یەکە زمانییەکانی زمانی کوردی لە توانایاندا هەیە پەیڕەوی هەر سێ پڕنسیپی (**C,B,A**) تیۆری دەسەلأت و بەستنەوە بکەن، بەلأم تیۆری **GB** لەهەر سێ پڕنسیپەکەیدا باسی جێناوی خۆیی وجێناوی هاوبەش(ئەنافۆڕ) وجێناوەکەسییەکان و دەربڕەئاماژەییەکان کردووە. یەکەکانی زمانی کوردی بەتایبەتی لە توانایاندا هەیە زۆر ڕۆڵی تر ببینن. ئەم تیۆرە سەرەتایەکی باشە بۆ زمانەکە، بەلأم پڕاو پڕ بەسەر یاساو پڕنسیبەکانی زمانی کوردی دا ناگونجێت و کەمو کورتی هەیە.

25)پەری دوو کتێبی برد بۆ خوێندنەوە هەروەها نەسرینیش.........




لە ڕستەی دووەمی ڕستە لێکدراوەکەدا فرێزەکارییەکە لابراوە بووە بە ئەنافۆڕی فرێزی کرداری کەتێیدا ئاماژەبۆکراوەکەی لە پێشەوەیەو لەڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵی یەکسانە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی بەئەنافۆڕی فرێزی کرداری بەستراوە لەدەربڕاوەکەیدا. لە تیۆری **GB** دا کاتی کە باس لەجێناوە کەسییەکان دەکرێت زیاتر گرنگی بەجێناوی کەسی سەربەخۆ دەدرێت بە هیچ شێوەیەك باس لەجێناوە

[1] محەمەدی مەحویی(2011: 127)

لکاوەکان ناکات، چونکە زمانی ئینگلیزی جێناوی لکاوی نییە، بەڵام زمانی کوردی سێ دەستە جێناوی لکاوی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆجێناوە سەربەخۆکە، یان فرێزە ناوییەکە لاببەین و ببێتە کەرەستەیەکی بەتاڵ بەهۆی جێناوە لکاوەکانەوە ئاماژە بە ئاماژەبۆکراوەکە بکرێت لەواتای دەربڕاوەکە بگەین ، بەلاَم تیۆرەکە باسی ئەمە ناکات، بۆیە تیۆرەکە تارادەیەك بەسەر زمانی کوردیدا دەگونجێت، بەڵام کەموو کورتی هەر هەیە.

یەکێکی تر لە کەموو کورتییەکانی تیۆرەکە باس نەکردنی کەتافۆڕە، کەیەکەکانی زمان لە توانایاندا هەیە چۆن ڕۆڵی ئەنافۆڕ دەبینن ئاماژەیە بۆ پێشەوە ئاواش ڕۆڵی کەتافۆڕ دەبینێت و ئاماژەیە بۆ دواوە. بەتایبەتی لە دەربڕاو و دەقی ئەدەبیدا.

26□ا)خۆیان وانەکەیان نوسی نەسرین و پەری

i i

26–ب)ئەوکورەی دوێنی بینیمان نەوزاد بوو.

i i

لە کوتایدا ئەنافۆڕ لە زمانی کوردیدا بەستنەوەی دوو کەرەستە یان زیاترە لە دەربڕاوێکدا بە مەرجێك بۆگەڕاوەیەکی هەبێت لە پێشەوەی و لەڕوی کەس و ژمارەوە لەگەڵی هاونیشانە بێت .

# ئەنجامەکان

# ئەنجامەکان

1- ئەنافۆڕ یەکەیەکی زمانییە و لە دەربڕاوەکاندا بوونی سەربەخۆی خۆی نییە، واتە بە تەنها واتاو ئەرکی سەربەخۆی خۆی نییە، بەڵکو واتاکەی بە کەرەستەیەکی تری زمانەوەبەندە. زۆربەی کەرەستەکانی زمان لە توانایاندا هەیە ببن بە ئەنافۆڕ، بە مەرجێك ئاماژەبۆکراوێك لە پێشیانەوە هەبێت، لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵیدا هاونیشانە بێت .

2- پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان سینتاکس و یەکە فەرهەنگییەکاندا هەیە , یەکە فەرهەنگییەکان بەپێی ڕێسا سینتاکسییەکان ئەرك وەردەگرن و هەموو چاڵێکی یاسا سینتاکسییەکان بە یەکەی فەرهەنگی پڕدەکرێنەوە ، لێرەشەوە ئامڕازە ئەنافۆڕییەکان یەکەی فەرهەنگین و بە یاسا سینتاکسییەکان ئەرك وەردەگرن و لە دەربڕاوەکەدا ئاماژە بۆ ئاماژەبۆکراوەکەیان دەکەن.

3- ئەنافۆڕ و کەتافۆڕ لە توانایاندا نییە ببن بە بکەری ڕستە، چونکە هەمیشە پێویستیان بە ئاماژەبۆکراوێکە بۆئەوەی واتای خۆیانیان لێوە وەربگرن. ئەنافۆڕ و کەتافۆڕ زیاتر لە بواری ئەدەبدا چالاکن ، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕێگە لە دووبارە بوونەوە دەگرن ، دەربڕاوەکە ناسکتر و جوانتر دەکەن و وادەکەن بە ئاسانترین شێوە دەربڕێن و ئیکۆنۆمی لە زماندا هەبێت.

4- بەستنەوە لە زمانی کوردیدا دیاردەیەکی بەرچاوە، کەرەستەکان دەبەسترێنەوە و واتا دەبەخشن ، هەموو زمانێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە و یاسا و دەستوری هیچ زمانێك بە شێوەیەکی پڕا و پڕ بۆ زمانێکی تر ناگونجێت و بەشێوەیەکی گشتی تیۆری دەسەلاَت و بەستنەوە بۆ زمانی کوردی کەمو کورتی هەیە بەتایبەتی لە بابەتی ئەنافۆڕ و کەرەستەبەتاڵەکاندا ، تیۆرییەکە(تیۆری بەستنەوە) باسی زۆربەی کەرەستە زمانییەکانی وەك جێناوی نیشانە و هاوەڵناوی نیشانەو جێناوی نادیار و کردار و... هتد. ئەرك و شوێنیانی دیاری نەکردووە . وشە پرسەکان لە ئاستی قووڵ و ئاستی ڕووکەش هەمان داڕشتنیان هەیە و بە ڕێگاکانی گواستنەوەدا ناڕۆن ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، کە پەیڕەوی پرنسیپی C لقەتیۆری بەستنەوە دەکات ، لە تیۆرەکەدا باس نەکراوە.....

5- ئەنافۆرو کەتافۆڕ دوو کەرەستەی زمانن بە پێچەوانە کردنەوەی ئاماژەبۆکراوی ئەنافۆڕ کەتافۆڕ دروستدەبێت، واتە دەگونجێت لە ڕستەیەك یان دەربڕاوێکدا ئەنافۆڕ و کەتافۆڕیش هەبێت ، هەروەها لە ئەنافۆڕێك زیاتریش هەبێت .

6- بەشێکی شیکردنەوەی کەتافۆڕ دەچێتە نــاو دەقبەستن **Coherence** واتە لەبواری **discourse anlysic**.

# سەرچاوەکان

# الخلاصة

أنجَزَت هذهِ الدراسة على نموذج قواعد اللغة الكوردية، وَ لوصف هذا النموذج فقد تم العمل على التركيبة النحوية ل ( الإجناس  أنافور في اللغة الكوردية ) وعلاقاتِها مع عِلم الدلالة ، وقد تم اتخاذ خطوات عِلمية خلال شرح و بيان هذهِ الظهرة وَ علاقاتِها . لِتَوضيح نوعية و لنصية النموذج النحوي والدلالي و بناء على ذلِكَ ، فقد تَمَ تَطبيق نَظرية العامل و الربط الاحالي ، لِتَحليل الأنافور في اللغة الكوردية .

تتألف هذهِ الدِراسَة من مقدِمة وثلاثة فصول و خاتَمَهُ وثبت المراجع

الفصل الأول: يُحدِد الأسس العملية للأنافور في اللغة و هذا الفصل ينقسم الى عدة مباحث يتم فيها تحديد مفهوم أنافور والمرجع إليهِ و العلاقة بينِهم و تحديد خصائِصهم و أنواعِهم و تَحليل مصطلحي الانافور وكاتافورو بيان نقاط الاختلاف بينهما

الفصل الثاني: خصصت لمعرفة التركِيبة النحوية للأنافور في اللغة الكوردية في عِدة مباحث يتم فيها تحليل و دِراسة المعرفة المعجَمية و الصرفية و النحوية و الدلالة و تحديد حدود العلامات الخاصة لهذهِ الأداة .....

وقد تَمَ تخصيص الفصل الثالث: لربط الأنافور نَظرية العامل و الربط الاحالي التي تناول فيها شرح وبيان فروع من النظرية و علاقَتِها بِأنافور و تَطبيقِهم على اللغة الكوردية مع تحديد الأسَس في اللغة الكوردية وفق هذهِ النظرية وتحديد الأدوات التي يُمكِن أن تجسد دور الأنافور فيها

وفي الختام تَمَ تَقديم النتائِج المستَحصلة من هذهِ الدِراسَة

# Abstract

This study has been done on the Kurdish Language model , To describes this model has been working on the grammatical and semantic structure of (anaphora in Kurdish language ). Scientific steps have been mode through explaining this element , and interface to clarify the quality and modality of its syntactic and semantics. For this reason, theGoverment and binding theory has been used to interpretation anaphora in Kurdish language in this work.

This study consists of an introduction ,three chapters, counclusion and bibliography .

The first chapter has describes foundation of scientific basis of anaphora in language . In their sections the concept of anaphora their reference and their velation btween them have been identified. In anather section describe the properties of anaphora and their types .while analysis the terms anaphora and cataphora and representation the different points, including .

The second chaptar deals with describing the knowledge syntactic of anaphora in Kurdish language . consisted of several sections. In this chapter talk about the analyasis or study of lexical knowledge , morphological, grammatical and semantic of anaphora

The third chabter is devoted to the anaphora and government and binding theory all sections in this chapter Deals with the explaning and realization branches of theoretcals realionship with anaphora , their application on the kurdish language have been done specify the basis according to the theory and Identify tools that can work like anaphora .

Finally , the conclusions are presented in this study.